PDF4Kurd

www.tishbooks.com

# دوورگەی بیناسازان

## چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە


**نووسینی :**

**د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان**

**وەرگێڕانی :**

**ئامینە صدیق عەبدولعەزیز**



**١٤٢٩ کۆچی**

**٢٠٠٨ زایینی**

PDF4Kurd

**ناوی کتێب:** دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە

**نووسینی:** د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان

**وەرگێڕانی:** ئامینە صدیق عەبدولعەزیز

**ژمارەی سپاردن:** (١١٤٥) ساڵی (٢٠٠٧)

**شوێنی چاپ:** کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠٠٨

**تیراژ:** ١٠٠٠

**نەخشەسازی بەرگ:** فازل قەرەداغی

**نەخشەسازی ناوەوە:** ئیدریس سیوەیلی

**لە بڵاوکراوەکانی:** پرۆژەی (تیشک)، زنجیرە (٢٦)

**ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت :** www.tishkbooks.com

**ئیمەیلی پرۆژە:** tishkbooks@yahoo.com - info@tishkbooks.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك

PDF4Kurd

پەرتووکی تیشک

**پێشکەش بێت بە:**

- جێگەی هیوا، پرۆژەی تیشك.
- نەوەی نوێی گەلەکەم ئەوانەی کە ئەو هەموو پیلانە بۆ ناشیرین کردنی ئیسلامو ئەهلی ئیسلام لەخشتەی نەبردوونو چەواشەی نەکردوون.
- ڕاشدو نورو موحەممەدو نگین، کە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبوو لەوەدا دەست بدەمە وەرگێڕانی ئەم کتێبە.

PDF4Kurd

کتێبخانەی تیشک

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

### پێشەکیی وەرگێڕ

پاش سوپاس بۆ خوای گەورەو سەلاواتدان لەگیانی پێغەمبەرو یارانی، ئەمەوێت بڵێم...

ئەم پەرتوکەی لەبەردەستدایە یەکێکە لە کتێبەکانی نوسەری گەورەی سعودی ( أ.د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان) و لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦ ی زایینییە.

کتێبەکە دوو بەرگەو بەرگی یەکەمی بۆ منداڵان و گەورەکانەو بەرگی دووهەمیشی بۆ لاوان و گەورەکان نووسیووە.

من بەباشمزانی دەست بدەمەوەرگێڕانی ئەم بەرگی یەکەمەو خوشکێکی بەڕێزی تریش دەستی داوەتەوەرگێڕانی بەرگی دووەمی خوایاربێت ئەویش بەم زووانە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

ئەم کتێبە دەکرێت بەیەکێك لە کتێبە فکرییە قووڵەکان ناوببرێت، چونکە نوسەر بیروڕایەکی زۆری ئیسلامی خستووەتەڕوو لەڕاستیدا زۆرێکیان بیروڕای ووردو تازەن لەناو کۆمەڵی کوردەواری خۆماندا.

لەوانەیە خوێنەری بەڕێز بڕوای وانەبێت لەسەرەتادا، بەڵام کە لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئێمە ڕاستمان وتووەو حەقیشمان بووە بکۆشین بۆ وەرگێڕانی ئەم پەڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی.

هەموو کەس حەزدەکات نووسەر یان وەرگێڕی هەر کتێبێك کە پێشەکی ئەنوسێ ئاماژە بەگەوهەری باسەکانی هەموو کتێبەکە بدات بۆ ئەوەی زەینی خوێنەر ئامادەبێت بۆباسەکان و خێرا ڕادەی پێویستی خوێنەر بۆ ئەو باسانە دەربکەوێت... منیش هەوڵدەدەم کورتەیەك لەو بیروڕایانە لەم پێشەکییەدا بنوسم.

نووسەری ناوبراو زۆر بەمەبەستەوە ئەم بیروڕایانەی ڕاڤە کردووە:

١) نهێنیو بناغەی هەموو قەوارەیەك بریتییە لە بوونی (یەکرێزی ، یاسا، پاکی و دڵسۆزی) هەر قەوارەو میللەتێکیش یەکێك لەو کۆڵەکانەی تێدا نەما بێگومان مل ئەنێ بەرەو تیاچوون.

٢) دکتۆر لەسەر زمانی گیاندارانەوە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە پێویستە پیاوانی پەروەردە بەچڕی هەوڵبدەن لەمناڵان و گەورەکاندا وزەو بەهرەکان بخەنە گەڕو گەشەیان پێبدەن، هەر ئەوەندە بەس نییە کە بتوانێت ڕێژەی وزەو بەهرەکانی کەسێك بدۆزیتەوە بەڵکو دەبێت لەڕووی بەرنامەیەکەوە هەنگاو بەهەنگاو برەوی پێبدەن و زیاترو زیاتری بکەیت، بە بەکارهێنانی، بەهاندانی، بەپاڵفتەکردنی.

٣) دکتۆر باس لەوە دەکات کە نەهامەتی لەوەدایە دەسەڵاتداران دەورەبدرێن بەپیاوی دووڕوو ماستاوچی، ئەم جۆرە کەسانە خۆشیان و دەسەڵاتداران و کاربەدەستان گەندەڵ دەکەن و دەرگاکانی ڕیفۆرمیش لەهەمولایەکەوە دائەخەن، بۆیە بەمەبەستەوە باس لەوە دەکات دەبێت ئەو جۆرە کەسانە لە سیاسەتو حوکم و کاربەدەستان دوور بخرێنەوە بۆ ئەوەی گەلو وڵاتو دەوڵەت لە پێشکەوتنی بەردەوامدا بێت.

٤) نووسەر باسێکی وردی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگاکانی ئەکات، چۆن دادەمەزرێت، چۆن گەشە دەکات، چۆن گەندەڵ ئەبن، چۆن لەو گەندەڵیانە ڕزگاریان دەبێت.

٥) ئەم کتێبە باس لەوەش دەکات کە سیستمی سیاسی سیستمێکی کاریگەرو بیناکار دەبێت ئەگەر:

أ – بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد بۆ سەرۆك و دامودەزگاکانی تەشریعیو جێبەجێکردن بکرێتە بناغە.

ب – کار بەبنەمای ڕاوێژکردن بکرێت.

PDF4Kurd

کتێبی کوردی

جـ– ئازادی بدرێتە خەڵکو چاوترسێن نەکرێنو لەسەر مومارەسەکردنی مافەکانی خۆیان تۆمەتبار نەکرێنو ناپاکی نەدرێتە پاڵیان.

د– دەسەلات بدرێتە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بواری (پرۆژەدانان) یان بۆ واڵا بکرێت.

هـ– (ئەركو ماف)ی هەمووکەس دیاری بێت چ(حاکم) و چ(محکوم).

٦) ئەم نووسینە چەمکێکی زۆر هەستیاری باسکردووەو بەبڕوای من یەکێکە لەوباسو خواستە تازانەی کە چ ئیسلامییەکانی کوردو چ عەلمانییەکانی کورد بێ ئاگان لێیو تا ئێستا بەوشێوەیە دەستیان بۆ نەبردووە، چەمکەکەش بریتییە لە (پەیوەندی دەوڵەت بە ئاینەوە یان ئایین بەدەوڵەتەوە) .

ئایا ئەودوانە دوژمنو ناحەزن بەیەکتر یاخود دۆستی یەکترن یان ئایا ئەودووانە یەك ئەلتەرناتیڤی ئەوی ترە یان ئایا تەواوکەری یەکترن.

ئایا رۆژئاوا چۆن توانیویەتی بگاتە ئەو ئەنجامە کە دینو دەوڵەت ئاشتبکاتەوەو پێکەوە گرێیان بدات، وەك برا پێکەوە بیانژێنێ، ئەی بۆچی لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کار لەسەر ئەوە ئەکرێ کە دینو دەوڵەت بدرێن بەگژ یەکتریداو ئەم بە ئەو بڵێ: من دائەمەزرێم تۆ هەڵێ!!

ئەم پەڕتوکە شتی جوانی زۆر تێدایە، یەکێك لە جوانییەکانی ئەوەیە کە لەسەر زمانی گیانلەبەرانو بەشێوەی چیرۆك وتراوەو هۆنراوەتەوە. چونکە چیرۆك سروشتی وەهایە کە چەمکەکان نزیك دەکاتەوە لە زەینی بیسەرو خوێنەر، گیانی چاولێکەری بەهێز ئەکات لە مرۆڤدا بۆ بەهابالاکان.

باسەکان بە زیندوویێتی دەهێڵێنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کە ئەمانە لە قسەی عادەتی و وتاروو ئامۆژگاریدا نایەتەجێ و هەر ئەمەش ئەو نهێنییەیە کە قورئان زۆرێکی بریتییە لە چیرۆك، چیرۆکی میللەتانی تر، پێغەمبەرانی تر.... چیرۆکی دەروونو گەردوون....

ئومێد دەکەم بەم وەرگێڕانە ئەرکێکم بەرانبەر بەئاینەکەم و بەرانبەر بەرەی تازەی میللەتەکەم ئەنجام دابێت و تەواویی و بێ خەوشیش هەر بۆ خوای گەورەیە.

**ئامینە صدیق عەبدولعەزیز**

**هەڵەبجە**

**هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ ز ١٤٢٨ کۆچی**

PDF4Kurd

پەرتووکخانەی تیشک

## پێشەکیی

خوێنەری خۆشەویست:

لەوانەیە پەڕاوی (کلیلەو دمنە)ت خوێندبێتەوە یان شتێکت دەربارەی بیستبێ. لەو پەراوەدا فەیلەسوفی دانا (بەیدەبا) چەندەها چیرۆکی بەسەربوردەو جوانو پڕلەوانەی بەسودو پەندی پێشینانی گێڕاوەتەوە، کە منالاَن پێی دلّخۆشو شادمان دەبن چەندەها وانەی گرنگو بەسودی لیَ فێر دەبنو کار لەویژدانی منالاّنەیان دەکات. هەروەها گەورەو لاوەکانیش لێوەی فێری زۆرشت دەبنو بیریان ڕۆشنو دەرونیان ئارام دەبێت.

ئێمەش لەم چیرۆکەدا چیرۆکێکی لەبیرکراوی چنراوت پێشکەش دەکەین هەروەك چیرۆکەکانی بەیدەبای فەیلەسوف ئەویش چیرۆکی (دورگەی بینا سازان)ە.

بەیدەبای زانا دەلّێت: نەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە دێرین چەرخو زەمان دا، لە پشتی ولاّتی هیندو سیندەوە، لەئاسۆی فراوانی دوورەوە، لە ئاوی ئۆقیانوسەوە لە پشت زەردەی بەرەبەیانەوە، لە شوێنی هەلّهاتنی مانگ دورگەیەکی گەورە هەبوو ئاسمانەکەی پڕ بوو لەپەلّە هەوری بەباران.

لە نێوان شاخە بەرزو بلّندو ڕازاوەکانیدا دۆلّێکی سەوز هەبوو، دۆلّێکی دەولّەمەندی پڕ بە درەخت و ڕووەکی بەردارو سەوزەواتی دانەوێلّەی تێدا ڕواو بوو، باشترین جۆری بەرهەمی هەبوو، لەگەلّ دیمەنێکی بێوێنەی دلّفڕێن، گیانلەبەرە جوانو بیَ زیانەکان لەناویدا یاریو تەراتێنیان بوو. سالّ هاتو چوو، نەوە لەدوای نەوە لێرەدا دەژیان.

بەلاّم خوێنەری بەڕێز، ئەم ژیانە خۆشە بەردەوام نەبوو باری خۆشگوزەرانی و ئاسایش گۆڕا بۆ خراپترین باری ژیان. شیوە سەوزەکە بوو بە کاولەوسەوزایی بویە پوشو پەلاّشو میوەو دانەوێلّە گەنیو وشك بووهەلّوەری. ئاوە سازگارو کانیاوەکانیش گیانداری بیَ زیان نەما بێنە سەری، بۆیە بیَ هوودە دەرژایە ناو دەریا سوێرەکەوە.

PDF4Kurd

کتێبخانەی تیشک

١

**گیانداره درندەو زیانەخرۆکان هێرش دەکەنە سەر دۆڵەکە**

خوێنەری بەرێز، هۆکاری ئەو هەموو بەدبەختیو نەهامەتییە ئەوە بوو گیاندارە بێ زیانەکان حەزیان بە داوو تەڵەو درندەیی نەدەکردو تەنها میوەو سەوزەو دانەوێڵەیان دەخواردو گرنگیان بەچاندنو ئاگاداریکردنی ئەوانە ئەدا، بەڵام ناچارکران کۆچ بکەنو بڵاوەی لێبکەنو خۆیان لەئەشکەوتو بن بەردو شوێنە ناخۆشەکاندا حەشاربدەن لەترسی ئەوەی لەپشتی شاخو دەریاکانەوە بۆیان هاتبوو لە درندەی خاوەن چنگو چەپۆڵکو کەڵبەی تیژ، ئەوکات مانگاو مەڕو مریشکو کۆترو باڵندە جوانەکان دیارنەمانو پەرتەوازە بوونو بەدەست برسێتی و ترسو بیمەوە دەیاننالاند.

بەڵێ ئەوانەی هێرشیان هێنابوو حەزیان بەستەم و زیادەڕەوی بوو بەسەر بێ زیانەکانداو دەیانویست خوێنیان برێژن، ئەمانیش لەجیاتی ئەوەی دەست لەناو دەستی یەك بخەنو پشتی یەکتر بگرن بۆ ڕوویەڕووبوونەوەی ئەم درندانەو دوریان بخەنەوە لە دۆڵەکەیان، کەچی ترسانو ورەیان بەرداو هەریەکەیان پەرو باڵو کەولّی خۆیانیان ڕزگار دەکردو بێ لاکردنەوە ڕوویان دەکرد ڕووەو ئەشکەت و بن بەردەکان بۆ خۆحەشاردان.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا برسێتیو نەخۆشیو ترس دروێنەی گیانی زۆرێك لە گیاندارە بێ زیانەکانی کرد و زۆرێك لەوردیلەکانی لەناو برد. بەمشێوەیە ژمارەیان کەمی دەکرد و لەشیان لاواز دەبوو، هەموو ژیانیان شیوەن زاری بوو. ئاواتیان دەخواست بۆ ڕۆژە خۆشەکانی ژیانیان کە لە شیوە سەوزەکەدا بەسەریان بردبوو، یادی خواردنو میوەو دانەوێڵە خۆشەکانیان دەکردەوە کە لەوشوێنەدا نۆشییویان، یادی سێوو ترێو دۆشاوی خورماو دۆشاوی هەنارو هەموو جۆرێك لە شەربەتی میوەو قامیشی شەکریان دەکردەوە.

گیانلەبەرەکان ئەم هەمووە یادگارییە خۆشانەیان بووبەئاخو دلخەو باسیان دەکردن، ئاخیان بۆ ڕۆژانی ڕابردوو هەڵدەکێشا، ئەو ڕۆژانەی پێش هێرشەکەی دوژمنانی پشت دەریاو شاخەکان، هێرشی ئەوانەی خاوەن کەڵبەو چنگو چەپەلۆکن.

شێر بەنەڕەو هێزی خۆی، پڵنگ بەهەڵمەتو گورگ بە خیانەتی خۆی، ڕێویش بە فێڵ و تەڵەکە، تەنانەت مشك کە هیچ خێرێکی لێنابێتەوە، ئەویش هاتووە بۆ ئەوەی دزی بکاتو خۆراکەکان قێزەون بکات.

بەم شێوەیە بەهۆی لاوازیو کەمی فێڵو لێزانی، گیانلەبەرە بەستەزمانەکان پەرتەوازە بوونو هەریەکەیان لەبن بەردو ئەشکەوتێکدا بوونو بەداماویو بەدبەختیو ترسەوە لەژیانێکی کولەمەرگیدا دەژیان.

PDF4Kurd

٢

**كوندەپەپووەكە كەڵەشێرەكەی ڕزگار كرد**

لەشەوێكی ئەو ڕۆژە ناخۆشانەدا ڕووداوێكی خۆش ڕوویدا كە مژدەو سەرەتابوو بۆ گۆڕینی ئەو ژینە تاڵە.

خوێنەری بەڕێز:

چەندەها شت هەیە لەسەرەتاوە بچووكە، بەڵام دەبێتە سەرەتا بۆ شتی گەورەو گرنگ، لەوشەوەدا ڕێوی كە لەهەموو دڕندەكان فێڵۆ داوی زیاترە بۆ ڕاوكردن دەرچوو بوو، دەیوویست وەك كاری هەمیشەیی خۆی بەدوای نێچیرێكدا بگەڕێتو ڕاوی بكات، لەگەڕانەكەیدا نزیك حەشارگەی كەڵەشێرە پۆپنە سوورەكە كەوتەوە كە لەبن بەردەكاندا خەوتبوو، ئەگەر یەكسەر چاوی بەكەڵەشێرەكە بكەوتایە بێگومان پڕی پێدا دەكردو دەیكوشتو دەیخوارد، بەڵام كوندەپەپووی پاسەوانی شەوان ڕێوییەكەی بینی دزەی دەكردو لەحەشارگەی كەڵەشێرەكە نزیك دەكەوتەوە هەتا توانای تێدا بوو قیژاندی.

كەڵەشێرەكە بەئاگاهاتو هەستی بەمەترسییەكە كردو ڕێوییەكەی بینی، بەپەلە فڕییە سەر لقی دارێكی نزیكو بە پەڕو باڵەوە ڕزگاری بوو، بەیانی زوو پێش هەڵهاتنی خۆر كەڵەشێرەكەو مریشكەكان چوونە لای ئەو درەختەی كوندەپەپووەكەی لەسەر نیشتبوو، پێش ئەوەی بخەوێت، چونكە پەپوو بەشەو ناخەوێتو پاسەوانی دەكاتو بەڕۆژ دەخەوێت.

هۆكاری خوێندنی شەوانەی كوندەپەپوو ئاگاداركردنەو پارێزگاریكردنی گیانلەبەرەكانەو ئەوانیش كە گوێیان لە دەنگی دەبێت بەئاگا دێنو خۆیان ڕزگار دەكەن، بەڵام ئەگەر دەنگەكە نەیگاتێ یان گوێی پێ نەدات ئەوا گیاندارەكە بەكۆڕ دەچێتو دەخورێت.

لەبەر ئەمە بوو كەڵەشێرو مریشكەكان هاتن سوپاسو پێزانینی خۆیان بۆ دەربڕن چونكە قیژەی ئەو بوو كەڵەشێری ڕزگاركرد لە چنگی ڕێوی فێڵباز.

بەكوندەپەپووەكەیان وت:

تكایان ولیە هەموو شەوێك پاسەوانیان بكاتو لە خراپەی دڕندەكان ڕزگاریان بكات، ئەمانو هەموو گیانلەبەرە بێ زیانەكان پێویستییان بە پاسەوانی و دەنگی شەوانی ئەو هەیە.

كەڵەشێرەكە لای كردەوە بەلای مریشكەكەداو كوندەپەپووش گوێی بۆ دەگرتن، وتی: ئازیزەكەم، ئێستا تێگەیشتی بۆچی دڕندەكان هەوڵیان دەدا ناوبانگی كوندەپەپوو لەكەدار بكەن لەناو باڵندەكانداو دەنگی كوندەپەپوویان بە ترسیو نیشانەی وێرانەیی دەدایە قەڵەم، بۆچی سوربوون لەسەر ئەوەی كەسمان لە كوندەپەپوو نزیك نەكەوینەوەو گوێی بۆ نەگرین؟! ئەوەتا دەبینی ئازیزەكەم هۆكەی ئەوەبوو لەشەونخونیو پاسەوانی كوندەپەپوو بێ بەشمان بكەن.

ئازیزەكەم، دەنگی كوندەپەپوو بەپێچەوانەی ئەوەیە كە ئەوان دەیڵێن، دەنگی نالەبارو مانای نالەباری نییە، بەڵكو دەنگی ئاگاداریو بەئاگاهاتنەوەیە لەئازارو پیلانی ئەوانەی ڕاومان دەكەن.

پاشان كەڵەشێرەكە لای كردەوە بەلای كوندەپەپووەكەداو پێی وت: خوشكی ئازیزم: ئێمە لەمڕۆ بەدواوە گوێ ناگرین بۆ درۆو دەلەسەی ئەو دوژمنانە هەرچەندە خۆیان بەدڵسۆزی ئێمەش نیشان بدەن.

PDF4Kurd

پێشبڕکێ

هەرچەندە سۆزو چاکە دەربڕن، چونکە تەنها بەرژەوەندی خۆیانیان لا مەبەستەو ناکۆکیو دووبەرەی لەناو ئێمەدا دروست دەکەن، ئێمە نابێت دڵئارام و گێل بین بەرانبەر دوژمنان، هەرچەندە خۆیانمان لێبگۆڕنو بەبەرگی سۆزو خۆشەویستییەوە خۆیان نیشانبدەن.

لێرەدا مریشکەکە وتی:

بەڵێ خوشکی خۆشەویست ئێمە لەمڕۆ بەدوا بێ ئاگاو گێل نابین زانیمان کێ دۆستەو کێ دوژمنە، زانیمان گوێ لەکێ بگرینو باوەڕ بەکێ بکەین، ئێمە هەموو گیانلەبەرە بێ زیانەکانمان لەگەڵدایەو هەموویان دۆستو هاوەڵی تۆن، گوێ لە تۆ دەگرن شادمان دەبین بە دەنگت، رێز لە پاسەوانیو شەونخونی و ماندووبونت دەگرین.

کوندەپەپوو زۆر بەخۆشحاڵییەوە وەڵامی دانەوەو پێی ڕاگەیاندن کە بەردەوام دەبێت لەکارەکەیدا هەرچەندە شەونخونی بکێشێ و ماندووش ببێت.

لەم قسەو باسەدا بوون کوندەپەپوو باسی ئەو گەنمە خۆشو بەتامەی کرد کەجاران دەیخوارد، لەزەتی لێدەبینی گیاندارەکانی دۆڵەکەش خۆراکی خۆشیان لێ ئامادە دەکردو کەسیان ستەمیان لەوی تر نەدەکردو یەکتریان بێزار نەدەکرد، بەیادی جاران سۆزی جوڵاو ئاواتی دەخواست ئەو ڕۆژەخۆشانە بگەڕاێیەتەوەو دیسان ئاشتیو پێکەوەژیانو خۆشەویستی باڵی بەسەر دورگەکەدا بکێشایە.

PDF4Kurd

کتێبی ئەلیکترۆنی

٣

## تەنها بیرۆکەیەك ژیانی دۆڵەکە دەگۆڕێت

کوندەپەپووەکە قسەی دەکردو سوپاسی هەستو سۆزی کەڵەشێرو مریشکەکەی دەکردو دووباتی کردەوە بۆ پاراستنی گیانی گیانلەبەرەکان شەونخونی دەکێشێت، لەوکاتەدا بیرۆکەیەکی بۆهاتو وایدەزانی ئەو بیرۆکەیە ڕۆژانی جاران دەگێڕێتەوەو ترسو لاوازی لە کۆڵ گیانلەبەرەکان دادەگریێ بۆیە بە کەڵەشێرو مریشکەکەی گوت:

هاوڕێیانم گوێ بگرن، من بیرۆکەیەکی چاکم بۆهات، لەوانەیە ژیانمان بگۆڕێتو ژیانی جارانمان بۆ بگەڕێنێتەوە، تەنها دەنگو قیرەی من بەس نییە بۆ پاراستنی هەموو گیانلەبەران، چونکە من ئەگەر تەنها دانەیەك بەخەبەر بهێنم توانای ئاگادارکردنی هەموویانم نییە، تەنانەت ئەوانەشی لەژێر مەترسیدان هەندێجار دەنگی من نایانگاتیێ یان ئەوەندە دەرفەتی ڕاکردنیان نابێت تا خۆیان ڕزگار بکەن.

بۆیە من پێشنیار دەکەم هەموو گیانلەبەران کۆببنەوەو ڕاگۆڕینەوە بکەینو باسی گرفتەکانمان بکەین تا لەڕای یەکتر سوود وەرگرینو پێکەوە هۆکاری پێویست بدۆزینەوە بۆ ڕزگار بوون لە خراپەی گیانلەرە دڕندەکان.

من دڵنیام بەدەرئەنجامێکی چاك دەگەینو ئەوکات دەتوانین خۆمان بپارێزینو سەرلەنوێ دورگەو دۆڵەکەمان بینابکەینەوەو کشتو کاڵێکی زۆر بکەین کەبەشی خۆراك و پێویستی ژیانمان بکاتو بەئاسودەیی و ئاشتی بژینو وەك جارانو بەڵکو باشتریشو دڕندەکانیش دەربکەین بەشێوەیەك خوایاربێت گەڕانەوەیان نەبێت و دوابڕاو بن.

کەڵەشێرو مریشکەکە بیروڕای کوندەپەپووەکەیان بەبیروڕایەکی مژدە هاوەر دایە قەڵەمو بڕیاریاندا هەر لەڕۆژی داهاتوودا کۆببنەوەو هەموو گیانلەبەرەکان بانگ بکەن بۆ ئەو کۆبوونەوەیەو شوێنی کۆبوونەوەکەشیان دیاریکرد، کە مەیدانە سەوزەکە بێت نزیك دەروازەی ئەشکەوتە سامناکەکە کەلانەی کوندەپەپووەکە بوو، ئەو مەیدانە بەدرەختی بەرزو لقو پۆپ دار دەورە درابوو، دەکەوتە ناوەڕاستی ناوچەی تاشەبەردەکان کە هەندێجار لەناکاو دادەڕمانو ئازاری ئەوکەسو گیاندارانەی دەدەن بەوێدا تێپەڕدەبن. بەتایبەت ئەگەر بەوردی ئاگاداری شوێنی داڕمانو خاڵەکانی تێپەڕبوون نەبێت.

بەم شێوەیە کۆبوونەوەکەیان بەدور دەبێت لەمەترسی گیانلەبەرە دڕندەکان، چونکە هەموویان لەوناوچەیە دەترسنو زۆرێك لەئەفسانەی ترسناك و باسی دێوزمەو گیانلەبەرە دڕندەکانو شتی سەیرسەیر بیستبوو وایاندەزانی داڕمانی بەردەکان کاری ئەوانەو هەر ئەوانن بەرد دەگرنە هەرکەسێك بچێتە ئەویێ.

بڕیاریاندا کاتی کۆبوونەوەکە هەمان کاتی هاتنی کەڵەشێرو مریشکەکە بێت، چونکە ئەوکاتە گونجاوە بۆکوندەپەپووەکە پێش ئەوەی خەوی ڕۆژانەی دەستپێبکات لەئەشکەوتە تاریکەکەدا، هەروەها ئەوکاتە کاتی هەستانی هەموو گیانلەبەرە ئاشتی خوازەکانو کاتی بڵاوبوونەوەیانە بەدوای بژێوی و خۆراکدا.

لەلایەکی تریش ئەوکاتە گونجاوە چونکە گیاندارە دڕندەکان تازە لەگەڕانی شەویان بەدوای نێچیردا گەڕاونەتەوەو ماندوونو چوونەتە ناو خەوێکی قوڵەوە.

مەبەستی ئەم کۆبوونەوەیە ڕاگۆڕینەوەو پیلان دانانە بەهاوکاری یەکتر بۆ سەرلەنوێ بیناکردنەوەی دورگەو دۆڵەکەیان.

بۆئەوەی هەموو گیانلەبەرەکان بەکاتی کۆبوونەوەکەش بزانن بڕیاریاندا مریشك و کەڵەشێرەکە بەبانگ دانو گارەگار گیاندارە نزیکەکان ئاگادار بکەنەوەو کۆترو چۆلەکەو توتی دورەکان ئاگاداربکەنەوە.

PDF4Kurd

بەڵێ هەریەکەیان بەئەرکی سەرشانی خۆی هەستاو لەکاتو شوێنی خۆیدا هەموویان ئامادەبوون لە بەرەبەیانداو پێش هەڵهاتنی خۆر کوندەپەپوو سەرۆکایەتی کۆڕەکەی دەکرد چونکە ئەو خاوەنی بیرۆکەکە بوو و هەر ئەویش بانگهێشتی کردبوون بۆ کۆبوونەوەکە.

جگە لەوانەش لای گیانلەبەرە بێ زیانەکانیش بە بڕیارو خاوەن پەند بەناوبانگە، کوندەپەپووەکە شوێنی خۆی گرت لەسەر لقێکی گەورە دەیڕوانی بەسەر هەموو مەیدانە سەوزەکەدا.

کەڵەشێرو مریشك وکۆتریش لەسەر لقێکی تری نزیك بەو نیشتنەوەو چۆلەکەش لە نێوان گەلاکاندا ستاری گرت، فیلو ئەسپ و گاش لە کۆتایی گیاندارەکانی ترەوە وەستابوون بۆئەوەی گیانلەبەرە ناسکو لاوازەکانی تر بپارێزن لەئەگەری هەر هێرشێك ئەگەر کرایە سەریان.

کوندەپەپوو چاویلکە دووربینییەکانی کردە چاوی‌و سەری نا بەلای باڵی ڕاستیدا وەك لەبیرکردنەوەیەکی زۆر قوڵدا بێت، پاشان وتی:

براکانم خوشکەکانم، ئێوە دەزانن ڕۆژانی ڕابردوومان چەند خۆش بوو چەند ئارام و ئاسودە بوین‌و لە خێرو خۆشی نیشتمانەکەمان بەهرەمەند بووین‌و بەشە خۆرمان نەبوو، بەڵام پاش هاتنی ئەم دڕندەو بێ ویژدانانە چیمان بەسەرهات‌و چۆن یەك لەدوای یەك نێچیرمان دەگرن، هیچ یەکێك لە ئێمە ناتوانێت بەتەنها خۆی بپارێزێت، هۆکەشی ئەوەیە ئێمەوەك ئەوان چنگو چەپۆڵ‌و کەڵبەمان نییە.

بەداخەوە هەریەکێك لە ئێمە تەنها خەیاڵی لای خۆیی بوو بۆ ڕاکردن‌و خۆحەشاردان بۆیە لاوازی‌و ترس‌و برسێتی بەوشێوەی بەسەر هێناین‌و دورگەکەشمان لەدەست چوو.

هاوڕێیان: هەموو شەوێك لەکاتی شەونخونی و چاودێری و خوێندنمدا بیر لەوە دەکەمەوە کە تەنها هەوڵ‌و کۆششی من‌و کوندەپەپووەکانی تر بەس نییەو ئەگەر بمانەوێت ژیانمان بگۆڕین‌و مافەکانمان بەدەستبهێنین‌و ئازادی‌و ئاسودەیی دەستەبەر بکەینەوە دەبێت هاوکارییەك بکەین، چونکە کۆششی تاکەکەس بێ کەڵکە.

ناتوانین کارو بەرهەمی گرنگمان هەبێت بەکۆمەڵ‌و بەکۆمەکی یەکتر نەبێت و تەنها بەوڕێگەیەش دەتوانین خۆمان بپارێزین‌و خراپەی خراپەکاران لە خۆمان بەدوور بخەین‌و بینای دۆڵەکەمان سەر لەنوێ بکەینەوەو باشتریش لە جاران.

لێرەدا بزن وتی:

بەڵام چۆن چۆنی پیلان‌و هاوکاری ئێمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنمان، خۆ ئێوە دەزانن ئەوان بەهێزن‌و کەڵبەی تیژو چنگیان هەیەو وەك ئێمە نین.

کوندەپەپووەکە لەوەڵامدا وتی:

خوشکێ بەڕاستی ئەوە بابەتێکی گرنگە بەڵام ئێمە خوایاربێت سبەینێ باسی ئەوەش دەکەین، چونکە من دەبێت ئێوە بەجێ بهێڵم بۆ ئەوەی بنوم بەڕاستی بەدرێژایی شەوپاسەوان بووم‌و خوێندوومە. ئەوا خەریکە خۆریش هەڵدێت (بەویستی خوا) بەیانی لەهەمان کات و شوێندا بەیەك دەگەینەوەو ئەوکات هەمووشمان بیرمان کردۆتەوە چۆن هاوکاری بکەین‌و چۆن پیلان دابڕێژین‌و کاروبارمان ڕێك بخەین بەشێوەیەك هێزمان بۆ بگەڕێتەوە بەئەندازەیەك بینای دۆڵەکەمانی پێ بکەینەوە.

PDF4Kurd



**چۆن چاکەکاران بەسەر خراپەکاراندا سەردەکەون؟**

ڕۆژی داهاتوو کاتی بەرەبەیان، کەڵەشێر دەستی کردە بانگدانو قووقاندن تا گیاندارەکان بەخەبەر هاتنو کۆبوونەوە، کاتێك هەموویان هاتنو ئامادەبوون بڕیاریاندا ئەمجارە پشیلە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات چونکە زیرەکە هەروەك کوندەپەپوو، لەگەڵ ئەوەشدا دیبلۆماتو بەڕێوەبەرێکی باشیشە.

کاروبارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە گرنگو پڕ مەترسییە، پێویستی بەهەماهەنگی هەموان هەیەو پێویستە هەریەکەیان بەئازادانەو ئازایانە ڕای خۆیان بڵێن تا دەگەنە پیلانێکی تۆکمە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر دورگەکەیاندا دوای ئەوەی پشیلەکە شوێنی خۆی گرت لەسەر کۆلکە دارێکی گەورە لە ناوەندی مەیدانەکەدا.

ئەسپ داوای مۆڵەتی کرد بۆ قسەکردنو وتی:

خوشکانو برایان، ئێمە سەرەتا دەبێت ئاسایش بۆ خۆمانو وەچەکانمان دەستەبەر بکەینو لەهەڕەشەی دوژمنانی بێ ویژدانو بێ بەزەیی بیانپارێزین.

هەموو پێشنیارەکەی ئەسپەکەیان پێ باش بوو، لایان وابوو یەکەمجار گرفتی ئاسایش نەهێڵن، چونکە بەبێ ئاسایش نەبیناسازیو نە ئاوەدانی و نەڕێکخستن سەرناگرێت.

ئەسپەکە وتی:

هاوڕێکانم دەمەوێت پێتان بڵێم ئەم گرفتە سەختو بێ چارە نییە، چونکە کلیلی چارەسەرەکەمان بەدەستە ئەگەر دڵسۆز بین لە پیلانو جێبەجێکردندا، کلیلەکەش زۆر بەئاسانی ئەوەیە بزانین سروشتی هێزی ئێمە چۆنەو چۆن بەکاری بهێنین؟ چۆن تواناکانمان یەك بخەین؟ بەشێوەیەك بەیەك هێزو ورەی بەرزو ڕاستەوەو بەپیلانێکی سەرکەوتووانە جێبەجێی بکەین، لەبەرودوای قسەکانیدا وتی:

ئێمە دەزانین ئەوانە کەڵبەو چنگ بەکاردەهێنن بۆ کوشتنی ئێمەو هەربەوانەش خێروبێری دورگەکەمان دەبەن، بەڵام تەنها بوونی کەڵبەو چنگو چەپۆك تاکە چەك نین بۆ پارێزگاریو بەرەنگار بوونەوەی ئەوان.

بەڵێ، خوشکەکانم براکانم، ئەمە کارێکی گونجاوە ئەگەر ڕیزەکامان یەکبخەینەوە بەشێوەی پیلانێکی داڕێژراو کاربکەین بۆ پاراستنی خۆمانو دورخستنەوەی دوژمنەکانمان.

هاوڕێکانم ئەو باسە گرنگو پڕمەترسییە لێرەدا کۆتایی پێدەهێنین، چونکە کاتی ئەوە هاتووە کوندەپەپووی خۆشەویست بچێتەوە لانەکەی خۆی بۆخەوتنو ئارام گرتن پاش چاودێری وشەونخونی، سبەینێ لەهەمان کاتو شوێندا خوا یاربێت کۆدەبینەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر وردەکارییەکانی باسەکەمان.

PDF4Kurd



## چۆن گیانلەبەرە چاکسازەکان هێزەکانی بەرگری خۆیان ڕێکخست؟

لەکاتی دیاریکراودا و پێش هەڵهاتنی خۆر هەموو گیانلەبەرەکان کۆبوونەوە بۆ باسی چۆنێتی ڕێکخستنی هێزو تواناکانیان تابتوانن ڕووبەڕووی دڕندەکان ببنەوەو لە دورگەکەیان دەریان بکەنو دیسان ئاسایشو ئارامی بگەڕێتەوە بۆ دۆڵەکەیان...

ئەسپەکە پشتی کردە بنەدارێکی گەورەو ڕوویکردە گیاندارەکانو پێی ووتن: خوشکان برایان ئەمڕۆ بۆ ڕێکخستنو یەکخستنی هێزو تواناکانمان کۆبووینەتەوە، لەبەرئەوە هەرکەسێك بیروڕایەکی باشی هەیە کە لەوانەیە یارمەتیمان بدات بۆئەو مەبەستە بادرێغی نەکاتو پێمان بڵێت.

لێرەدا (فیل)ەکەوتی: بەڕاستی قسەکانی ئەسپی برام زۆر ڕاستەو من لە خۆمەوە دەست پێدەکەمو بۆچوونی خۆم دەڵێم:

من لوتێکی بەهێزم هەیەو هەمووتان ڕادەی هێزی لوتی من دەزانن هەرچەندەوەك کەڵبەو چنگ بڕندە نییە بەڵام لێدەرەو لێدانەکانیشی کوشندەیەو هیچ گیانلەبەرێك بەرگەی ناگرێت تەنانەت شێرو پڵنگیش بەرگەی ناگرن ئەگەر لوتم لەملیان بئاڵێنم.

تۆی ئەسپیش پێیەکانت زۆر بە هێزنو دەتوانیت جووتەی کوشندە بووەشێنیت کە چاری گورگو کەمتیاریش دەکەیت بەوجووتانە.

گا هاتە قسەو وتی:

خوشکان برایان، من شاخی گەورەم هەیەو زۆر بەهێزو تیژن وەك تیرو تێرەو کەڵبەوایە کاری گرنگی دەبێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەلەگورگو گەلەکەمتیار.

گوێدرێژیش زەڕیو وتی:

ئێمەی کەرگەلو گەلەماینی دەستەخوشکمان بەجووتەی ئازاردەر لەگەڵ گاگەلدا دەتوانین ڕۆڵمان هەبێت لە دەرکردنی گەلەگورگو ڕێویەکاندا، ماینی تەنیشت کەرەکە قسەکانی سەلماندو خۆی نواند کە هێزی ئەمیش وەك هێزی ئەسپە.

سەگیش بەدەنگێکی بەرز وەڕی و کەریش گوێ درێژەکانی ڕووەو سەگەکە وەرگێڕاو وتی: ئەی پاسەوانی خەڵکیو شوانی مەڕوماڵات تۆ چیتە ؟!

سەگ وتی: وادیارە منتان بیرچووە کەکەڵبەو چرنووکم هەیە، من هێرش ناکەمە سەر هاوەڵانو ئاشتی خوازان بەڵام بۆ ترساندنی گورگو ڕێوی و دژی دوژمنان ئەوکەڵبەو چرنووکە چەکێکی گرنگە، لەمڕۆ بەدوا دەبینن چۆن لە خزمەتی دۆستو خۆشەویستان بەکاری دەهێنمو بەڵێن بێت من لە پێشەنگی بەرگری کاراندابم بەوپەڕی دڵسۆزییەوە.

کەر وتی:

سەگی خۆشەویست دڵ لە دڵ مەدە هەمووما ن وەفاداری تۆو دڵسۆزی تۆ دەزانین خوا کەڵبەو چنگوڵت هەندەتر بەهێز بکات.

لەلایەکی تر پشیلە لەنجەیەکی کردو بەدەنگە ناسکەکەی وتی: هاوڕێکانم منیش بەنینۆکە تیژەکانم دەموچاوی دوژمنان بریندار دەکەمو گاز لە گوێچکەیان دەگرم. لەمانەش گرنگتر من مشکو جرجی چەپەڵ لە ئێوە دوور

PDF4Kurd

دەخەمەوە، چونکە هەردووکیان لەمن دەترسنو لە هەرشوێنێك دەنگی من بێت ئەوان لەوشوێنە ناوەستن، من ئەرکی دورخستنەوەی ئەو دووچەپەڵە دەگرمە ئەستۆو ناهێڵم نزیکی خۆراکو نانو شیرو پەنیرمان بکەون بەتایبەت پەنیر، خۆتان دەزانن من حەزم لەنانو ماستو لەوانە زیاتریش پەنیرم پێخۆشە.

کوندەپەپووش هاتە قسەو وتی: منیش ڕێکخستنی پاسەوانانی شەوان دەگرمە ئەستۆ چونکەوەك دەزانن من بەڕۆژ دەخەومو شەوان بەخەبەرم.

شەوانە بەسەر ئاسمانی دۆڵەکەدا دەسوڕێمەوەو هەرکات هەستم بەمەترسیکرد دەقیژێنم، قیژەی ئاگاداریو پشیلەیش لەمەدا یارمەتیم دەدات چونکە هەستی بۆنکردنی بەهێزەو شەوانەش بێدارە.

هەر کە من خوێندمو پشیلەش میاوانی ئەوکاتە دەبێت مریشکو کەڵەشێرو بزن بەهەموو هێزیان هاوار بکەن بۆ بێدار کردنەوەی گیانلەبەرەکانو بەخەبەریان بهێنن.

فیلو ئەسپو کەروگا و مانگاش دەبێت ئامادەبن بۆبەرگری و هێرش بردنەسەر هەر دڕندەیەك بیەوێت نزیکیان کەوێتەوە دیسان فیل داوای مۆڵەتی قسەکردنی کرد وتی:

منیش ئەرکی ڕێکخستنی هێزەکان دەگرمە ئەستۆ، دەبێت هێزی فیلو سەگو گا لە ڕوویەك بنو هێزیماینو کەرو ئەسپ لەڕووەکەی ترەوە بێت.

چونکە ئێمە لە پێشەوە دەتوانین هێزەکانمان بخەینەکارو ئەوانیش لە پشتەوە هێز بەکاردەهێنن.

هەندە هێزەکانیشمان جۆراو جۆرو نایەکسانن بەڵام یەکتر تەواو دەکەینو یەکەیەکی جەنگی کارامە پێکدەهێنین بۆ بەرپەچدانەوەو شکاندنی هەر هێزێکی هێرشکار، هەموو گیانلەبەرەکان بەکۆی دەنگ پیلانەکەی ئەمڕۆیان پەسەند کرد سەرپەرشتیاری گشتی هێزی بەرگرییان خستە ئەستۆی ئەسپەکە لەبەر زیرەکیو ئازایەتیو گورجو گۆڵی لەکاتی شەڕدا، بەم شێوەیە کاری بەڕێوەبردن درایە دەستێکی ئەمین کە هەمیشە ئامادەیە بۆ بەرەنگار بوونەوە.

لێرەدا کوندەپەپوو وتی: خوشکان برایان ئەمرۆ بائەوەندە بەس بێت، خەریکە خۆر هەڵدێتو پێویستە من بخەمو مۆڵەتم بدەن بچمە هێلانەکەم بۆ ئەوەی شەوی داهاتوو بتوانم بەباشی بەکارەکانم هەستم و سبەینێ خوا یاربێت هەمان کات کۆدەبینەوە، بەڵام داواکارم بیر لەوەش بکەنەوە چۆن بژێوی  خۆراك بەرهەم بهێنین تا خۆشگوزەرانی بگێڕینەوە بۆ دۆڵەکەمانو بەباشتر لە جاران.

PDF4Kurd



**خۆراك بۆ ئەوەی ژیا نمان بەردەام بێت**

وەك جارانی ڕابردوو، دیسان هەموویان کۆبونەوە بۆ تاوتوێکردنی کارێك کە لە هێزی جەنگاوەری کەمتر نەبوو، ئەویش چۆنێتی دابینکردنی خۆراکو بژێوی بوو.

مەیمون کە بەکلك خۆی بەلقە دارێکدا هەڵواسی بوو بازێکی دایە سەر پشتی بزنەکەو بەشێوەی گاڵتەو لاقرتی دەستی خستە سەر چاوەکانی وەك عادەتی هەمیشەیی مەیمونەکانو وتی: من دەمەوێت ئەمڕۆ خۆم سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکەم چونکە من حەزم لە خواردنو بەتایبەت چەرەزاتە با لە دەستی مناڵانیش بیفڕێنم.

هەموو بەمەیمونی قۆشمەچی هاتنە پێکەنین.

مانگا بەکلك دای لەمەیمونەکەو لەسەر پشتی بزنەکە خستیە خوارەوە، گیانلەبەرەکان داوایان لە بزن کرد سەرپەرشتی کۆبونەوەی ئەمجارە بکات.

چونکە بزن هەستی دایکایەتی زۆر بەهێزەو ئەم هەستە وای لێدەکات خۆراك ئامادە بکات بەتایبەت شیر کە خۆراکی سەرەکی هەموانە.

لێرەدا مانگا مۆڵەتی قسەکرنی وەرگرتو بەدەنگێکی قووڵی خاوەن بیرو بۆچوونەوە وتی: بۆ دابین کردنی خۆراك گرنگ ئەوەیە یەکەم جار بزانین پێویستییەکانمان کامانەنو لەژێر ڕۆشنایی ئەوەو بەپێی توانای خۆمان کاری بەرهەم هێنانی ڕێك بخەینو هەریەکەیان ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت و جێبەجێی بکات، بەم شێوەیە بێگرفت و کەم و کوڕی پێویستییەکانمان دابین دەکەین.

مانگاکە بەردەوام بوو لەقسەکانیداو وتی: خوشکانو برایان لە پێویستییەکانمان دروستکردنی گەوڕو کاو داری و عەمباری خۆراکە، بۆ ئەوەی بەچکەو  خۆراکیش بپارێزن.

مریشك دەنگی بەرزکردەوەو وتی: ئەوەی مانگا وتی منیش پەسەندی دەکەمو شتێکی گرنگی تریش هەیە ئەویش چاندنی دانەوێڵەیە چونکە زۆ گرنگە بۆمانو دەبێت ئەوەندە هەبێت بەشی هەموومان بکات، مانگا دیسان هاتە قسەو وتی: ئێمەش پێویستیمان بەگژوگیا هەیەو خۆراکی سەرەکی مانەو لەهەرە پێویستیەکانی ژیانی فیلە.

کەر زەڕاندیو وتی: نابێت درەختی میوە لەبیربکەینو هەموومان حەزمان لە میوەو درختی زەیتونو خورماش تامو بۆنیان خۆشە، (ماین) خۆی پیٚ نەگیراو ڕوویکردە (کەر) و وتی: بەڵێ بەڵێ کەری برام نابێت خورماو ناوکی خورما لە بیربکەین من زۆر حەزی لێدەکەم و پێویستم پێیەتی تا بتوانم ئەرکی سەرشانم جێبەجێبکەم.

مەیمونیش بەکلك خۆی هەڵواسی بوو، قیژاندنیو وتی: درەختی (چەرەزات)یش، بادەمو گوێزو فستقو بندق)، توتی قسەکانی مەیمونی دووبارە کردەوە (بۆ پێکەنین).. (بادەم ، گوێز ، فستق، و بندق)، بزن بەنەرمی سەری کێشا پیایداو بێدەنگی کرد بۆئەوەی کۆبونەوەکە نەبێتە گاڵتەوگەپو کات بەفیڕۆ نەچێت.

لەم کاتەدا کوندەپەپوو دای لەشەقەی باڵو وتی: خۆشەویستان پێویستییەکانمان دیاریکردو پێویستە پیلانی بەرهەم هێنان داڕێژنو پێم باشە ئەوباسە بخەینە بەیانیو بیرێکی باشی لێبکەینەوە.

PDF4Kurd



**چاكسازان چۆن پیلانی بەرهەمهێنانی خۆراكیان دارشت؟**

هەروەك جاران هەموو گیانلەبەركان كۆبوونەوە بۆ ڕاگۆڕینەوەو ڕێككەوتن لەسەر پیلانی بەرهەمهێنانی خۆراكو هەموویان تیایدا بەشدارن، پێویستی هەموویان لە خۆراك ئامادە دەكات بۆ ئەوەی هەر یەكەیان ئەركی خۆیان بزانن‌و بەكۆششو هەوڵی خۆیان پێویستییە بنەڕەتییەكانی ژیانیان دەستەبەر بكەن.

فیل دەستیكردە قسەو وتی: خوشكان‌و برایان: دروستكردنی گەوڕ پێویستی بە تەختە هەیە من ئەتوانم درەختەكان لە ڕیشە بكێشم و بەیارمەتی ئەسپیش بیانهێنم بۆ كێڵگەكەو هەر بەیارمەتی ئەسپی بەهێزو مایینی بەتوانا گەوڕەكان دروست بكەین بەئەندازەیەك پێویستییەكان جێ بەجێ بكات، بەتایبەت پێویستی مانگاو بزن‌و مریشكو ئەوەی لەوان دەبێت، بۆئەوەی شیرو پەنیرو هێلكەمان بۆ بەرهەم بهێنن، ئەوكات من‌و ئەسپو ماین هەمیشە گەوڕەكان دەپارێزین‌و هەركاتێ پێویستیكرد نۆژەنیان دەكەینەوە.

بزن وتی: ئەی گژوگیا؟ كێ دەیچێنێ و بۆمان دەستەبەر دەكات؟

گا وتی: خوشكی ئازیز خەمت نەبێت ئێمەی گاگەل بەوهێزە زۆرەی هەمانە دەتوانین بەهاوكاری مانگاكان ئەوكارە بكەین، من زەوی دەكێڵم و پەینی دەكەم و تۆوی گژوگیا و سەوزەجات دەچێنم بەهاوكاری مانگاو بزنیش بەرهەمەكان دروێنە دەكەین‌و كۆی دەكەینەوە.. ئەمە كارێكە لەباوو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە.. (فیل)یش دەتوانێت بەلووتە درێژەكەی خورمامان بۆ لێبكاتەوە، كاتێ پێدەگات.

هەنگ وتی: ئێمەش بەگەشت‌و گەڕانی نێوان گوڵەكان هەموویان موتوربە دەكەین بۆ ئەوەی زۆر نەبن‌و بەرداربن، بە مژینی گوڵاوەكانیشی هەنگوینی پێویست بۆخۆراكی بێچووەكانمان ئامادەدەكەین.

زەڕافەی بەویقارو بەئەدەبیش بەباڵا بەرزەكەیەوە لەكۆتایی ڕیزەكەدا وەستابوو بۆئەوەی بەرچاوی ئەوانی تر نەگرێت، هاتە قسەو وتی: من‌و خێڵەكەم خەریكی چاندنی دارخوورما دەبین‌و پەروەردەی دەكەین تا باشترین بەرهەمی هەبێت، هەروەها درەختی مۆزو بادام‌و فستق‌و سنەوبەریش دەچێنین بۆ ڕازیكردنی توتی‌و مەیمون تا بەگاڵتەو تەڵەكە بازی بێزارمان نەكەن.

لێرەدا گوێدرێژ وتی: برادەران‌و خوشكان، ئێمەش (كەرگەل) بەهەموو توانامان ئاو رادەكێشین بۆ كێڵگەو حەوزی ئاوو خواردن‌و گەوڕەكان‌و هاوكاری گاگەل‌و ماینیش دەكەین لە گواستنەوەی بەرهەم بۆ ناو گەوڕو گەنجینەكان.

پشیلەكەش میاواندی‌و وتی: كاری منیش ڕاونانی مشك و جرج دەبێت و شەوو ڕۆژ پاسەوانی خۆراكەكان دەكەم تا بەدەم‌و دانی پیسیان خۆراكەكەیان زایە نەكەن، لەكاتێكیشدا كە دەخەوم نیوەی چاوم كراوەیەو چاودێری مشك‌و جرجی پێدەكەم.

لێتان ناشارمەوە من بەخۆم حەزم بەڕاونانی ئەوانەو چێژی لێ وەردەگرم‌و چالاكی و وزە بەخۆم‌و ماسولكەكانم دەدەم. بەدواكەوتنی ئەوان كاری شەووڕۆژی منەوخەونی پێوە دەبینم، كەواتە سڵاو لە دیاری مشك وجرج و سڵاو لە چێژی ڕاونانیان، هێشتا پشیلەكە هەر قسەی دەكرد چاوەكانی بەتیژی برییە نێوان بەردەكان‌و ملی بۆ درێژ كردو وتی: بەتیشكی چاوم جرجێكی پیسم بینی لووتو سمێڵی دەجوڵاند، وەك ئەوەی بەدوای بۆنی پەنیرو خواردندا بگەڕێت.

PDF4Kurd

پشیلەکە چاوەڕێی نەکرد و بەنێوان قولو قاچو سمی گیاندارەکاندا دەرچوو بەرەو بن بەردەکانو بۆنی دەکرد بۆ ئەوەی جرجەکە بدۆزێتەوە.

گیانلەبەرەکانیش بەسەر سامییەوە سەیریان دەکرد چۆنوەک پاڵەوانێك دەجولێت و هەندێ جار دەکشێتە دواوەو هەندێ جار بۆ پێشەوە، جوان خۆی کوڕو کلکی فیش دەکاتەوە پاش ئەمە گیانلەبەرەکان بڵاوەیان لێکرد بۆکاری ڕۆژانەیانو هیوایان خواست پشیلەکە سەرکەوتوو بێت لە تەمێکردنی جرجەکەو جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ کێڵگەکەیان.

PDF4Kurd



## ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و کۆکردنەوەی هەواڵەکانی دوژمن

لەکاتی دیاریکراودا وەك هەموو ڕۆژێك گیانلەبەرەکان کۆبوونەوە بۆ تەواوکردنی پیلانەکانی ڕێکخستنی کاروباری دورگەکەیان تا دەگەنە دەرکردنی داگیرکەران و خێرو بێری دورگەکە دەپارێزن.

فیل هەستایە سەرپێ و وتی: خوشکان و برایان ئێمە تائێستا تەنها پیلانمان داڕێژاوە بۆ کاتێك ئەگەر هێرش کرایە سەرمان، بەڵام باشتر وایە دەستەو ئەژنۆ دانەنیشین تا دوژمن دێتە سەرمان بەڵکو پێویستە ئاگاداری پیلانەکانی دوژمن بین و چاودێری جموجۆڵەکانیان بکەین، دەبێت هەمیشە لەوپەڕی ئامادەباشی دابین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو تێکشکاندنی ئەوان.

فیل ئەمانەی ووت و دانیشت، ئەسپ هەستا و وتی: لێرەدا شتێك پەیوەندی بەکۆکردنەوەی هەواڵەوە هەیە، ئەویش جۆری پەیوەندیکردنە، پەیوەندی نێوان خۆمان کارێکی گرنگە و خۆشەویستی و هاوکاری نێوانمان بەهێز دەکات و کاروباری ژیانمان ئاسان دەکات. زانینی هەواڵی دوژمنان بەرگری ئێمە بەهێز دەکات و دوورگەکەو دۆڵەکە دەپارێزێت.

لێرەدا کۆترەکە هەڵفڕی و لەسەر لقەدارەکە هاتە خوارێ بۆسەر بەردێك لەبەردەم هەموویاندا وەستاو وتی: کۆترەکان ئەرکی پۆستەو هەواڵ بەرێ دەکەین و خۆتان دەزانن باوباپیرانمان ئەم کارەیان کردووەو کۆتری (نامە) بەریش تایبەتمەندییان هەیە لە هەواڵگری و ئاڵوگۆڕی نامەدا.

هاوڕێکانم کارێکی تریش هەیە کە تەواوکەری کاری کوندەپەپووە چونکە کوندە پەپوو بەڕۆژ دەخەوێت و بەشەو بەخەبەرە ئێمەی باڵندەکانی تر پێچەوانەی کوندە پەپووەکانین کەواتە بەهاوکاری یەکتر دەتوانین شەوو ڕۆژ لەچاودێری دابین لەمەترسییەکانی دوژمن پارێزراوبین.

لێرەدا چۆلەکە لە نێوان گەڵاکانی درەختەکە هاتە دەرەوەو وتی: خوشکە کۆتر، من و هاوڕێیانم لەچۆلەکەو توتی و باڵندەکانی تر لەبەر بچووکی قەبارەو جیاوازی ڕەنگەکانمان لەسپی و خۆڵەمێشی وقاوەیی و خێرایی فڕینمان دەتوانین یارمەتی پۆلە کۆترەکان بدەین بۆ چاودێری و وەرگرتنی هەموو هەواڵی سنووری دۆڵەکەو زۆر بەئاسانیش لەچاوی دوژمن وندەبین و بچووك و ڕەنگاوڕەنگین و بەئاسانی نابینرێین، بەتایبەت کاتێك لەژێر پەڵە هەوری سپیدا دەفڕین یان لە ئاسۆیەکی خۆڵەمێشی دا یان بەسەر کێوی قاوەیی ڕەنگدا.

کۆترەکە وتی: خوا فەڕو بەرەکەت بخاتە ناوتان ئەی پۆلی چۆلەکەو باڵندە ئێوە هەمووتان هاوکار دەبن بۆ چاودێری و کۆکردنەوەی هەواڵەکان و پێویستمان بەئێوە هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی دۆڵەکەمان.

چۆلەکەکە وتی: ئێمە کارێکی تریش دەتوانین ئەویش ئەوەیە ئێمەی باڵندە دەنگمان خۆشەو بەجۆرەها ئاواز دەخوێنین، جوانی و ڕەنگاڵەی پەڕو باڵمان دڵەکان خۆش دەکەین، لەبەرئەوە لە جەژن و بۆنەکاندا منداڵان دڵخۆش دەکەین و گەورەکانیش شادمان دەبن، هەروەها ئاسك و ئەسپ و حوشترو زۆرێکی تریش لە گیانداران لەسەر ئاوازەکانی ئێمە دەتوانن سەمای جوان بکەن.

ئەم پیشنیارەی چۆلەکە خۆشی خستە دڵی ئامادەبووان و شادمانی خۆیان بەپێشنیازەکە دەربڕی.

PDF4Kurd

مەیمونیش دەستیکردە بازدان لەسەر ئەم لقو بۆ ئەو لقو سەربەرەو خوار خۆی بەکلك هەڵدەواسیو لەبەردەم ئامادەبوواندا وەستاو وتی: ئەی باسی مەیمون بۆ ناکەن؟ ئەی باسی مەیمون؟ ئەی باسی توتی؟ نابێت ئێمەتان لەبیر بچێت لەکاتی خۆشیو شادیدا ئێمەش ڕۆڵی گرنگ دەبینین.

تووتی: وەك هەمووجار بەدەنگی بەرز قسەکانی مەیمونی دەوتەوە.

مەیمون وتی: ئەگەر ئێمەتان بیربچێتو لەشوێنی شایستەو گونجاودا دامان نەنێن ئەوا هەموو کارێکی جیدیتان لێ تێك دەدەین.

کوندەپەپوو وتی: خوشکانو برایان پەند لەقسەکانی مەیمونوەرگرن، بەڵێ دەبێت مەیمونو تووتی لەشوێنی شایستەو گونجاودا دابنێن بەتایبەت لە کاتی فیستیڤاڵو یاری منالاندا، ئەگین سروشتی قۆشمەچی و پیاهەڵدانو ماستاوچێتی ئەوان چواردەور تێکدەدات.

بەڕاستی ئەوەندە لەگاڵتەو پیاهەڵدانو خاترانە بەسە چونکە لەڕۆژانی ڕابردوودا ژیانی لێ تێك داینو لەبەهرەکانی ئێمەی بەفیڕۆ داوە.

ماندووبوون لەڕووی کوندەپەپوودا دیاربوو بۆیە داوای لەئەندامانی کۆبونەوەکرد باسی پیلانی چۆنێتی بەڕێوەبردن هەڵگرین بۆ ڕۆژی داهاتوو هەروەها داوای لێکردن باش بیربکەنەوە بۆ گەیشتن بەدەرئەنجامێکی باش بۆ بەڕێوەبردنێك کە خاوەن بەهرەو تواناکان کاری لەسەر بکەن.

PDF4Kurd



## گیانلەبەرە چاکخوازەکان دەوڵەتەکەیان ڕێکدەخەن

لەکاتی دیاریکراودا هەموو گیانلەبەران کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پیلانی (بەڕێوەبردن) داڕێژن. هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی پێویستە کۆمەڵگاکەیان بینا بکەن لەسەر چەمکی ئەو هۆکارانەی کۆیاندەکاتەوەو خاڵی هاوبەشە لە نێوان هەموویاندا، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان وەك بیروباوەڕ، ڕەوشت، بنەما گشتیەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکەیان. چونکە بنچینە لە پێکهاتنی هەموو کۆمەڵگەو گەلێکدا ئەوەیە (یەکێتی لە بنەڕەتدا و جیاوازی لە لق و بەشەکاندا).

جیاوازی لقو بەشەکان ئەو جیاوازییانەیە کە بەچاو دەبینرێ لە نێوان تاکەکاندا لەڕەنگو ئاستی تەمەنو جیاوازی کۆمەڵو پۆلێك لەکۆمەڵو پۆلێکی تر، تێگەیشتن لەواتای (یەکێتیو جیاوازی) تێگەیشتنە لە مەبەستی دروستکردنی گەلو نەتەوە جیاجیاکان.

ئامادەبووان کۆکن لەسەر ئەوەی خاڵی هاوبەشو کۆکەرەوەی هەموو تاکەکانیو چینەکانی ناو کۆمەڵگا (فطرة)ەو هەر لەسەر ئەوبنەمایەش کۆمەڵگای دۆڵو دورگەکەیان دروستبووەو جیاوازی شێوەو چێن نابێتە هۆ بۆ یەك نەبوونیانو یەکبوونیشیان واتای هاوشێوەن، هاوجۆرو یەك ڕەنگی نییە.

لەبەر ئەوە هەموو ئەندامانی کۆبوونەوەکە بڕیاریاندا سوربن لەسەر بنەمای (یەکبوونو چەندێتی) چونکە یەکێتی و یەکبوونی ڕیزەکانیان واتای یەکگرتنی چەندەها وزەی جۆراوجۆری تەواوکەری یەکتر کە سەرکەوتنیان دەستەبەر دەکات، بڕیاریشیاندا بێچووەکانیان لەسەر ئەو یەکێتیو چەندێتییە پەروەدەبکەن تاجارێکی تر دوژمن زاڵ نەبێت بەسەریاندا.

لەباسکردنی ئەم خاڵەدا (ئاسك) بەلەنجەو لار لەڕیزەکە هاتە دەرەوە وەك ئەوەی خۆی بنوێنێ بەباڵای ڕێكو چاوی گەشیو ملی بەرزیو شاخی درێژو تیژو پوزو پێی خڕی.

هاتە ناوەندی کۆڕەکەو لەبەردەم هەموویاندا وەستاو وتی: خۆشەویستەکان ئێوە دەزانن ئێمەی ڕەگەزی ئاسك چەندە بەهرەمەندین بەجوانیو هەر شتێکیش دیمەنی جوانی هەبێت ئێمە ئارەزووی دەکەین.

بەڕاستی دیمەنی یەکێتی گەلی ئاشتی خوازانو چاکخوازان لەگەڵ جیاوازی ڕەگەزو شێوەیان، جوانیو ڕازاوەیی گەلو دورگەو دۆڵەکەمانە.

من هەمیشە بیرم لەیەکێتیو چەندێتی دەکردەوەو حەز دەکەم ئەوەی دەیزانم پێتان بڵێمو بەنمونەوە باسی بکەم تا وردیلەکانیش لەم بابەتە حاڵی بن.

برایانو خوشکان ئێوە دەزانن ئێمە کۆمەڵی ئاسکەکان جیاوازین لەقەبارەو ڕەنگدا، هەیە گەورەو هەیە بچوكو سپی هەیەو قاوەییو خۆڵەمێشیو مارۆش[1] هەیە. ئاسك هەیە شاخدارو ئاسکی بێ شاخیش هەیە. لەگەڵ بوونی ئەم هەمووە جیاوازییەشدا هەست دەکەین یەکینو هەموومان ئاسکی شۆخو شەنگینو نمونەی جوانی باڵاو ئێسك سووکیو گورجو گۆڵین.

---

[1] (مارۆ) ناوچاوان سپی وەك ئەسپی مارۆ.

PDF4Kurd

نموونەیەکی تر: کە هەمووما‌ن دەیزانین و لێی حاڵین دایکە بزنە خۆیو هاوەڵەکانی بەجۆراو جۆری ڕەنگەکانیەوە هەموویان هەر بزنی ئازیزنو هەندێکیان سەرچاوەی شیروپەنیرنو هەندێکی تریان سەرچاوەی خوریو مون.

ئەوەش پشیلەیە چەندەها ڕەنگو جۆرن بەڵام هەموویان خۆشەویستی منداڵانو هەموویان هەر ئەمیاوێننو وەك یەك حەزیان لەماستو پەنیرەو وەك یەکیش ڕاوی مشکو جرج دەکەن.

برایانو خوشکان: دورگەکەمان گرنگترین نمونەیە: ئاسكو بزنو سەگو پیشلەو فیلو ئەسپ مانگاو گای تێدایەو هەروەها کەرو ماینو مەیمونو کوندەپەپوو کۆترو بولبولو چۆلەکەو چەندەها گیانداری تری تێدایە، بەڵام هەمووما‌ن چاكو ئاشتی خوازین، ئامانجمان بەرزە، نیازمان ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنی دۆڵەکەمانە، ئەمانە ئێمەی کۆکردۆتەوەو دەمانەوێت خێرو بێری دورگەکە بۆ هەمووما‌ن بێت.

ئەوەی خوای گەورە بۆی دروست کردوین لەدورگەکەدا بۆ هەموومانە، دەرخستنی بەهرەو تواناکانو بەهرەمەندبوون پێیان ئێمە دەکات بەیەك گەلو یەك کۆمەڵ چونکە هەمووما‌ن چاكو ئاشتی خوازین.

دەبێت یەك ڕیزو یەك ئوممەت بین، هەروەك جاران بنیاتنەرو پارێزەر بین ئاشتیو ئاسایش بەرقەرار بکەین.

خۆشەویستەکانم: دەبێت ئێمە هەمووما‌ن واتای یەك بوونو خاڵی هاوبەش بزانین، مناڵەکان پێش گەورەکان.

ئەگەر ئێمە بەڕاستی دەمانەوێت چاکخوازبین دەبێت زۆر بەهێزو بەتوانا واتاکانی چاکە خوازی لەخۆماندا بەرجەستەبکەینو واتای خۆشەویستیو برایەتی بزانین، گرێبەستەکانی ئاشتیو یەکێتی جێبەجێ بکەین، وزەو توانا جیاوازو جۆراوجۆرەکانمان یەك بخەینو ئەمانە هەمووی لەناوماندا زیندوو پڕ گەشە بێت پێش ئەوەی جگە لە خۆمانی بۆ بانگەشە بکەین.

دەنگی هەمووان بەرزبویەوە نەك تەنها بۆ پیاهەڵدانی جوانیو قەدو باڵای (ئاسك) بەڵکو بۆ پەندو قسە شیرینەکانی کەوەك لەناخی هەموانەوە قسەی کردبێت وابوو.

فیل زۆر بەسەرسامییەوە سەیری ئاسکەکەی دەکرد کە دەگەڕایەوە شوێنی خۆی نزیك بزنەکەو بزنەکەش باوەشی بەئاسکەکەدا کرد لە خۆشی قسەکانی بەتایبەت باسی بەخشندەییو بەرهەمی بزن لەشیرو پەنیرو موو.

PDF4Kurd



**كاروبارىيان بەڕاوێژ بوو**

فیل لای کردەوە بەلای ئەندامانی کۆبونەوەکەداو داوای بێ دەنگی لێکردن تابەردەوام بن بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگەکەیان.

هەموو ئامادەبوان بێ دەنگ بوون، گوێیان لەفیل دەگرتو فیل وتی: دوای ئەوەی باسی یەکێتیو خاڵە هاوبەشەکانو جۆراوجۆری جیاوازی سیفەتەکانمان کرد، کاتی ئەوە هاتووە باسی بنەمای دووهەم بکەین بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەکەمان، بەبێ ئەو بنەمایە نەیەکێتی دەچەسپیو نەهیچ پیلانێکی گرنگو بەجێو دانپێدانراویش سەرکەوتوو دەبێت، من بڕوام وایە لەناو ئێوەدا یەکێك نییە باوەڕی بە گرنگی ئەو بنچینەیە نەبێت.

مانگا وتی: برای بەڕێزم ئەو بنچینە گرنگە چییە؟ بەخێرایی بیڵێ بەڕاستی هەموومان ئارەزووی بیستنی دەکەین.

فیل وتی: بنچینەو بنەماکە (ڕاوێژکاری)یەو تەنها لەو ناوەندەوە ڕاو بۆچوونی پێگەیشتوو بەرهەم دێتو هەر لەوێشەوە پیلانەکان بۆ هەموو کاروبارەکان دادەڕێژینو مناڵەکانمان لەسەر ئەوە پەروەردە دەکەین.

یەکەم جار پێویستە ئەنجومەنێك بۆ ڕاوێژکاری ڕێك بخەین ئەو ئەنجومەنەی هەندێك بە (کۆڕی گەل) ئەو ئەنجومەنە دەبێت هەموو خاوەن ئەزموونو ژیرو ماقووڵەکانی تێدا بێت کە جێی متمانەو هەڵبژێردراوی گەل بن. ئەوانە بڕیاری گرنگ بدەنو جۆرە پیلانێك داڕێژن کە بەرژەوەندی هەمووی دابین بکات.

فیل هەندێك وەستاو دیسان وتی: بەڵێ خوشکانو برایان، ئەم جۆرە ڕاوێژکردنە هەمووی پێی باشەو دەبێت کاروبارمان بە ڕاوێژکردن بێتو لەهەموو کاروبارەکاندا بەکاری بهێنینو باشترین هۆکاریشە بۆ زانینی ڕاو بۆچوونی گەلو گەل دەگەیەنێتە چاکترین بڕیار، جگە لەمانەش بەڕێوەبەرو کاربەدەستەکانی دورگەکەمانی پێ دەخەینە ژێر چاودێرییەوە، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە گرنگی (ڕاوێژ کردن) لەوەدایە ڕاو بۆچوونی هەموومان کۆدەکاتەوەو هەموویشی خۆشەویستیو پاڵپشتی دەبێت بۆ دەوڵەت (گیانلەبەرەکان لەبەر گرنگی بابەتەکە بەبێ دەنگی گوێیان لەفیل دەگرت).

فیل وتی: هەر دورگەو دۆڵو شوێنێك بە (ڕاوێژ) کارنەکەن سەرەنجام فەرمانڕەواو کاربەدەستەکانیان حوکمی تاکڕەوی دەکەنو پارچەپارچە بوونو جیاوازی و ستەمکاری و خراپەکاری بڵاودەبێتەوە. خۆشتان دەزانن مێژووی ئێمە پڕە لەپەند بۆ ئەم باسە.

بۆیە دەبێت هەموومان سووربین لەسەر ئەوەی پێویستە دورگەکەمان بەڕاوێژکارییەکی حەقیقی بەڕێوەبەرینو تەنها ڕووکەش نەبێت لێرەدا ئەسپ حیلاندیو پشتیوانی خۆیی بۆ قسەکانی فیل دەربڕیو وتی: ئێمە دەبێت دەستەیەکی کارا پێك بهێنین کە هەڵسوڕێنەری بڕیارەکانی(ئەنجومەنی ڕاوێژکاری) بن. بۆئەوەی هەموو دانیشتوانی دۆڵو دورگەکەمان بەئەرکی خۆیان هەستنو کەس سنوری دەستووورو یاسا نەبەزێنێتو لەهەمانکاتدا هەرتاکێك بەپێی پیلانەکان پێویستی بۆ دابین بکرێت، تەنها لەو ڕێگەیەوە تواناکانی میللەت یەکدەخرێتو بەرهەمەکان زیاد دەکرێتو گەلیش زیاتر پشتیوانیو خۆشەویستی بەوڵاتو حکومەت دەدات.

PDF4Kurd

هەموو گیاندارەکان بەپێشنیارەکەی ئەسپ ڕازی بوونو (گا) ش بۆڕاندیو وتی: ئەمڕۆ ئەوەندە بەسەو کاتی ئەوە هاتووە هەریەکەمان بچێت بەدەم کارەکانیەوەو مانگا شیری خۆشو سازگار بەرێت بۆ گوێرەکەکانو کاتی خەوی کوندەپەپووش هاتووە بابچێت بخەوێت، هەمووی بە قسەی (گا) کەیان کردو بڵاوەیان لێکرد.

PDF4Kurd



**دادگەری بنچینەی دەسەلاتە**

چاکەکاران دیسان ڕۆژی دوای ئەوە کۆبونەوەو هەریەکەیان لەوشوێنەی پێی خۆش بوو لەسەر بەردو لقی درەخت جێی خۆیان گرتو کۆبوونەوەکە بەسەرۆکایەتی ماین دەستی پێکرد کە بەزۆری هێزو بەرگەگری ناویانگی دەرکردبوو، وتی: دوێنێ باسی ڕێکخستنی دەسەلاتو بەڕێوەبردنمان کرد، ئایا هیچ ماوە باسمان نەکردبێت و کێ پیشنیارێکی زیادی پێیە بابفەرموێت...

بزن هەستاو وتی: برای سەرۆکم، خوشکانو برایان، شتێك ماوە تا ئێستە باسمان نەکردووە، بزن کەمێك بێ دەنگ بوو تا زیاتر سەرنجی گوێ گرەکان بەلای قسەکانیدا ڕاکێشێ‌و (پشیلە) وتی: ئەوکارە گرنگە چییە تا ئێستا باس نەکراییت؟!!

بزن وتی: بەڵێ باسی (دادگا)مان نەکردووە زۆر گرنگە بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی نێوان خۆمان، ئەگەر جیاوازی لە نێوانماندا ڕوویداو دەبێت دادگایەکی حەق‌و پاك هەبێتو دادوەری لە نێوان دانیشتوانی ولاتدا بەرپا بکات، جیاوازی لە نێوان بەهێزو بێ هێزو گەورەو بچوك نەکات، چونکە فەرمانڕەوایەتی چاك‌و پاك‌و کارا بەدی نایەت تا دادوەری پیادە نەکرێت. دادوەریش هەروەك چۆن یەکێك لەداناکان دەڵێت: (دادوەری بنچینەی دەسەلاتە).

بزن بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن، هەرچەندە بێزاری بەمەیمونەوە دیاربوو بەجموجۆڵە هەزەلییەکەی دەموچاوی دەری دەبڕی، بزنیش بەزۆر پێکەنینی ڕاگرتبوو، کوندەپەپووش ناوبەناو دەنوکی لەپشتی مەیمون دەگرت بۆ ئەوەی وازبهێنێ، مەیمون بەڕووی کوندەپەپودا ڕوی گرژ کرد، بەلام بەهەر حالێك بوو ئەم دەنوك لێدانە بێ دەنگی کرد و جوڵەی لێ بڕی.

بزن وتی: خوشکان برایان، ئێمە پێویستیمان بەئەنجومەنێکی (داد) هەیە کە هەڵبژێرراوی نوێنەرەکانمان بن، ئەو ئەنجومەنە ڕێگە نەدات کەس ستەم‌و دەستدرێژی بکاتە سەر کەسی تر، بەتایبەت بەرگری بکات لەماف خوراوانو پێشێلکردنی گیانلەبەرە لاوازەکانی وەك منو مریشك، ئەوکاتە بەهێزو بێهێز، گەورەو بچوك بەخۆشەویستی‌و ئاشتی دەژین.

ئەگەر دادگا نەبێت بەهێزو گەورەکان ستەم‌و دەستدرێژی دەکەنە سەر لاوازە بچووکەکان، ئەوکاتە هەمووی پێکەوە لەناو دەچێتو ئاوەدانی‌و خۆشگوزەرانی لەناو دەچێتو داماوی ڕووله هەموان دەکاتو لەمێژووشدا پەندی زۆر هەیە لەوەی بەسەر ئێمەو جگە لە ئێمەشدا ڕوویداوە.

مریشك لەترسی ئەوەی نەوەك کۆڕەکە کۆتایی پێ بێت و ئەم قسەی خۆی نەکردبێت، دەستی کردە باڵەکوتێ بۆئەوەی سەرنجی ئامادەبوان ڕاکێشێ شوێنەکەی گۆڕی و چووەسەر بنەدرەختێك بۆئەوەی هەموویان ببینێتو وتی هاوڕێیان: کارێکی گرنگ هەیە دەبێت ئاگامان لێی بێت ئەویش ئەوەیە هەر کۆمەڵێك هەڵدەبژێریت بەهەرکارێك( ئیتر ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بێت یان دەستەی بەڕێوەبردن یان ئەنجومەنی داد) دەبێت شیاوو لێهاتوو بن ئەمانە زۆر گرنگن بۆئاسایشی دورگەکەمانو دامەزراوی‌و خۆشگوزەرانی‌و سەرکەوتنی لە داهاتوودا( بەویستی خوا).

ئێمە دەبێت بنەمای (دڵسۆزی) بۆ "گەلو نیشتمان" ڕەچاو بکەین لەهەڵبژاردندا، نابێت تەنها هاوڕێیەتی‌و خۆشەویستی خۆمان بۆ هەڵبژێردراوەکان لەبەرچاو بگرین. دەبێت لێهاتوویی ئەندامەکە بۆ کارەکەی لەبەرچاو

PDF4Kurd

بگرینو دەستپاکیو هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەو ئەندامەدا هەبێت، ئەوکاتە هەڵیبژێرین نەك تەنها پەیوەندی کەسایەتیو ڕووپامایی و ماستاوکردنی ئەندامەکە ببێتە هۆی هەڵبژاردنی، چونکە ئەگەر وابوو بەربەرەکانیو خراپەکاریو گەندەڵی بڵاودەبێـتەوەو لاواز دەبین دڕندەکانیش زیاتر تەماعمان تێدەکەنو بەکەڵبە تیژەکانیان دیسان دێنەوە لامان، ئێمەش دەبێت ڕوو لەو کاولەو ئەشکەوتو بن بەردەڵانەکان بکەینەوەو هەرچیمان سازکردبوو لەدەستمان دەچێتەوە.

هاوەڵەکانم : دەبێت هەروەك چۆن خوشکە بزن پێش کەمێك باسی ئەوەی کرد کە پەند لەڕابردوو وەرگرین بۆ خۆمانو نەوەکانمانو کەسی ژێر ئەوەیە دووجار بەفێڵی ڕێوی فریوو نەخوات.

کوندەپەپوو لای کردەوە بەلای بزنداو وتی: ئەمڕۆ ئەوەندە بەسەو کاتی بڵاوەکردن هاتووەو بەویستی خوا سبەینێ هەرچی ماوە قسەو باسی لێدەکەین.

PDF4Kurd



**گەندەڵی لەوڵاتدا وەك بوونی ڕێوییە لە کولانەی مریشکدا**

گا بەهەر دوو شاخە سامناکەکەیەوە، وەستابوو بۆ سەرۆکایەتی کردنی کۆبونەوەکە، مانگای خێزانیشی هاتە پیشەوەو داوای مۆڵەتی لە گا کرد، ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە ڕێگەی داو بەچاوی مێردێکی سۆزدارەوە لێی دەڕوانی مانگاکە هاتە پێشەوەو وتی: براو خوشکەکانم مریشکەکە دوێنێ هەرچی وت هەمووی ڕاست بوو منیش دەڵێم: گەندەڵی‌و فەرمانڕەواکان‌و دەوڵەت وەك ڕێوییەکەوایە کاتێك چوویە ناو کولانەی مریشکەکانەوە، خۆ لە بیرتانە چی زیان‌و وێرانکاری لەدوای خۆی بەجێهێشت.

خۆ ڕێوی دەیزانی تەنها یەك مریشکی پێ دەخورێت، بەڵام هێرشی کردە سەر هەموو کەڵەشێرو مریشکەکان‌و هەموویانی تۆقاندو زۆرێکی لێ کوشتن‌و برینداری کردن، قەسابخانەیەکی دروستکرد کەسمان لەبیرمان ناچێت تەنانەت جوجەڵەکانیش بێ زیان نەبوون، ئەو درندەیە کولانەکەیشی تێکدان‌و سەرگەردان‌و بێ لانەو نەوای کردن‌و ئەوانەش لەکولانەکەدا نەبوون هەتیو کەوتن.

لەوە دەچێ لە بیرتان بێت ئەو ڕێپێوانەی کردمان بۆ بەخاك سپاردنی قوربانییەکانی ئەو قەسابخانە سامناکە چەند ڕێپێوانێکی گەورەو سەیر بوو، وێنەکەی لەخەیاڵی خۆمان‌و نەوەکەمان ون نابێت. تکامان وایە جارێکی تر ڕووداوی لەوشێوە ڕوونەدات بەهۆی لاوازیمانەوە.

ئازیزەکانم: نابێت بوار بەلاوازی بدەین دوژمن زاڵ بکات بەسەرماندا، نابێت لەوە زیاتر قەسابخانەو دەربەدەری و ماڵ وێرانی لە ئێمەوە ڕووبدات.

نابێت گەندەڵی لەناو خۆماندا بهێڵین بەشێوەیەك هەندێکمان هەندێکی ترمان دەستەمۆ بکات، گەندەڵی ڕەوشتی بەرزو پیاوەتی ناهێڵێ‌و خۆشەویستی‌و بەزەیی لەناو دەباتو درۆو دووڕوویی زیاد دەکات، نێوان هاوڵاتی‌و فەرمانڕەواکان درز تێدەخات ئەوکات دوژمن زاڵ دەبێت بەسەر خۆمانداو فەرمانڕەواکانماندا.

مانگا قسەکانی تەواو کردو چەمۆڵەیەکی دا بەڕووی مەیموندا ( کەخەریکی گاڵتەو یاری بوو)، مەیمون ڕای کردو لەگاڵتەویاری‌و کاری تێکدەری وازی هێنا.

مانگا وتی: بەڵێ خوشکان‌و برایان: گەندەڵی دەردێکی کوشندەیە بۆ ولاتو دانیشتوان پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین‌و خۆپاراستنمان لەخۆپاراستنی مریشك زیاتر بێت لە ڕێوی فێڵبازو بەهێزتر بێت لە ترسی چۆلەکەو کۆترو باڵندەکانی تر لە بازو هەڵۆ.

مریشك لەکاتی قسەکانی (مانگا) هەندێ هێورو ئارام بوویەوەو بیرو هۆشی زیاتر جەمکرد بوو، بۆیە هاتەوە بۆ تەواو کردنی باسی گەندەڵی‌و پرسی ڕەوشتەکانی کۆمەڵگەو فەرمانڕەواکانی کۆمەڵگەو وتی: بەڵێ هاوڕێکانم:

پێویستە ئەوەندەی ئێمەی کۆمەڵەی مریشك لەڕێوی‌و گورگ دەترسین ئەوەندەش لەگەندەڵی‌و هۆکارەکانی بترسین‌و خۆمانی لێ بپارێزین.

لێرەدا هەموو گیانداران دەستی ڕەزامەندیان بەرزکردەوەو بەدەنگێکی بڵند وتیان: بەسە بۆ گەندەڵی، بڕوخێ گەندەڵی و گەندەڵکاران. دورگەو دۆڵی ئێمە شوێنی ئەوان نییە.

PDF4Kurd

خاتوو مریشك بەردەوام بوو لە قسەكانی وتی: بەڵێ... خۆم و ئێوەش ئاگادار دەكەمەوە لەوەی گەندەڵیو جیاوازی و چاوچنۆكیو خۆپەرستیو ڕەگەز پەرستیو تایەفەگەری نابێت بوار هەبێت بۆ دروست بوونی لەكۆمەڵگاكەماندا.

مەترسی ئەمە لای هەمووماں تەنانەت لای (توتیو مەیمونی)ش ئاشكرایەو ئەگەر بەهەرشێوەیەك كاری وا هەبێت ماڵوێرانمان دەكات، دوژمن لەخێر و بێری وڵاتمان تێر دەكات.

مەیمونی خۆهەڵواس هاواری كردو تووتی بەدوایدا هاواری كردو ئەم قسانەی (مریشكیان) بە دووڕوویيو خاترانە بێژی لەقەڵەمدا.

گیاندارەكانی تر بەقسەكانی توتیو مەیمون ڕازی نەبوونو داوای بێدەنگیان لێكردنو مانگاش بۆجاری دووهەم بەكلكی دای لە مەیمونو توتیو هەردووكیانی خستە خوارەوە بۆ ئەوەی كاتە بەنرخەكان بەزایە نەدەنو پشێوی دروستنەكەن.

هەموو ئامادەبووان گوێیان شل كردبوو بۆ ئامۆژگارییە بەسودەكانی دایكانی بەئەزموون ( مانگاو مریشك)، تێگەیشتن كە دەبێت زیاتر گرنگی بدەن بەكاری بەڕێوەبردنو چاكیو وردی لەدابەشكردنی كارەكانداو هەریەكە لەبواری تایبەتمەندی خۆیدا بەكاربهێنرێتو دەسەڵات لای تاكەكەسێك كۆنەدەبێتەوە بە تایبەت كە ئەندامانی وەك مەیمونو توتی بوونیان هەیەو دەورو خولی ستەمكارانو دەسەڵاتداران دەگرنو بەماستاو چێتی كاری ناشیرینو خراپییان لەبەرچاو جوان دەكەن.

خوشكانو برایان: دابەشكردنی كار بەسەر دامەزراوەو كەسانی كارامەداو ڕێكخستنی ژمێریاریو چاودێری بەسەر فەرمانبەرانەوە گرنگترین بیروڕا، كەتازە پەی پێبراوە بۆ چاكخوازی حوكمڕانیو بەرەنگاربوونەوەی داگیركاریو گەندەڵی، ئێمە ئەگەر بمانەوێت خۆمانو بێچوەكانیشمان بەئاشتیو خۆشگوزەرانی بژین دەبێت بەوشێوەیە كار بكەین.

هەموو گیاندران بەكۆی دەنگ ڕایانگەیاند ئەوە ئەركی سەرشانیانەو پەندیان لەڕابردوو وەرگرتووەو لەمەودوا دەبێت بەشێوەیەكی دروست كار دابەش بكەنو ماستاوچیو دووڕووەكانیش تەنها خەریكی كاری خۆیان بن، كارەكانیان تەنها بۆ پێكەنینو خۆشحاڵكردنی منداڵان بێتو بەدوور بن لەدامەزراوەو فەرمانڕەواكان، دەبێت بەسەر كارمەندانیشەوە چاودێری دابنرێتو خاترانەو ڕەگەز پەرستیو تایفەگەری نەمێنێت، دەبێت بەهەموو لایەكەوە دوورگەو دۆڵەكە لەهەموو خراپەو مەترسییەك بپارێزن.

PDF4Kurd



**تارمایی هێرش دەکاتە سەر ڕێویەکە**

لەوکاتەی دەنگە دەنگ گۆڕەپانەکەی پڕکردبوو کوندەپەپوو قیڕاندیو داوای بێدەنگی لێکردن چونکە لەدوورەوەهەستی بەبریسکەی توکە ئاڵتونیەکەی ڕێوییە فێڵبازەکە کردبوو کە لە ژێر ڕووناکی مانگ دا دیاربوو، کوندەپەپوو بەرز فڕیو بەسەر لاپاڵەکەدا ڕێویەکەی بەدیکرد کە چاوی دەگەڕێنیو گوێقولاخەو بەلوتە درێژ و تیژەکەیەوە بۆنی زەوی دەکاتو لەژێر لوتیەوە کەڵبە تیژەکانی بەڕوونی دیار بوو.

کوندەپەپووەکە گەڕایەوە لای گیاندارەکانو هەرچی بینی بوو پێی وتن، هەروەها وتی: وادیارە دەنگە دەنگی ئێوە ڕێوییەکەی ئاگادارکردەوە لە بوونی ئێوەو ئێستا بۆن دەکات وە هیوای وایە بگاتە لاتانو یەکێتان بخوات، بەتایبەت ئەو عەشقی ڕاوکردنی مریشکو کەروێشکە.

سەگ بۆنێکی هەواکەی کرد وتی: خوشکم ڕاست دەکەیت من بۆنی ڕێوییە پیسەکە دەکەم لە خوارووی شاخەکەدایە، لێرەدا مریشك هاواری کردو وتی: بەڵێ خوشکە پەپوو من دڵنیام بۆنی منی کردووە خوا بیکوژێت من با ڕابکەم پێش ئەوەی بگاتە ئێرەو هێرش بکاتە سەر منو کەڵەشێرو تۆش باش دەزانیت ئێمە ناتوانین بەرەنگاری بوەستین.

ئەسپەکەوتی: ڕاکردن لەترسی گیانلەبەرە دڕندەکان ڕاست نییەو پێویستە خۆ ئامادە بکەینو ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە ببینەوەو پەندێکی دابدەین هەرگیز بیری نەچێتەوە.

ئەگەر من یان گوێ درێژ لەقەیەکی لێبدەین یان گا شۆخێکی لێبدات ئەمە جگە لەلوتی فیل ئەوە هەرگیز چاوی بەدنیای ڕۆشن ناکەوێتەوە سەگ وتی: هاوڕێیان ئارام بن پێویست بەڕاکردنی کەس ناکاتو پێویستی بەلووتو جوتەی ئێوەش نییە تەنها خۆم دەتوانم بەچەند خولەکێك خۆیو کەڵبەپیسەکانیشی لەناوبەرم و هەرچی فێڵ و هێرشی دڕندانەی هەیە بۆسەر مریشك و کەروێشکەکانمان بەتاڵی دەکەمەوەو بەچنگۆك و کەڵبەکانم لەچەند خولەکێکدا دەیکەمە باسێکی ڕابردوو.

لێرەدا توتی هاواری کردو وتی: ئەی ئەسپی بەهەڵمەت تۆ ڕاست دەکەیت سەگی ئازا تۆش هەر ڕاست دەکەیت.. ڕاکردن چارەسەر نییەو منیش بیرۆکەیەکی باشم هەیە.

بەختێکی باشمان هەیە ڕێوی فێڵباز تەنها خۆی هاتووەو من پیلانی شەڕێکی دەرونیم لایە، خوایاربێت لەخراپەی ئەو فێڵبازە بەدووربینو لەهەمان کاتیشدا شوێنو مۆڵگەکەمان ئاشکرا نابێت، ئەگەر دەرباز بوو لە دەستمان ترس دەخاتە دڵی گیانلەبەرە دڕندەکانیتر. بەم پلانە هەرچی دەربارەی دێوو تارمایی وتراوە لەلای دوژمنان زیاتر دەکات، باشترین چەك بۆ لاوازکردنی دوژمن ئەم جەنگە دەروونییەیەو لەبەرامبەریشدا نابێت بهێڵین جەنگی دەروونیو ڕاگەیاندن کارمان تێبکاتو ورەمان بەربدات، نابێت هیچ شتێك دورمان بخاتەوە لەکارو زانستیو تێکۆشان.

دەبێت ئێمە ژیانمان بنیادبنێینو لەسەر تواناکانی خۆمانو ئەویاسا سروشتییانەی خوای گەورە بۆی دارێژراوین، دووربین لە ژێرکاریگەری خەیاڵو باسی پڕوپوچو دوژمن نەتوانێت شەڕی دەرونیمان لەگەڵدا بکات. بەتایبەت نەفامو بێچووەوردیلەکانمان، هەموو گیاندارەکان بەوردی گوێیان بۆ توتی گرتبوو، کوندەپەپوو بە توتی وت:

خوشکە گیان: هەموو قسەکانت ڕاستو گرنگ و جوانن بەڵام بەم قسانە نیازت چییە؟! ئێمە دەمانەوێت زیاتر ڕوونی بکەیتەوە چونکە بابەتەکە گرنگو پڕ مەترسیو گەورەیە. توتی وتی: برایان خوشکان:

PDF4Kurd

هەمووتان دەزانن من تواناى لاسايى كردنەوەى دەنگەكانم هەيەو خۆشتان دەزانن ناوچەكەمان بەردەلانەو مەترس دارمانى هەيە بۆسەر هەركەسێك تێيدا تێپەڕبێت و نەزانێت شوێنى دارمانەكە كوێيە.

هاوڕێيان پيلانەكەى من ئەوەيە، مادامێك دونيا تاريكە من دەفڕم بۆسەر ئاستى ڕێويەكەو وەك دەنگى مريشكێكى ترساو ڕاكردوو دەگارێنم، ئەوكاتە ڕێويەكەش شوێن دەنگەكەى من دەكەوێت بۆئەوەى سكى پيسى تێربكات، وردە وردە لەشوێنى كۆبوونەوەكەمان دوورى دەخەمەوە تا دەيگەيەنمە شوێنى دارمانى بەردەكان ئەوكاتە كوندەپەپوو كۆترو كەڵەشێر مريشكو سەگو ئەسپيش لەوێ چاوەڕێ دەكەنو لەوكاتەدا لاسايى دەنگى ئەسپى سەركەشى كێوىو سەگى هاردەكەمەوەو دەبێت سەگو ئەسپيش هاوكاريم بكەنو لەهەمان كاتيشدا لەگەڵ كوندەپەپوو كۆترو مريشك و سەگ و ئەسپيش بەردێك بەردەينەوە، ئەوكات بەهۆى دەنگ وپاڵنانەوە بەردێكى زۆر تل دەدات بەرەو خوار بۆ شوێنى ڕێوييەكە ئەگەر نەيكوژێت ئەوا لە ترسى بەردەكانو ئەو دەنگە زۆرانە ڕادەكات، من زياتر حەز بەڕاكردنى دەكەم تا كوشتنى، چونكە بەڕاكردنى ئامانجەكەمان دەپێكێو ترسو بيم دەخاتە دڵو مێشكى دوژمنەكان، توتى كەمێك وەستاو گياندارانيش چاويان تێ بڕيبوو سەرسام بوون پێى، توتى دەستيكردەوە بەقسەكردن وتى: خوشكان برايان، گرنگ تەنها ڕاكردنو ترسى ڕێوييەكە نييەو تەنها شاردنەوەى شوێنى كۆبوونەوەكەيشمان نييە. بەڵكو لەمانە گرنگتر ئەوەيە ئەگەر نەمردو ڕايكرد كە من ئەمەيانم پێ خۆشترە.

كاتێك دەگەڕێتەوە لاى دڕندەكان بەترسو شڵەژاوييەوەو پێيان ڕادەگەيەنێت كە چۆن تارماييەكان هێرشيان بۆ هێناوەو چۆن ئەو هەموو دەنگە ترسناكە ڕاويان ناوەو چۆن خەريك بووە هەموو بەردەكان بڕوخێنن بەسەريدا — ئەمانە گرنگن —، چونكە ئەو كاتە بێخەم دەبين لەمەترسى ڕێويەكەو ترسو ئەفسانەى زۆريش لاى گياندارە دڕندەكان بڵاودەبێتەوەو دەروونيان لاواز دەكاتو متمانەيان بەخۆيان نامێنێت. هەريەكەيان هەوڵى ڕزگار كردنى خۆيان دەدەن لە ترسى تارمايىو دێوەزمە.

چونكە بەچاو نايبينن‌و تواناييان بەسەريدا ناشكێت چونكە لەڕاستيدا ئەفسانەى (دێوو درنج) نەفامىو دواكەوتوويى ژێرى ئەوان دروستى كردووە. بەو دەنگو باسانە ڕيزەكانيانو كۆڕو كۆمەڵيان پارچە پارچە دەبێت، وزە بەزيو و دەرون لاواز دەبن، وەك چۆن لەكۆندا ئێمەش بەوشێوەيە بووين.

خوشكان برايان: ئەم پيلانە نمونەيەكە بۆجەنگى دەرونىو ئەوكاتەش نەفامو گێل و ساويلكەكان ڕودەكەنە ئەو جۆرە باسانە پشت دەكەنە كارى ئاوەدانكردنەوەو كۆششو كارى بيناسازى، خۆشتان دەزانن چيرۆكى بوونى دێوو تارمايى لەئەشكەوتى كوندەپەپوو قشقارەداو بوونيان لەسەر تاشەبەردو قەدپاڵى چياكاندا هيچ بنەمايەكى ڕاستى نييەو تەنها چنراوى خەياڵى نەفام و گێلەكانەو ئەگەر بەوردى لەناوچەكە بكۆڵينايەتەوەو نهێنى دارمانى بەردەكانيان دەزانىو دەيانزانى ئەو دەنگە زۆرانەش تەنها دەنگ دانەوەى نێوان بەردەكانە.

كوندەپەپوو وتى: دەى خێراكە بەرەو ئەو ڕێوييە چەپەڵە بڕۆ منو كەڵەشێرو سەگو ئەسپ لەناوچەى بەردەلانەكە چاوەڕێت دەكەين بۆ ئەوەى هەراو قاڵەيەك دروست بكەين بەسەرسەرى ئەو فێڵبازەدا.

توتى بەرەو رووى ڕێوى فڕىو دەستيكردە لاساييكردنەوەى دەنگى كەڵەشێرو مريشك بەشێوەيەك نەيبينن بەلام بۆنى بكات بەم شێوەيە ڕێوى شوێن دەنگو بۆنەكە كەوت هەروەك چۆن پيلانەكە دارێژرا بوو تاگەيشتە ئەو

PDF4Kurd

ناوچەیەی کەڵەشێرو ئەسپو مریشك و سەگ چاوەڕێیان دەکرد. هەرکە گەیشتە ئەویٚ هەموویان بەیەکەوە دەنگیان بەردایەوەو هەمووشیان بەیەکەوە بەردیان گل دەکردەوە.

لە ڕێوی وایە ئەوا سەگی هارو ئەسپی سەرکەشی کێوینو بەردەکان بەپێی ئەوانەوە بەردەبێتەوە، بەپەلە ڕای دەکرد تا خۆی لەبەردەکان ڕزگار بکات نەك پیادا بکێشیٚ یان ڕێی گەڕانەوەی لیٚ بگرێت.

توتی کە ئەمەی بینی لە خۆشیدا باوەشی کرد بەکوندەپەپوو کۆترو مریشك داو پیرۆزبایی لە سەگو کەڵەشێرو ئەسپیش دەکرد بۆ ئەو سەرکەوتنەی بەدەستیان هێنا.

هەموویان بەشادومانی گەڕانەوە بۆلای هاوەڵەکانیانو مریشك و کەڵەشێر چووبوونە سەر پشتی ئەسپەکەو باڵیان فش کربووبووە هەموو گیانیان پێدەکەنی.

کۆترو کوندەپەپوو توتیش بەڕاسەریانەوە دەفڕینوسەگیش بۆنی زەوی دەکردو کلکە لەقەی بوو، زۆر خۆشحاڵ بوو بە سەرکەوتنی پیلانەکەیان.

هەموو گیاندارەکانی تر بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی و پێشوازیان لێکردنو شادمان بوون بەو وانە زیندوەی لەجەنگی دەروونی فێربونو تێگەیشتن جەنگی دەروونی چەند کار دەکاتە سەر هێزی دەروونو ورەو چۆن دەیروخێنێت.

لەم کاتە خۆشەدا کوندەپەپوو بەرز فڕی و خوێندیو وتی:

خوشکانو برایان، ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستمان هێنا بۆ ئەمڕۆ بەسە، پێویستە من پشوویەك بدەمو بخەومو سبەینیٚ بەیەك بگەینەوە لەهەمان کاتدا تا کارەکانمان تەواو بکەین بەویستی خوا.

PDF4Kurd



**هەڵبژاردنی باش بناغەی هێزو پشتیوانییە**

بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو هەمووگیاندارەکان کۆبوونەوە بۆ تەواوکردنی پیلانی کارو هەماهەنگی لەجێبەجێکردنیدا..

ئەندامانی کۆبونەوەکە داوایان لە خاتوو بزن کرد کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات، بەهۆی ئەو ژیری و کارزانییەی لەکۆبوونەوەی رابردوودا لێیان دیبوو.

بزنەکە لەسەر تاشە بەردێکی گەورە ڕوویەرووی هەموویان دانیشتو دەستی کردە قسەکردن، وتی:

بەڕێزەکان لە کۆبوونەوەی ڕابردودا باسمان لەدامەزراندنی دامەزراوەی یاسایی دۆڵەکەمان کرد. کە هەندێك بە (دەستور) ناوی دەبەن، ناو گرنگ نییەو گرنگ ناوەڕۆکە.

بەهەر حاڵ ئەمڕۆ پێویستە باس لە بنچینەو بنەماکان بکەین بەشێوەیەك دوای ئەم کۆبوونەوەیە دەستبکەین بە جێبەجێکردنو دامەزراندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

کۆتر وتی: خوشکانو برایان مۆڵەتم بدەن لێرەدا باسی چەند کارێکی گرنگو پەیوەندیدار بە پرسی ڕژێمو بنەماکانی بکەم، کە ئێمەی کۆمەڵەی کۆتر لەباو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە تا بووەتە خەسڵەتو ڕەوشت تیاماندا.

ئێمە بووینەتە نیشانەی خۆشەویستیو ئاشتی لە جیهانداو هەموو خەڵکی ئێمەیان خۆشدەوێتو ڕێزمان لێدەگرن.

ئیمە ئەمڕۆ لەم دورگەیەدا لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بەم ڕەوشتانە هەیەو دەبێت ببێتە پاشخانی دەروونیو پەروەردەی بۆ کۆمەڵگا خێرخوازەکەمان تا بتوانین سەرکەوتووبین لە بیناکردنی کۆمەڵگەکەمان دوور لەلاوازیو دواکەوتوویيو پارچە پارچەییو خراپەکاری.

هەموو گیاندارەکان زۆربەیێ دەنگیو زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان بۆخوشکە کۆترە سپی گرتبوو، چونکە هەموویان لەڕەوشتە باشەکانی کۆمەڵەی کۆتر شارەزابوونو دەیانزانی چۆن بێچوەکانیان لەسەر ئەو ڕەوشتە پەروەردەدەکەنو حەزیان کرد زیاتر گوێ بگرن تا یارمەتیدەریان بێت بۆ چاککردنی حاڵیانو زیاتر پەیوەندی هاوکاریو خۆشەویستیو لێبڕان لە نێوانیاندا دابمەزرێنن، دورگەکەیان خۆشحاڵ بێت بەو خۆشەویستیو ئاسایشو بەهرەمەندی ئاشتییە.

کۆترەکە کەمێك بێدەنگ بوو بۆ ئەوەی هەموو بەئارامیو بەووردی گوێی لێبگرن. پاشان بەئاوازێکی خۆش دەستیکردەوە بەقسەو گوتی:

هاوڕێیان:

یەکەم ڕەوشتی ئێمەی کۆمەڵی کۆتران ڕەوشتی بۆیەك ژیانو پشتیوانی کرنی یەکتریە کە ئەو ڕەوشتە لە سەرچاوەی کانیاوی خۆشەویستیو ڕێزلێگرتنی یەکترەوە هەڵقوڵاوە بۆیە زۆر دڵسۆزین بۆ هاوڕێ تەمەنو زۆر بەچاکیش هاوڕێی تەمەن هەڵدەبژێرین، هەربۆیە هاوڕێیەتیمان درێژە دەکێشێتو ئەم جۆرە پەیوەندییەش سۆزو خۆشەویستیو خێر لەناوماندا بڵاودەکاتەوە.

PDF4Kurd

ئەگەر لە دورگەکەماندا هەموو تاکێك بەچاکی هاوەڵەکانی هەڵبژێرێت ئەوکاتە پەیوەندییەکان پتەودەبن‌و پشتیوانیکردنی یەکتری لەکۆمەڵگاکەماندا ڕاست‌و دروست دەبێت.

دیسان وتی:

بەڕاستی خۆشەویستی نێوانمان‌و ژیانمان بۆیەکتری‌و بۆ نیشتمان‌و خۆشەویستی خزم و کەس‌و کاربناغەیەکی گرنگە بۆ دروستبوونی گیانی متمانەوهاوکاری لەکۆمەڵگەکەماندا، ئەو ڕەوشتانە دەبنە فاکتەربۆ یەك ڕیزیمان دژی ناحەزو دوژمنانە، هەروەها گرنگن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەو نەهامەتییەکانی ڕۆژگارو ڕزگاربوون لێیان بەویستی خودا بەسەلامەتی‌و هێزی نوێوە، ئەمانە خوشکان‌و برایان یەکەمیان.

PDF4Kurd



**خێزان بناغەی بنیادنانە**

خوشکە مریشك بەووردی گوێی گرتبوو، چونکە ئەویش داییکەو چاکسازی پێ گرنگە بۆ پاراستنی خۆیو جوجەڵەکانی، بۆیە ئەوەی زیاتر سەرنجی ئامادەبووان بۆ قسەکانی کۆترەکە ڕابکێشێت وتی:

ئایا خوشکی خۆشەویست دووەمیش ماوە؟

کۆتریش وتی:

بەڵێ خوشکم ڕەوشتێکی تری گرنگ ماوە:

ئەو ڕەوشتەش هاوکاری ڕاستەقینەیە، ئەو هاوکارییەی کە لێبڕانو داوای ڕاستەقینەی تێدابێت بۆ دابەشکردنی ئەرکەکان.

ئێمە کۆمەڵەی کۆتر بەشێوەیەکی ڕاستو عەمەلی نەك بە قسەو سەرزارەکی، ئێمە باوەڕمان بەگیانی بەرپرسیارێتی هەیە بۆیە هەریەکێك لە ئێمە بەیەکسانی لەگەڵ ئەندامانی تردا کاری تایبەت بەخۆی زۆر بە دڵسۆزانە ئەنجام دەدات.

بۆیە دەبینین دایكو باوکەکەی کۆتر بەیەکسانی منداڵەکان پەروەردە دەکەن. باشترین ڕەوشت فێری بێچوەکانیان دەکەنو کەسیان لەئەرکی سەرشانی ڕاناکات، بەئەوپەڕی خۆشەویستیو دڵسۆزی بۆ یەکتر کارەکانیان ئەنجام دەدەن بۆیە زۆر بە خۆشبەختیو شادمانی دەژین.

لێرەدا کەڵەشێر بە پۆپکە سورەکەی بەرزبوویەوە بەهۆی کاریگەری قسەکانی کۆترەکەوەو وتی:

خوشکان برایان:

هەرچی کۆتر وتی هەمووی ڕاستی کرد ئێمەش تێبینی دایکانەو باوکانەی کۆترمان کردووە چۆن کاریان دابەشکردووە، بۆ پەروەردەی بێچووەکانیانو هەریەکەیان چۆن بە گیانی خۆشەویستیو دڵسۆزیو هاوکارییەوە نیوەی کاتەکە دادەنیشێو خزمەت هێلکەو بێچووەکان دەکاتو خۆراکو گەرمییان بۆ دابین دەکاتو پارێزگاریو ڕێنماییان دەکاتو ئەوی تر دەچێت خۆراك بۆ خۆییو بێچووەکانی دابین دەکاتو پاشان دەگەڕێتەوە بۆناو ئەو هێلانەیەیی کە بەیەکەوە سازیان کردبوو و دەست دەکات بەخۆراك دان بە بێچووەکانیانو خزمەتکردنیان.

ئەوی تریان پشویەك دەداتو دەست دەکاتە گەڕان بەدوای خۆراك بۆ خۆیی و بێچووەکانیو پاشان دەگەڕێتەوە بۆلای بێچووەکانیو دیسان هاوڕێکەی لە هێلانە دەردەچێت، بەم شێوەیە ژیان دەبەنەسەر تا بێچووەکانیان گەورەدەبنو توانای فڕینیان دەبێت توانای سەربەخۆییان دەبێت خۆشەویستان من کاتێك بچووك بووم هەرچەندە باوکە وریاو دایکە بەبەزەییو بەسۆزەکەی خۆمم زۆر خۆش دەویست، بەڵام ئاواتم دەخواست کوڕی کۆتر بوومایە، چونکە دەمبینی چەندە بێچووەکانیان نازدارو بەخزمەتن تەنانەت خواردنیان دەکردن بەدەمەوە، کۆتر وتی:

بەڵێ کەڵەشێر ڕاست دەکات ئێمە بەهۆی باش پەروەردەکردنو تێگەیشتنو خۆشەویستییەوە گیانی بەرپرسیارێتیو ڕەوشتی کۆنترۆڵکردنمان تێدایە، چونکە ئێمە خۆمانمان ڕاهێناوە لەسەر خۆشەویستیو پشتیوانی لەیەکترو لێبڕان بۆکاری خۆمان.

کۆتر هەر بەردەوام بوو لەسەر قسەکانیو گیانلەبەرەکانیش زۆر بە گرنگیپێدانەوە گوێیان گرتبوو کۆترەکە فڕییە سەر لقێکی نزیکتر تا گیانداران گوێیان لە دەنگە ماندووەکەی بێت وتی:

PDF4Kurd

ئێمەی کۆتر هەموو توانامان دەخەینەگەڕ بۆ پەروەردەکردنی بێچوەکانمانو پێویستییەکانیان دابین دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە فێری گیانی بەرپرسیارێتیو فڕینو پشت بەخۆ بەستنو هێلانە دروستکردنو شتی تریان دەکەین. تابتوانن خۆیان خێزان پێك بهێننو نەبنە ئەرك بەسەر کەسەوەو بەژیانی کولەمەرگیو سەرشۆڕی ڕازی نەبن.

هاوڕێیان دایکەو باوکەی کۆتر مافی سەربەخۆییو بڕیاردان دەدەنە بێچووەکانیان کە گەورە دەبن، وەك هەندێ دایكو باوك خۆپەرست نین بیانەوێ بەردەوام دەسەڵات بەکاربهێنن بەسەر منداڵەکانیاندا، چونکە هەر کەسێك جۆرێك ئارەزوو بیرکردنەوەی تایبەتی هەیەو ئێمە بەو قاعیدەیەی ئیش کە دەڵێت ( إذا كبر إبنك خاويه) واتە ئەگەر ڕۆڵەکەت گەورە بوو بیخەرە جێگەی براکەتو خۆشت بوێو ئامۆژگاری بکەو ڕێگەی پێ نیشان بدە.

کەسی ژیریش خۆی هەڵناقورتێنێ لەژیانی براو هاوەڵەکانی و قسەی خۆیان بەسەردا فەرز ناکاتو خۆی بەپەرسیاریان نازانێت ئەگەر هەمیشەوەك چاودێر بێت ئەوانیش لێی بێزار دەبنو خۆشەویستییان کەم دەکاتو پەیوەندیان دەبێتە ڕووپامایيو ترسو هەندێ جار پیاهەڵگرانو پەیوەندی کۆمەڵایەتییان تێکدەچێتو داهێنانو توانای فێربوون لای گەنجان کەم دەکاتەوە.

بەم شێوەیە بەرێزان:

باوکایەتیو دایکایەتی لای ئێمە واتای خۆشەویستیو سۆزو هاوکارییە ئێمە هەرچەندە تاکەکانمان سەربەخۆن، بەڵام یارمەتی یەکتر دەدەینو هاوکارین، هەرکات یەکێك لە ئێمە خۆراکێك بەدی دەکات ئاماژە دەکات بۆ ئەوانەی تر نابێت بەیەکەوە بیخۆن.

لای ئێمە تاکێك یان هاوسەرێك نییە بەبێ جووتو کۆمەڵ، کۆمەڵو گەلیش نییە بەبێ تاكو جووتەکانمان.

خوشکانو برایان، من ئەم باسەم بۆ شانازی کرن نییە بەڵکو ئێوە حاڵی ئێمە دەزانن، بەڵام مەبەستم ئەوەیە ئەم ڕەوشتە گرنگانە یادی ئێوە بخەمەوە... چونکە بۆ ژیانی ناو دورگەکەمان پێویستنو تەنها قسەو پیلان بەس نییەو هەرچەندە بەبێ پیلانیش سەرکەوتن بەدەست نایەت.

دەبێت ئەوەی دەیلێین جێبەجێی بکەینو خراپترین شت لەژیاندا (وتنی بێ کردەوەیە) چونکە ژیان دەکاتە ئەشقەڵەو لەناو چوونو سودو مانای ژیان نامێنێت.

بزنەکە لای کردەوە بەلای مانگاو مراویەکەدا کە بەدەنگی نزم قسەیان بۆ یەکتر دەکرد پێی وتن: ئەی مانگا خوشکی خۆشویست دەبینم تۆو مراوی چپە دەکەن، خوشکە قازیش گوێی لە ئێوە گرتووە. ئەو قسەو باسە چییە لە نێوانتاندا؟ بەڵکو سودی بۆ هەمووان هەبێت.

مانگا هاتە پێشەوە بۆلای بزنەکەو لەبەردەم ئامادەبوواندا وەستاو وتی: بەڵێ خوشکی خۆشەویست ئەوەی بەسرتە قسەمان لێوەدەکرد باسێکی گرنگە بۆ ئاشتی کۆمەڵگەکەمانو چەسپاندنی ئەویاسە پەیوەستیشە بەڕۆشنبیریو ڕۆڵی خێزانو پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لەکۆمەڵگاکەمانداو منیش هاوڕام لەگەڵ کۆتر سەبارەت بەگرنگی خێزان بۆ بینای کۆمەڵگاو پتەوی بنەماکانی.

بزنەکە وتی: خوشکم ئێمەش بڕوامانوەك بڕوای تۆو کۆتر وایە لەسەر گرنگی خێزانو گرنگی پەروەردە.

بەڵام چی تۆو مراویو قازی خەریك کردووە؟

مانگاکە وتی:

PDF4Kurd

تۆ دەزانی منو خوشکە مراوی‌و خوشکە قازو تۆو هەموو دایکێك سەلامەتی‌و پەروەردەی بەلاوە گرنگە.
ئەوەی لە نیوانماندا ڕوویدا پەیوەستە بەئەو بنەماو بنچینانەی کە ژیری خۆمان دروست دەکات‌و پەیوەندی خێزانی‌و هاوکاریمان بەهێز دەکات.

PDF4Kurd



## مافی برایەتی

لێرەدا مانگاکە لای کردەوە بەلای ئەندامانی کۆڕەکەدا کە ئامەزرۆی بیستن بوون، پێی وتن:

سوپاستان دەکەم لەسەر گوێگرتن، بەڕاستی ئەم باسە زۆر گرنگەو پەیوەندی بەئاشتیو باری کۆمەڵایەتی دورگەکەمانەوە هەیە.

ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە جیاوازیو ناکۆکی لە نێوان چینو ئەندامانی کۆمەلگادا ڕوودەداتو هەندێکی هەڵە بەرانبەر بەهەندێکی دەکاتو ئاژاوە دروست دەبێت، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا لای عەقڵیەتو بیری نەوەکانمان ڕوونە کە ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا براین لەیەك کۆمەلگەداو بەرژەوەندیو چارەنوسمان یەکێکە؟ لەبەر ئەمەیە کە بوار نادرێت بەتوندو تیژی و بەکێش مەکێش لە پەیوەندی نێوان خۆماندا، هەروەها بوار نادرێت بە توندو تیژی بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانو ڕێکخستنی کاروبار، بێگومان لێك گەیشتنو گفتوگۆ ڕێگە چارەیە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوان برادەرانو خێزانو هاوڕێو هۆزو تیرەکان، هەر ئەمەش ڕێگە چارەیە بۆ چارەسەری دووبەرەکی نێوان گەلو نەتەوەکان. بۆ پاراستنی ئاسایشو کپکردنەوەی ئاژاوەکان پێویستە بەهەموو شێوەیەك یەکێتی ڕیزەکانمانو ئارامی نەتەوەکەمان بپارێزینو نەهێڵین دوژمن دزە بکاتە ناومان.

خۆشەویستان دەبێت لەلای گەورەو بچوكو بەهێزو لاوازمان بچەسپێ کە هەموومان برای یەکینو نابێت هێز بەکار بهێنین بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان، دەبێت ڕۆڵەکانمان لەسەر ئەوە پەروەردە بکەین کە هەموومان یەك نەتەوەینو یەك ڕیزینو ڕازی نابین کەسێك لە ئێمە ستەمی لێبکرێتو ئێمە بێدەنگ دانیشین، بەڵکو دەست پێشخەری دەکەین بۆلادانی ستەمو سەرخستنی ستەم لێکراوەکان تا هەقو ڕاستی دەگێڕینەوە بۆ شوێنی خۆی، دەبێت ئەمە بکەینە بنەمایەك لە ڕۆشنبیری و ژیریو دەروونماندا.

هەرکەسێك ستەمی لێکرا دەنگی ناڕەزایی بەرزبکاتەوەو هەموو ڕێگاچارەیەکی ئاشتی بگرێتەبەرو ئەرکی سەرشانی دامەزراوەکانیشمان بێت ئەو ستەمەی لەسەر لابەرن، ئەگەر وانەکەن ئێمە بەیەك ڕیز دەوەستین دژی ستەمکارو لەڕیزەکانی خۆمان دەریدەکەینو جێگەی لەناوماندا نابێتەوە تا دەگەڕێتەوە سەر ڕاستیو واز لە ستەم دەهێنێ.

خوشکان برایان: ئەگەر بەم بنەمایە ئیش بکەینو بیچەسپێنین ئەوا کەس بیر لە ستەم ناکاتەوە چونکە دەزانێت ستەملێکراو دەنگی بەرز دەکاتەوە کۆمەلگاش پشت گیری لێدەکەنو بەم شێوەیە ئاشتیو ئارامی باڵ دەکێشێ بەسەر کۆمەلگاکەماندا شوێنو ڕێی توندو تیژی کوێر دەبێتەوە، چونکە دەزانین توندوتیژی، توندوتیژی لێ دروست دەبێت و ڕیزەکانمان لەتو پەت دەکاتو یەکێتیمان دەڕوخێنێو خراپەکاریو گەندەڵیو تاکڕەوی پاشە ڕۆژی نەوەکانمان دەخاتە مەترسییەوە.

خوشکانو برایان، ئێمە چاکخوازو ئاشتیخوازینو توندو تیژیو ستەمیش نابێت لەناوماندا هەبێت. ڕاوێژکاریو گفتوگۆو هاوکاری ئاشتیو مەدەنی دەبێت لەسەرچاوەکانی پەیوەندی نێوان خۆمان بێتو بۆئەوەی بەهەمیشەیی (رحماء بینهم) بەبەزەیی بین لەناو خۆماندا.

PDF4Kurd

ئەسپ حیلاندیو وتی: بەڵام خوشکە مانگا ئەی دوژمنان چی؟! چۆن بەرەنگاری ئەوان ببین؟ چۆن لەبەردەم دوژمنکاری ئەواندا بوەستین؟ ئایا بەهۆی برایەتیو ئاشتی نێوان خۆمانەوەو لە پیلانە جەنگاوەریو بەرگرییەکان بهێنین؟

مانگاکە بەووردی لەئەسپەکەی ڕوانیو وتی: براکەم ئەوە باسێکی ترە، دوژمنانو تەماعکاران وەك کەسو کارو برادەران نین.

دەبێت ڕۆڵەکانمان لەسەر ئەوە پەروەردە بکەین کە (ئاشتی بۆ ئەوکەسانەیە دەستی ئاشتی درێژ دەکەنو ڕووبەڕووبونەوەو بەرەنگاریش بۆ ئەوانەی دەست درێژی دەکەن) بەهەموو ڕێگایەك (گفتوگۆکارو هێز).

براکەم دەبێت هەمیشە نالّو شاخ و لوتو کەلّبە ئامادەبن بۆ ئەوانەی ئاشتیو خۆشەویستیان ناوێتو ئەوانە لای ئێمە جگە لە نالّو شۆخو لەوتو چنگ هیچیان دەست ناکەوێت.

خوشکان برایان، ئێمە دایکینو کۆڵەکەی خێزانو کۆمەڵگەین، ئێمەین بنەمای ئاشتیو ئاسایش لەدەروونو مێشکی ڕۆڵەکانماندا دەچەسپێنین، بۆیە تکام وایە ئاگاداری ڕێکاری دامەزراندنی پەیوەندییەکان بنو با لەسەر بنەمای ئاشتیو ئاسایش بنیاد بنرێت.

هەرئەوەش تاکە ڕێگای چارەسەرە بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوان خۆمان، دەبێت خۆمانو ڕۆڵەکانمان لەوە حالّی ببین کە کۆمەڵگای ئێمە پێش لاوازیو پارچەپارچەییو چەندەها کۆمەڵگای تر لەسەر بنەمای ئاشتیو ئاسایش بیناکرابوو بۆیە سەرکەوتوو سەربەرزو ڕزگار بوو.

ئێستەش ئێمە بۆ ئەوە هەوڵدەدەین کە کۆمەڵگاکەمان سەرلەنوێ سازبکەینەوە لەسەر ئەو بنەما گرنگانەو هەرکەسێکیش خویەك گرتی بەشیری تەرکی ناکات بەپیری (فمن شب على شيء شاب عليه) و (مەنجەڵیش بۆسەرقاپی خۆی دەگەڕێت) (كما تكونوا يوًّل عليكم)[1] و (والجزاء من جنس العمل) پاداشت بەپێی جۆری کردەوەکەیە یان چی بچێنیت ئەوە دەدورێیتەوە) (ولن تحصد إلا ما زرعت)... کەواتە ئەگەر ئاشتی بوو ئاشتیو چاکە بۆ چاکەو سەرئەنجامیش هۆکاری ئاشتیو مەدەنی بۆ چاکسازی سەردەگرێت، ئێمە سەر دەکەوین بەسەر بازنەی داخراوی توندو تیژیدا کە زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە.

خوشکانو برایان: دەمەوێت مژدەتان پێبدەمو بۆتان دوپات بکەمەوە کە لەمەودوا نە دوو ئاسکو نە دوو بزنو نە جووتە گاو نە مانگاکان شەرە شۆخ ناکەن مەگەر بۆ وەرزشکاری نەبێت یان بۆ یاریو گاڵتەوگەپ.

ئیتر جێگەی توندوتیژی نابێتەوەو کەس بەهۆیەوە هەوڵ نادات ئامانجەکانی جێبەجێ بکات. ڕێگا چارەی ئاشتییانە دەبێتە تاکە ڕێگا بۆ چاکسازیو لادانی ستەمو وەرگرتنەوەی ماف. ستەمکار شوێن پێی لێژ دەبێتو هەموو کۆمەڵگە بەرانبەری دەوەستن بەهەموو هۆکارێك.

ئەسپی برام: کۆتایی قسەکانم بەوە دێنم نالّو لەقەی تۆ چەکی ئێمەیە تەنها بۆ ڕووی دەست درێژکارانو تەماعکارانو ئەوانەی دەستی خۆشەویستیو ئاشتی ڕەددەکەنەوە، ئەو دەستەی ئێمە بۆ دەوروپشتمان درێژی دەکەین.

---

[1] (كما تكونوا يول عليكم) واتە: ئێوە هەرچۆنێك بن سەردارو کاربەدەستەکانتان بەوشیوەیە دەبن) بەڵام ئەو پەندە کوردییەم بەباشی زانی بۆ واتاکەی چونکە ئەویش پەندی (عەرەبییە)و لەکوردیدا ئەوپەندە بۆ ئەو واتایە وتراوە.

PDF4Kurd

ئێمە هەمیشە بەبەزەین بۆ کەس‌وکارو هاوڕێو ئاشتیخوازان، بەڵام بەهێزو بەهەڵمەتو توندوتیژین بەرانبەر هێرشکارانو دوژمنان تابگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاستو واز لە دوژمنایەتی و چاو چنۆکیو لادانەکان دەهێنن.

PDF4Kurd



**ئاشتی بۆ هەمووانە**

مانگاکە کەمێك وەستاو دەستی کردەوە بەقسەکردنو وتی:

ئەی هاوڕێیان ئێمە ئەمڕۆ ئاشتیو ئاسایش بۆ کۆمەڵگاکەمان دەستەبەر دەکەین، بەڵام لەهەمانکاتدا هەوڵ دەدەین لە هەموو شوێنێکدا بڵاوببێـەوە، چونکە ئاشتیو ئاسایشی ئێمە بەستراوە بەئەندازەی توانامان بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو دوو بنەمایە لەهەموو شوێنێکدا، ئێمە بەو بەرنامەیەی هەمانە دەستە باڵا دەبین لەو کارەداو هەموومان چاومان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی دوژمنانو هێرشکاران دەستبەرداری ڕەگەزپەرستیو چاوچنۆکیو دوژمنایەتی دەبن لەگەڵ خەڵکانی تردا، دەست لەمل دەبن بۆ برایەتیو ئاشتی سەرتاسەری و چاکسازی گشتی، بەڵێ هاوڕێیان:

ئێمە بەو تێڕوانینە ڕوونەو بەو لێبڕانو کۆششە، هەروەها بەگفتوگۆی بیناکار دەتوانین نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریو ئاشتیو ئاسایش، دەتوانین لەدوورگەکەماندا و لە دورگەکانی هاوسێدا کۆمەڵگای پڕ لە ئاشتیو ئاسایش پەریابکەین لە نێوان خۆمانو دورگەو دۆڵو ناوچەکەدا تەنها شوێنێك نەمێنێت بۆ ڕاوکردنو دەستدرێژی.

ئەسپ حیلاندیو وتی: سوپاس بۆ تۆ ئەی خوشکە مانگاو منیش یەکەم کەس دەبم کە پابەندی ئەم بنەمایە دەبم و هەوڵدەم بۆ چەسپاندنی دەدەم. ناڵو لەقەی منو هەموو ناڵو شۆخ و دەنوکو لوتەکان لە خزمەت کەسوکارو نیشتمانو هاوڕێیاندا دەبن، ئەوانە بۆچی چاکن ئەگەر پارێزگاری نیشتمانی پێنەکرێت، لێرەدا بزن ڕووی قسەی کردە هەموو ئامادەبووانو وتی:

هاوڕێیان هەموومان گوێبیستی ئامۆژگارییەکانی خوشکە کۆترو خوشکە مانگا بوین. دڵشادبووین بەقسەکانی ئەسپو پێویستە گرنگی قسەکانیان هەست پێ بکەینو سوودی لێوەربگرینو بیکەینە بەشێك لە ڕۆشنبیریو ژیریو دەروونمانو نەوەی نوێی لەسەر پەروەردە بکەین، چونکە گرنگترین بنەمای سەرکەوتنمان لە بینای کۆمەڵگاو چەسپاندنی یەکێتیدا، ئێستەش کاتی بڵاوبوونەوەمان هاتووەو کاتی خەوتنی خوشکە کوندەپەپوو هاتووە، سبەینێ بەهەمان کات خوایاربێت کۆدەبینەوە بۆ تەواوکرینی کارەکانو دامەزراندنی ژیانێکی پڕ لە ڕێزو دادوەرییو تازەکردنەوەی گیانی دڵسۆزییو فیداکارییو بۆیەك ژیان لە کۆمەڵگاکەماندا.

PDF4Kurd



## ژیر ئەو کەسەیە کە لەکەسانی ترەوە تەمێ خوار ببێت

لەکاتی دیاریکراودا گیاندارانی دۆڵەکە کۆبوونەوە هەروەك ڕۆژانی رابردوو بۆ تەواوکردنی پیلانەکانو سەرلەنوێ بیناکردنی ژیانو دەرکردنی دوژمنانو ئاوەدانکردنەوەی دورگەو دۆڵەکەیان. دوای ئەوەی هەریەکەیان جێگەی خۆی گرت زەڕافە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی گرتە ئەستۆ.

ئەسپ هاتە پێشو نزیکی زەڕافە کەوتەوەو لەسەر هەردوو پێ بەهێزەکەی دواوەی وەستاو حیلاندی و داوای مۆڵەتی کردو وتی: خوشکانو برایان:

لەدانیشتنی ڕابردوودا گوێمان گرت لە کۆترو مانگا منیش قسەکانی ئەوان دووپات دەکەمەوەو زۆر بەگرنگی دەزانم.

من زەوی خوا زۆر گەڕاومو دونیام زۆر دیووە، هەندێ گیانداری داماوو زۆر بلێ و قسە ڕەوانم بینیوە کە ناتوانن قسەو دەربڕینەکان بگۆڕن بۆ کردەوە، ڕەوشتی بەرپرسیارێتیو هاوکاریو دڵسۆزی نییەو وەك کۆتر پەروەردە نەکراوەو قسەکانی وەك پوشی دەم ڕەشەبایەو بێ ئاگاو دەستەوسانەو دوژمن چۆنی بوێت توشی نەگبەتیو رووخانی دەکاتو کەی ویستی هێرشی دەکاتە سەرو ڕاوی دەکاتو خێرو بێری لێ زەوت دەکات.

ئەسپ کەمێك وەستاو پاشانوتی: خوشکانو برایان:

دەبێت پەند لەڕابردووی خۆمانو کەسانی تر وەربگرین چونکە ژیر ئەوکەسەیە بە بەسەرهاتەکانی خەڵکی تەمێ خواردوو دەبێت کەواتە باکارەکانمان بەگرنگیو لێبڕانەوەوەرگرینو تەنها بەوتن کۆڵ نەدەینو تەنها نیاز بەس نییەو ڕووکەش هەڵمان نەخەڵەتێنێ، بەڵێ نیاز گرنگەو ڕووکاریش نیشانەی ناوەڕۆکە، بەڵام هەندێ جار ڕووکەش دەلەسەیەو پێچەوانەی ناوەڕۆکە.

کەواتە هاوڕێکانم، دەبێت پێوەری ئێمە بۆ ئەندامان بەرهەمی کۆششو شوێنەواری کردارەکانیان بێت نەك ڕووکەشو شێوازو قسەی لوس. بەڵکو ئەوەی گومانو دوودڵی لای کەسی وریاو زیرەك دروستدەکات زیادە ڕەوییە لە زۆر بلێ بۆ ڕووکەشی بەرانبەر.

هاوڕێیان: لەوانەیە لەبیرتان بێت چۆن بەرازەکە بە دەستی ورچی هاوڕێی لەناو چوو کاتێك بەچەپۆکە قورسەکانی ویستی مێش لەسەر لمۆزی بەرازەکە بکوژێت، کەچی بەرازەکەی هاوڕێی کوشت. خۆ نیازی چاکەی هەبوو بەڵام تەنها نیازی چاك بیێو وریاییو زیرەکی بەرهەمی چاکی نابێت.

خۆشەویستەکانم: ئەوەشتان لەبیرە چۆن جرجەکان چیان بەسەرهات کاتێك متمانەیان بەهەڵۆکە کرد کە زۆر حەزی لەڕاوو کوشتنی کەروێشك و جرج هەیە، ئەو ڕوودواوە سێ ساڵی بێبارانو گرانییە کە بوو کە هەڵۆ هاتە سەر درەختێك و تەنها لەبەری ئەو دارەی دەخواردو خۆی بەتۆبەکار و پارێزکار نیشاندەدا، بەزمانی لوسو قسەی شیرین خۆی کردە جێگەی متمانەی جرجەکانو پێشنیاری بۆ کردن کە دەتوانێت یارمەتیان بدات یەکە یەکەو بیانگوێزێتەوە بۆ دۆڵێکی ئەوبەری ئاو کە پڕە لە خێرو بێر.

جرجە ساویلکەکانیش بەقسەی لوسو شێوازەکەی خەڵەتانو داوای هیچ بەڵگەیەکی ڕاستی قسەکەیان لێ نەکرد.

ئەویش هەموو ڕۆژێك جرجێکی دەخستە سەر پشتی خۆیو بەرز دەفڕی تا دوور دەکەوتەوەو بەئاڕاستەی شاخەکە دەچوو پاشان جرجەکەی فڕێ دەدایە خوارەوەو دەیکوشتو بەئاسانی و بێ ماندووبوون دەیخوارد.

PDF4Kurd

هەمو ڕۆژێك بەم شێوەیە جرجێكی دەخواردو كەس بەكاری هەڵۆكەی نەدەزانی، تا ڕۆژێك جرجێكی وورياو زیرەك لەوانەی كەبەقسەو شێواز ناخڵەتێن بڕیاریدا هەڵۆكە تاقیبكاتەوە.

بەهەڵۆكەی وت دەبێت یەكێك لەو جرجانەی گواستوتەوە بگەڕێنیتەوە تا هەواڵی ئەو دۆڵە خۆشەمان بۆ باس بكات.

هەڵۆكە هەموو ڕۆژێك دەستی دەستی پێدەكردنو نەگەڕاندەوە، جرجەكان گومانیان بۆ دروست بوو، جرجە وریاكە بڕیاریدا خۆی بەدوای ڕاستییەكەدا بگەڕێت.

ڕۆژێك دوای هەڵۆكە كەوت و بەئاراستەی فڕینی ئە ڕۆیشت چەند ڕۆژ ڕێگەی بڕی تاگەیشتە ئەو دۆڵەی هەڵۆكەوەسفی كردبوو، باسی نازو نیعمەتەكانی كربوو، كەجرجە برادەرەكان تێیكەوتبوون، جرجەكە گەیشتە ئەویّ ڕاستی گومانەكەی لا ئاشكرا بوو ئێسكو بروسكی جرجەكانی بینی بەسەریەكدا كەوتبوون لەقەدپاڵی كێوەكەدا. درۆو ناپاكی هەڵۆكەی بۆ دەركەوت و بەپەلە گەڕایەوە بۆلای تیرەی جرجەكانو هەرچییەكی دی بۆی گێرانەوە، بۆی باسكردن كە چۆن بەقسەی لوسو شێوازی هەلۆكە خەڵەتاون.

ئەوەی مابوو لەدەست هەڵۆ ڕزگاریكرد:

هاوڕێكانم: ئەمەیە چارەنوسی هەموو ئەوكەسانەی بەشێواز دەخەڵەتێنو دوای پروپاڵانتە دەكەون.

بەڕاستی تەنها قسەو لاف لێدان بەس نییە، بەڵكو دەبێت كەسانی ژیرو وریا سەیری كارو بەرهەمی كار بكاتو شوێن دەستو بەرهەم دەبێت پێوەر بێت بۆ متمانە پەیداكردنو ڕازی بوون بەبەرانبەرەكەت، دەبێت زۆر بەوردی ئەندامانی سەرۆكایەتی هەڵبژێرین بەكردەوەكانیان حوكم بدەین بەسەریاندا نەك بە قسەی لوسو پاراوانەی لە هۆڵی كۆبوونەوەكاندا یان لەسەر كەناڵەكان دەیكەن.

دەبێت لێبڕاوبینو كۆشش بكەینو كاری بەجیّ ئەنجام بدەینو هەرچی دەیڵێین پیلانی كاری ڕاستەقینەبنو بەوتەكانمان ئامانجەكانمان بپێكینو خۆمانو كەس و كاری دوورگەو دۆڵەكەمان بپارێزین.

ئەگەر وانەكەین بیرو پیلانەكانمان تەنها گاڵتە جاڕییەو ژیانمان وەك شانۆیەكی بێ ئامانجەو سەركردەكانمان دەبنە ئەكتەرەكانی ئەو شانۆیەو ئێمە كارمان نابێت بەوەی لەسەر ئەو شانۆیە ئەنجامی دەدەن، تەنها كاریان ئەوەندە دەبێت سەرقاڵمان بكەنو ئاگامان لەو مەترسییە نەمێنیّ كە گەمارۆی داوینو ئەوكاتە دەبنە هاوكاری دوژمنەكان .

خۆشەویستان، بەڕاستی سەركردەی سەركەوتوو تەنها نوێنەریان خاوەن بەرژەوەندی یان داردەستی بێگانە نییە، بەڵكو دەبێت دەستەی سەركردایەتی كارامەبنو لێبڕاوانە بەدڵسۆزی شان بەشانی گەل كاربكەن لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی بەرەنگارییان دەبێتەوە لەتازەكاریو كاری بۆری دەرەوەو، ئەكاتە لەگەڵ گەلدا دەست لەناو دەست دەبن بۆ سوودی هەمووان. سەركردەی كارامەو لیبڕاوو سەركەوتوو دەبێت بەوشێوەیە بێت نەك هۆكاری مەست بوونو خەڵەتاندن كە دۆست دەگریەنێتو دوژمن شاد دەكات.

سەركردەی نەزان هیچی لێنایەت تەنها خیانەتو ناپاكی نەبێت بۆیە زیانی لەسوودی زۆرترەو بێگومان لە چاوی گەلیشدا ڕیسوا دەبنو دەبنە هاوكاری دوژمنو خێریان لیّ چاوەڕیّ ناكرێت.

PDF4Kurd

بەڵێ خوشکانو برایان: جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بەرهەمی کاری سەرۆککارو کرێکار لەگەڵ کاری بانوڵو ئەکتەرەکانی سەر تەختەی شانۆ، ئەوەی بەرووکەش دەیکەن ئەوەنییە کەلەناخیاندایە، ئەوەی ئەیڵێن خۆیان نایکەنو تەنها ڕیابازو دووڕووەکان باوەڕیان پێدەکەن.

هاوڕێکانم: ئەوانە ئەو بەندەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت کەلە یەکێك لە حەکیمو داناکانی دوورە وڵات کە لە پشتی ئۆقیانووسەوە دەژی بەژیانێکی سادەو خاکی. ئەو دانایە وەسفی ئەوانە دەکاتو دەڵێت: (گوێ لەقسەکانت دەگرم پێی سەرسام دەبمو پێم جوانەو کاتێك کردەوەت دەبینم سەرم سوڕدەمێنێ)[1].

لێرەدا مەیمون بازی هەڵدا بۆ ئەوەی لەسەر نزیکترین لقی بەردەم ئامادەبووان بوەستێتو (توتی)ش شوێنی کەوت.

مەیمون داوای مۆڵەتی لەزەرافە کردو زەڕافەش وردبوویەوە لەمەیمون بزانێت ئایا بەڕاستێتی، کاتێك زانی گاڵتە ناکات مۆڵەتی پێداو گوێی بۆ ڕاگرت.

مەیمون وتی: خوشکانو برایان، حەقی خۆتانە بەچاوی گومان سەیری ئێمەو توتی بکەن هەروەك چۆن ئەو گومانەم لەچاوی زەڕافەدا خوێندەوە کاتێك داوای مودلخەلەم کرد، چونکە ئێوە وادەزانن ئێمەی کۆمەڵەی مەیمونو توتی تەنها بۆ دووڕوویىو پیاهەڵدان لەئەندامانی سەرۆکایەتیو سەرۆککارەکان نزیك دەبینەوە نەك بۆ کارو دڵسۆزی، دووڕوییو پیاهەڵدان لەڕەوشتە خراپەکانەو دەبێت مرۆڤی کارامەو لێپرسراو خاوەنی ئەو ڕەوشتانە لە خۆیان دووربخەنەوە، چونکە خیانەتیان لێ دەکەنو خەڵکانی دڵسۆزو بەشەرەفیان لێ دوور دەخەنەوەو کاری تاکڕەویو گەندەڵکارییان لەلا ئاسان دەکەن کە سەرەراپای ئەو کارانە پڕە لەزیان بۆ ئەوانو خەڵکیش.

مەیمون لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، وتی: ئەوەی لەم دانیشتنەدا باسکرا هەموویم بیست کاتی ئەوەش هاتووە گوێ بۆ ئامۆژگاری دڵسۆزییەکانی ئێوە بگرین، کاری ئێمەش دەبێت تەنها لە تەمسیلو ڕەوانەوەی خەمو بۆ پیکەنین بێت نەك بۆ درۆو پیاهەڵدانو لادان، دەبێت هەمووی لەوە بگات لەدوورگەی بیناسازاندا جێگەی ڕەوشتی جارانی مەیمونو توتی نابێتەوە.

چونکە لەوڵاتێکدا دادو بەرپرسیارێتی دڵسۆزی بەرپابێت جێگەی درۆو پیاهەڵدانو دووڕوویی نابێتەوە، هەموو تاکێك مافی خۆی لەکارو لێدانو دڵسۆزی وەردەگرێتو توتیو مەیمونیش جێگەیان سەرتەختەی شانۆو پێشانگاکانی پێکەنینو شادیو شادی نەبێت.

هەموو لە خۆشی قسەکانی مەیمون دەستیان کردە چەپڵە ڕێزانو لەهەمانکاتدا بە جموجۆلە سەیرەکانی پێ دەکەنین.

زەڕافەش بەپێکەنینەوە وتی: بەڵێ هاوەڵان (پەند لە دەمی مەیمونەوە وەردەگرین )

[1] عەرەبییەکەی (إسمع کلامك یعجبني ، أشوف فعالك أتعجب) بۆ کەسێك دەوترێت قسەو کرداری پێچەوانەی یەکتر بن.

PDF4Kurd



### دڕك وەك گوڵ نییە

گیانلەبەرە چاکخوازەکان هێشتا هەر پێدەکەنین بەمەیمونی هەزەلی، لە پڕ دەنگی خشەی گەڵاو لقی درەختەکەی لای ڕاستی زەڕافەکە سەرنجی ڕاکێشانو چاویان بڕیە پشت گەڵاکانو یەکسەر لە نێوان لقەکانەوە دیمەنی جوانی (شینەشاهۆی) ڕەنگاو ڕەنگی وردیلە دەرکەوتو بەسەر ڕاسەری گیانلەبەرکان بەئارامیو ناسکی کەمێك فڕی و گەڕایەوە سەرلقێکی گەورەی درێژی ئەو دارەی خۆی تێدا حەشاردابوو، سەرە جوانەکەی کەمێك لەقاند بەلای ڕاستو چەپدا تا جارێکی تر بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر گیانلەبەرەکاندا.

شینەشاهۆکە وتی: خوشکانو برایان بەدرێژایی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو لە نێوان ئەم لقو پۆپەدا چاودێری کۆبوونەوەکانی ئێوەم دەکردو گوێم لەگفتوگۆکان ڕادەگرتو سوور بووم لەسەر ئەوەی هیچیم لەدەست نەچێت.

من حەز بەقسەکردن ناکەم مەگەر کاتی پێویست نەبێت، چونکە قسەی زۆرو زیاد لە پێویست نەخۆشییە (خواپەنامان بدات).

پێتان ئەڵێم: بەڕاستی کۆبوونەوەکان زۆر سەرکەوتوو چاك بوو، بەڕاوێژکاری گەشتن بەچەندەها بیرۆکەی چاكو بنیاتنەرو سوودتان لەهەموو بەهرەکان وەرگرتو پەنجەتان خستەسەر زۆرێك لە هەڵەکانو چارەسەری گونجاوتان دیاریکرد، بۆیە هەستم دەکرد تا ئێستا پێویستی بەقسەی من نەکرد.

من بەدڵ و گیان لەگەڵ ئێوەدامو کۆمەڵەکەشم لەگەڵ کۆڕی هەموو باڵندەکان لە پێناو خزمەتکردنی دورگەو دۆڵو گیاندارە ئاشتی خوازەکاندا تێدەکۆشین.

بەڵێ خوشکانو برایان، ئەگەر قبوڵمان بکەن، یەك خاڵ ماوە زۆر گرنگە بزوێنەرو پاڵنەری هێزە دەرونیو زینەوەرەکانمانەو دەمەوێت هەموومان لەبەرچاوی بگرین.

ئەوخاڵە گرنگەش ئەوەیە: دەبێت ئامانج لەژیانو واتای ژیان بەڕوونی بزانین. چونکە تێگەیشتن لەژیانو واتای ژیان دەبێتە بزوێنەرو فاکتەری بەگەرخستنی تواناکان.

دەبێت ئاماجمان لەژیانو کارکردن هەر لەسەرەتاوە بۆ خۆمانو نەوەکانمان ڕۆشن بێتو نەوەی داهاتووی لەسەر پەروەردە بکەین.

بەڕاستی دەبێت ژیانی هەر یەکێك لە ئێمە واتاو ئامانجێکی هەبێت، جگە لە خواردنو خواردنەوەو ڕابواردن، نابێت ئەوانە ببنە ئامانج، چونکە ئەوانە واتای ژیان نادەن بەدەستەوە، بێگومان خواردنو خواردنەوە هۆکارن بۆ جێبەجێکردنی واتای ڕاستەقینەی ژیان کە ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنو چاکسازییە بۆ خۆمانو گیانلەبەرە ئاشتی خوازەکانی دەوروپشتمان. بەڵێ هاوەڵان، دەبێت ئامانجی چاكو گەورەمان هەبێت بۆ خزمەتکردنی هەموو چاکخوازان.

نابێت ڕاوکردنو ستەمو دەست درێژی ببێتە ئامانج بۆ بەدەست هێنانی خۆراكو خواردنەوە ئەگەر وابوو ژیان دەبێتە تەنها ژیانێکی ماددی پڕ لە خراپەکاریو بەدڕەوشتی.

خۆشەویستەکانم: بەسە ئەوەی دەیبینینو دەیچێژینو لێی بێزارین بەهۆی گیاندارە دڕندەو ڕاوچییەکانەوە کەتەنها بەدوای ئارەزووخۆشی خۆیاندا دەگەڕێن بەهەموو هۆکارێکی دەستدرێژی بۆسەر ئێمە، ئێمەش بەهۆی لاوازی خۆمانەوە لەخێرو بیری دورگەو دۆڵەکەمان بێ بەش کراوین.

PDF4Kurd

خوشكان برايان، دەبێت ئامانج لەژيانی ئێمەدا ئەوە نەبێت لەدورگەو دۆڵەكاندا باشترین ئاوەدانی دروست بكەینو هەموو ئەو تواناو خێرو بەهرانەی خوا لەم شوێنەدا دایناوە دەری بخەینو هەمووی بۆ خزمەتی خۆمانو ڕۆڵەكانمان بەكاریبهێنینو هەموو جوانیو سەمەرەكانی ئەم شوێنە ئاشكرابكەین.

هێزیش بۆ پاراستنی دورگەكەمان لە خراپەی دەستدرێژكاران بنیات بنێین. ئەوكاتە خۆشگوزەرانیو ئاسایش دەستەبەر دەكەین بۆ نەوەی داهاتوو.

بەڵێ: ماناو تام لەژیاندا نییە ئەگەر بوونەوەر بەخێروبێرو نهێنییەكانییەوە ژێربار نەبێت بۆخۆمانو نەوەی داهاتوو.

با ئێمە هەموومان بەیەك دەستو بەوپەڕی دڵسۆزی كاربكەین بۆ ئاوەدانكردەوەی دورگەكەمان واتای خێر لەژیاندا جێبەجێبكەینو بگەینە خۆشیو ئاسایش، ئەوكاتە ئارامو ڕازی دەبینو دەخۆینو دەخۆینەوەو ژیانمان پڕ لەواتاو ئامانجی چاكە دەبێت. ئەوەیە تاموچێژی دروست نەك ژیانمان بەسەر بەرینو كە مردین لە شتێكی مردوو كەلاكێكی بۆگەن كە دۆست پێش بێگانە لێی ڕادەكات.

PDF4Kurd



**سمۆرەکە سەری کەرەکە خوێناوی دەکات**

لەکاتی وتەکانی شینەشاهۆدا کەرەکە بەتوندی زەڕاندی و بازێکی بەرزیداو دەستی بەسەریەوە گرت.

سەرۆکی کۆڕەکەش کەزەڕافە بوو چەپڵەیەکی لێداو داوای بێدەنگی لەهەمووان کردو بەرەو لای کەرەکە ڕۆیشت تابزانێت چی ڕویداوە.

ئەسپیش بەرەو کەرەکە کەوتەرێو سەیری سەری کرد دەبینێ هەڵئاوساوەو خوێنیشی بەلای گوێ درێژەکەیدا دێتە خوارێ، پرسیاری لێکرد: برای کەرم چی ڕویداوە؟! چی سەری تۆی خوێناوی کردووە؟

کەرەکەوتی نازانم تەنها ئەوەندە دەزانم شتێکی ڕەق بەر سەرم کەوتو ئێشی پێگەیاندم.

بزن سەیرێکی ئەو ناوەی کردو گوێزێکی گەورەی بینی کەوتووە، کاتێك هەڵیگرتو لێی وردبوویەوە دەبینێ شوێنەواری خوێنو توکی سەری کەرەکەی پێوەیە، بۆی ڕوون بوویەوە کە ئەم گوێزە لەدارگوێزەکە بەربۆتەوەو سەری کەرەکەی خوێناوی کردووە بۆیە هاواری کرد: دۆزیمەوە... ئەو گوێزە گەورەیە کەوتۆتە خوارێو بەرسەری کەرەکە کەوتووە، ئەسپو هەموو گیاندارەکان سەریان بەرزکردەوە دەبینن سمۆرەیەکی کلك زل بەسەر دارگوێزە گەورەکەوەوەستاوەو دەلەرزێ لەترسی چاوتێبڕینی گیاندارەکان کە داوای دابەزینیان لێکرد.

مەیمون زۆر بەخێرایی بەسەر دار گوێزەکەدا سەرکەوتو سمۆرەکەی گرتو بەرەو خوار هێنای بۆ بەردەم زەڕافەی سەرۆكو وگیانلەبەرەکان، لەم کاتەدا پشیلە هاتە پێشەوەو بەسەر ملی کەرەکەدا سەرکەوتو بەزمان جێگەی برینەکەی دەلێسایەوە..

چونکە لیکی پشیلە پڕە لە ماددەی پاکژکەرەوە کە خۆیو بەچکەکانی پێ پاکدەکاتەوەو شوێن چنگولی مشکیشی پێ تیمار دەکات کاتێك دەیەوێت ڕاوی بکات یان لە پەنیرو خۆراکەکان دوری بخاتەوە.

کوندەپەپووەکەش هاتو لەتەنیشتی زەڕافەکەوە وەستا تا بەلێزانییەکەی خۆی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە بەشێوەیەك ڕووداوەکە نەبێتــە هۆی ووروژاندنو هەڵچوونی گیاندارەکان.

کوندەپەپوو پرسیاری لە سمۆرەکە کردو وتی:

تۆ بۆچی ئامادەی ئەم کۆبوونەوانە نابیت؟ بۆچی لەسەر ئەو درەختە بۆیتە هۆی خستنەخوارەوەی ئەو گوێزە بەسەر کەرەکەداو ئازارت دا؟.

سمۆرەکە تف لەدەمیدا وشك بوو بوو دەمی تەتەڵەی دەکرد بەهۆی کارەکەیەوەو خراپی تێڕوانینی گیاندارەکان بۆی.

کوندەپەپوو پێی وت: مەترسە بۆمان باس بکە بزانین ڕووداوەکە چۆن بوو؟. تۆ دەزانیت ئەم کۆبوونەوانە لەبەرژەوەندی هەموومانە، دەبێت سەرلەنوێ تواناکانمان یەك بخەینو ڕیزەکانمان ڕێکبخەینەوە بۆ بەرەنگاری دوژمنە دڕندەکانو دورگەو دۆڵەکەشمان ئاوەدان بکەینەوە، بۆیە بەلامانەوە گرنگە بزانین بۆچی ئامادەنەبوویتو چی دەکەیت لەسەر ئەو دارگوێزە؟!

سمۆرەکە وتی: هاوڕێیان هۆی هەموو ئەوانە ترسە لە برسێتیوهەوڵی خۆپارێزیو پەیداکردنی خۆراکە بۆزستان کە نزیك کەوتۆتەوە.

PDF4Kurd

ئێوە دەزانن خۆراکی ئێمەی سمۆرە چەرەزانە بەتایبەت گوێزو فستەقو بادەم ئێستەش کاتی پێگەیشتنی ئەو بەرهەمانەیەو لەزستاندا دەست ناکەوێت. لەبەرکەمی ئەو دارانە لەناوچەکەماندا‌و زۆری بخۆری ئەو بەرهەمانەش لەناو گیاندارەکاندا.

من لە هاوینو پایزدا لەو بەرهەمانە دەخۆمو چەندیش بتوانم لێی هەڵدەگرم بۆ زستانی سەختی بێ بەر، ئەگەر وانەکەم لەسەرماو لەبرسا دەمرم، داوای لێبوردنیش دەکەم لە ئامادەنەبوومو بووم بە هۆی ئازاردانی گوێدرێژەکە. تەنها ئەوەی بیرم لێدەکردەوە برسێتیو سەرمای زستان بوو.

دەبێت هەمیشە لەکاردا بم تا زۆرترین بەرهەم کۆدەکەمەوە پێش ئەوەی گیاندارەکانی تر قرِی تێ بخەنو پێش هاتنی زستانی ساردیش.

کوندەپەپوو سەیرێکی دەموچاوی گیاندارەکانی کرد بینی نیشانەی تێگەیشتنو ڕەزامەندی بەڕوویانەوە دیارە، بۆیە ڕوویکردە سمۆرەکەو وتی: برای بەڕێزم مەترسە ئێمە لەهەست هۆکارەکانت دەگەینو دەزانین تۆ مەبەستی خراپەت بۆکەس نەبووە. سوپاس بۆ خوا کەبرینی کەرەکەش مەترسیدار نییەو تۆش ئەوە بزانە ئەگەر ئامادەی دانیشتنەکان بوویتایەو گرفتی خۆتت باس بکردایە ئێمە یارمەتیمان دەدایتو بەرهەمی هەندێ دارگوێزمان تایبەت دەکرد بە تۆوە بەئارەزوو پێویستی خۆتت لێ ئامادە دەکرد.

شوکور بۆ خوا ئێمە ئێستەوەك تاکەکەس کارناکەین تا هەرکەس خەمی خۆی بێت. ئەوەش بزانە خزمەتکردنی داری بادەمو فستەقو گوێز و هەموو خۆراکێك لەکارە گرنگەکانی ئێمەیە.

لە ئێرەوە بەدوا ئیتر کەس ترسی برسێتی یان کەم خۆراکی نابێت، تۆ تەنها ئەوەندەت لەسەرە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبیتو خاتوو پشیلەش باسی کۆبوونەوەکانی پێشوت بۆ دەکات.

مەیمون کە تواناى زۆرە بۆسەرکەوتن بەسەر هەموو دارێکداو زەڕافەش بەهۆی بەرزی ملییەوە یارمەتیت دەدەن بەشی زستانت لەو بەرهەمانە کۆبکەیتەوە.

کوندەپەپوو لەبەردەوامی قسەکاندا بۆ سمۆرەکە وتی: ئەوەی ئێستە ماوە تەنها ئەوەندەیە داوای لێبوردن لەکەری برات بکەیت.

سمۆرەکە لەسەر هەردوو پێ کوڵەکانی وەستاو بەرەو کەرەکە هاتە پێشو پەشیمانی و داخ لەڕوویدا دیار بوو داوای لێبوردنو گەردن ئازادی لێکرد.

کەرەکەش داواکەی وەرگرتو وتی:

براکەم ئەمجارە داواکەت وەر دەگرمو بیانوت قەبووڵ دەکەم.

بەپێکەنینەوەوتی: بەڵام تکام ولیە جارێکیتر ئەوە دووبارە نەکەیتەوە ئەگین لە جووتەی بەهێزم ڕزگارت نابێت.

سمۆرەکە پێکەنیو گیاندارەکانیش بەم شۆخی کردنەی نێوان سمۆرەو گوێدرێژەکە پێکەنین.

سمۆرەکە هاتە ڕیزی گیاندارە ئاشتیخوازەکانو لەتەنیشت پشیلەکە وەستا بۆ بەردەوامبوون لە کۆبوونەوەکەدا.

PDF4Kurd



**هەمووومان هەنگو گوڵمان خۆش دەوێت، حەز بە هەنگوینو بەرهەمیشی دەکەین**

زەڕافەکە لای بەلای ئەندامانی کۆبوونەوەکەدا کردەوەو داوای بێدەنگی لێکردن تا بتوانن بەبەردەوامی بەکۆبوونەوەکە بدەنو گفتوگۆکان بەئەنجام بگەیەنن.

کوندەپەپووش بچێت بخەوێتو گیانلەبەرەکانیش بەئەرکی ڕۆژانەی خۆیان هەستن، جارێکی تر شینەشاهۆ هاتە پێشەوە بۆتەواوکردنی باسی ئامانجی بوونو واتای ژیان، بەڵام وەك جاری پێشوو لەسەر چڵ نەنیشتەوە بەڵکو بەهێواشیو ئارامی بەسەر گیانلەبەرەکاندا دەفڕی تابتوانێت قسە گرنگەکانی بگەیەنێت بەهەموو گیانلەبەرەکان، گیانلەبەرەکانیش هەریەکەیان لەشوێنی خۆیان گوێیان بۆ شینەشاهۆ ڕادەگرت، بابەتەکەیان بەلاوە گرنگ بوو، چونکە پەیوەستبوو بە بیروباوەڕی کۆمەڵگەکەیانو بزوێنەری تواناو وزەکانیانەوە، ئەگەر ئەوە نەبێت لاوازو پەرتەوازەو دواکەوتوو دەبن وەك جاران.

شینەشاهۆ ئێشتا هەر دەفڕی وتی: هاوڕێیان من دەمەوێت قسەکانم بەوێنەیەك بەرجەستەبکەم کەواتای ژیانو ئامانجی بوونیو گرنگی ئەوباسە دەربخات. پێش ئەوەی ژیانمان کۆتایی پێبێت چونکە جیهانێکی سەیری ڕازاوەی جوانو خاوەن هەموو پێویستیو ژێربارخراو نابێت بێ واتاو بێ ئامانج بێت. تەنها بۆ زاوزێو خواردنو خواردنەوە دروست نەکراوە، بەڵکو دەبێت چەندە جیهانەکەمان جوانو ئاوەدانو بێ کەموکوڕیو تێروتەسەلە ئێمەش ژیانمان بەپێی ئەو ڕێکبخەینو ئاوەدانکردنەوەمان شیاوو لایەق بێت بەبونەوەر.

برایان دەبێت چاکەو ڕاستیو بنیاتنانو ئاوەدانی هەبێت، نەك ستەمو گەندەڵیو خراپەکاری.

دەبێت هەمووومان خەڵك بانگ بکەین بۆلای ڕەوشت بەرزیو چاکەو ئاوەدانیو دڵسۆزی لەجێبەجێکردندا.

پاڵنەرو بزوێنەریش بۆ ئاوەدانکردنەوەو چاکخوازی لەناخو سروشتدا هەیە لەسەر ئەو بنەمایە خوای ئێمە بونەوەری دروستکردووەو دەبێت ئێمەش لەسەر ئەوە ژیانمان بینا بکەین.

خوشکانو برایان، چەند نموونەیەك دەهێنمەوە بۆئەو ژیانەی کەواتاو ئامانجی نییە بۆ ئەوەی سووربین لەسەر دابینکردنی ژیانی پڕ لەواتاو ئاوەدانیو داهێنان.

هاوڕێیان وێنەی ژیانی بێواتاو بێ ئامانج لەڕاستیدا وەك درەختی بێ گوڵ و بێ بەرە، ئایا کەس لە ئێمە درەختی بێ گوڵو بەرهەمی دەوێت؟ !هەروەها ژیانی بێ مانا وەك زەوی بێ پیت وایە، بێ ئاوو بێ سەوزایی.. ئایا کەس لە ئێوە زەوی وشکی بێ ئاوو سەوزاییو کشتوکاڵی دەوێت؟ یان وەك کانییەك وایە لە شاخێك بێتە دەرەوەو بەناو تاشەبەردەکاندا بڕژێتە دەریای سوێرەوە بەشێوەیەك نەزەوی پاراو بکات و نەهیچ سەوز بکات. ئایا کەسمان کانی بەو شێوەیەی دەوێت؟.

هاوڕێکانم جیاوازی ژیانی بێ ماناو بێ ئامانج و ژیانی پڕ واتا و بەئامانج وەك جیاوازی نێوان دڕكو گوڵو هەنگوینی شیرینو ژەهراوی مارە[1] یان وەك بەرووبوومو میوەی گەیشتووە لەگەڵ بەردی ڕەقدا یا وەك دەرمانو دەردە یان وەك هەنگو مێش وایە.

---

[1] لەعەرەبییەکەیدا (الصبر المر) دانراوە کە گیایەکی زۆر تاڵە لە گەرمەکاندا دەڕوێن درکاویەو گەڵاکانی گۆشتنن.

PDF4Kurd

کەسێك نابینی حەزی لە دڕكو ژەهری مارو بەردو دەردو مێش هەبێت. بەڵام هەمووی حەز بەهەنگو گوڵو میوەو دەرمانو شیفا دەکەین.

کاتێك ناوی هەنگ برا مەیمون بازێکی داو قیژاندی وتی: من هەنگم خۆش ناوێت... پێوەئەداو ئێشی هەیە... واز لە هەنگ بهێنەو باسی مەکە تەنها گوڵ و بەرهەم بەسە.

هەنگێك لە سەر گوڵێکی نزیك لە کۆبونەوەکە گوێی لە هێرشەکانی مەیمونەکە بوو بەتوڕەیی هاتە سەرسەری مەیمونەکەو بەدەوریدا دەسوڕایەوە مەیمونەکەش چاوىو سەرى دەسوڕاند لە ترسی پێوەدانی هەنگەکە.

شینەشاهۆکە هاتە نزیك مەیمونەکەو پێی وت: ئارام بە هەنگ لە باشترین ئەندامانی کۆمەڵەی ئێمەیە، بەسەر گوڵەکاندا دەگەڕێ و تۆوی نێوانیان دەگوێزێتەوە، پیتاندن بەهۆی ئەوەوە ڕوودەداتو بەرهەم دروست دەبێت، هەرئەویشە بۆ ئێمەو بێچوەکانمان هەنگوینی بەتامو چێژ دروست دەکات.

دەبێت ڕێزی لێبگریتو خۆشت بوویت نەك لێی بترسی. گوڵەکەی کە هەنگەکەی لەسەر وەستابوو ووتی: بەڵێ خوشکم بەڕاستی هەنگ خوشکێکی بەخشندەیە لەگەڵ بچووکی قەبارەیدا بەڵام ئەندامێکی کاراو گرنگە لە دۆڵو دوورگەکەماندا خزمەتی هەموومان دەکات، نابێت کەس بەخراپەو نەفامی باسی بکات.

مەیمونەکە هەر سەرەسوڕەی بوولە ترسی هەنگەکەو چاوی بڕیبووە جوڵەی هەنگەکەو دەترسا پێوەی بدات، لەپڕ قیژاندی بەسەر شینەشاهۆکەداو وتی: ئێوە دەزانن دەرزییەکی تیژی سامناکی پێوەیەو پێوە دانیشتنی زۆر بەئازارەو هەنگ خۆیشی نکۆڵی لەمەناکات.

شینەشاهۆ وتی: بەڵێ براکەم هەنگ دەرزیی هەیە، بەڵام لە کەسی نادات مەگەر هێرش بکرێتە سەری، تۆ وازلە کردەوە مەیمونییەکانت بهێنە ئەویش هیچ کات ئازارت ناداتو دەبێتە خوشکێکی چاك بۆت، مەیمون کەمێك بیری کردەوەو پاشان وتی: بەڵێ بەڵێ خوشکم تۆ ڕاست دەکەیت منو هاوڕێکانم ئیتر ئازاری هەنگ نادەینو بەڕەنگاری ناوەستین ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ خۆپاراستن لە دەرزییەکانی.

شینەشاهۆ وتی: دەئیتر براکەم ئارام بەو بێگومان تووشی هیچ خراپەیەك نابیت، مادامێك بەڵێنت داوە ئازاری هەنگ نەدەیت.؟

دەرزی و پێوەدانەکانیان دەبنە چەکێکی تر بۆ پاراستنمانو هەموومان خۆشمان دەوێو ڕێزی دەگرین، تۆش دەبێت وەك ئێمە هاوکارو خۆشەویستو خاوەن ڕێز بیت بۆ ئەو خزمەتەی هەنگەکە پێشکەشی ئێمەی دەکات.

شینەشاهۆ ڕوویکردە گیاندارەکانو وتی: پێش ئەوەی قسەکانم دەربارەی واتای ژیان تەواو بکەم تکام وایە هەمووماندەنگی سڵاو بۆ خوشکە هەنگ بەرزبکەینەوە. سڵاو لەدەرزیو پێوەدانەکانیشی کە تەمێکاری نەفامو دوژمنو چەتەو خراپەکارەکانی کێڵگەو گوڵو باخچە گشتییەکانمانن.

هەموو گیاندارەکان بەدەنگی بەرز سڵاویان لەهەنگ کردو هەنگیش گەڕایەوە باوەشی گوڵە گەشە جوانەکەو ئەویش زۆر بەسۆزو بەنەرمی لەباوەشی گرتەوە.

---

ئەو گەڵایە لەناو عەرەبدا دەکرێتە نمونە بۆ شتی زۆر تاڵ و ئارام گرتنیش بەناوی ئەو گیایەوە ناونراوە، بەڵام من (ژەهری مار)م نوسی چونکە کورد بۆشتنی وام ئەوە بەکار دەهێنێ.

PDF4Kurd

دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە ئارامیو بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشایەوە شینەشاهۆ فڕییە سەر لقێکی دیار بۆ ئەوەی قسەکانی دەربارەی ژیانو ئامانجو واتاکانی تەواو بکات، وتی: خوشکانو برایان:

پێش ئەوەی جارێکی تر مەیمون بەترسو خەیاڵی بێ بناغە وتەکانم پێ ببڕێت با باسەکەم تەواو بکەم، هەرچەندە ناوبڕەکەش سودی هەبوو بۆ لابردنی ترسی بێ هودەیی مەیمون، لەلایەکی تریش مەیمونو هاوڕێی مەیمونی فێرکرد کە جیاوازی هەیە لە نێوان چەکی بەرگریو چەکی دەستدرێژیو ئەو دوانە پێچەوانەی یەکترن.

چەکی بەرگری زۆر پێویستە بۆ ئارامی دەرونو هەستکردن بەئاسایشو هەروەها دەستکەوتەکانیشی دەپارێزێت.

بەڵێ هاورێکانم، بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. ئێمە بۆئەوەی مانای بوونی خۆمانو باوباپیرانو نەوەکانمان بزانین دەبێت ڕەوڕەوەی گەشە پێدانو دروستکردنی شارستانی دورگەکەمان لەکاری بەردەوامدا بێت هەمیشە نموونەی زۆر جوانی دەوروپشتمان بهێنینەوە یادمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی دۆڵو دورگەکەمان بۆ بەکارهێنانو دەرخستنی خێرو بەهرەکانو لە خزمەت چاکخوازان پاراستنیان لەهەموو خراپەیەك بەکار بهێنرێن ئەگەر کاری دڵسۆزانەو بەرهەم هێنانو ئاوەدانکردنەوە نەبێت ژیانواتاو ئامانجی نابێتو شەریعەتو بەها باڵاکانیش نامێنێتو هەموو ژیان دەبێتە یاریو گاڵتەجاڕیو دەرگای هەموو جۆرە خراپەیەك واڵا دەبێت.

ژیانی بێ ئامانجو بێ واتا شایەنی ئەوە نییە ناوی ژیانی لێبنرێتو شایەنی ئەوە نییە کەسی چاك تیایدا بژیو ئەو ژیانە ناگونجێ لەگەڵ ئەم بوونەوەرە جوانو ڕازاوە کە خوا بۆ ئێمەی خولقاندووەو هەرلایەك دەکەین هەر ئەو دەبینینو فێرمان دەکات.

ژیانی باش بۆ چاکخوازانو ئاشتیخوازانەو ئەوەش ژیانی داهێنەرو جوانەو واتای ئاوەدانی زەوی دەگەیەنێتو دوای تەواوبوونی ئەم ژیانی دونیایەش هەر ئەو چاکانە لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ ژیانی هەتا هەتاییونەمری تا خوای گەورە بۆمان بکاتە خۆشگوزەرانیو بەهرەکانی ئەوێ، لێرەدا شینەشاهۆ بێ دەنگ بوو.

هەموو گوێگرەکان دەنگی هەلهەلەو هیتاف کێشانیان لێ بەرزبوویەوە بۆ ئەو پەندو وتە بەپێزانەی شینەشاهۆ، ئەو وتانەی کە بچوكو گەورەی گیاندارانی حاڵی کرد لەواتای ئەو ژیانەی دۆڵەکەیان ئاوەدان دەکاتەوەو خەزێنەکانی ئاشکرا دەکات خێرو ئاشتیو ئاسایش لەهەموو لایەك بڵاودەکاتەوە.

هەموو گیانداران دڵخۆش بوون بەهاتنی سمۆرەو شینەشاهۆ بۆ ناو ڕیزەکانیان، کوندەپەپوو شینەشاهۆی لەباوەش گرتو پیرۆزبایی وتارو ئامۆژگارییە جوانەکانی لێکردو هاتە پێشەوە بۆسەر لقێکی تەنیشت زەرافەکەو بەهەردووباڵی چەپڵەی لێداو بەئەندامانی کۆبوونەوەکەی وت:

ئێستە کاتی خەوتنی منەو کات نەماوە،... بەڵێ دەبێت ئێمە لە ژیانماندا کاری بەئامانج بکەین بەجۆرێك بنیاتنەربێت نەك ڕوخێنەر، ئەو ژیانە شایەنی ئەوەیە تیایدا بژینو ببینە سەربازیو لەپێناویدا بەدەرونێکی ڕازیو ئارامەوە ئەگەر پێویستیکرد خۆمانی بۆ بەخت بکەین.

کوندەپەپوو ڕووی کردە گیاندارەکانو وتی: کاتی بڵاوەکردن هاتووەو کاتی خەوتنو پشووی منە، ئایا شتێك ماوە گرنگ بێتو باسمان نەکردبێت؟

ئەسپ لەسەر هەردوو لاقی دواوەی وەستاو حیلاندیو وتی:

PDF4Kurd

بەڵێ خوشکم کارێکی زۆر گرنگ هەیە ماوەیەکی زۆرە خەیاڵم پێوەی ئالودەیە، وا دەزانم لەئەمانەت پارێزییە ئەگەر بۆ ئێوەی باس بکەم، چونکە ئێمەی کۆمەڵەی ئەسپ وەك دەزانن ئەمینو دڵسۆزین، ئەم کارەش هۆیەکی ناڕاستەوخۆی بەدبەختی جارانمان بووە، پەیوەندی بەدەسەلاٌتو فەرمانڕەواییو گەندەڵییەوە هەیە، بۆیە زۆر گرنگە زاڵ بین بەسەر هەموو دەروازەکانی دیکتاتۆریو گرتنی هەموو ئەو ڕێگایانەی سەرئەکێشێ بۆ گەندەڵی لەدەسەلاٌتدا.

کوندەپەپوو وتی: ئەسپی خۆشەویست: ڕەوشتو پلەو پایەت دیارییە، بەلاٌم من پێمولیە ئەو باسەی تۆ دوابخەین بۆ سبەینێ و بەئارامیو لەسەر خۆ باسی لێوەبکەینو هەمووشمان متمانەمان بەدڵسۆزیو تیژی عەقڵو ڕای تۆ هەیە.

هەموویان بەپێشنیارەکەی کوندەپەپوو ڕازی بوونو ئەویش فڕی بەرەو ئەشکەوتو جێگای خەویو ئەوانی تریش هەریەکە چوون بەدەم کاری ڕۆژانەی خۆیان.

PDF4Kurd



**ئەسپە بیریارو ئازاکە**

لەکاتی دیاریکراودا هەموو گیانلەبەرەکان کۆبوونەوەو قازی مل بەرز بەهێمنیو لەنجەو لارو بەسۆزی دایکانەوە هاتە پێشەوەو لەسەر تاشە بەردێکی ناوەندی گۆڕەپانەکە وەستا بۆ سەرۆکایەتیکردنی کۆبونەوەکە.

بەدەنگە بەرزەکەی بانگی لەئەسپەکە کرد بۆ ئەوەی بێتە پێشەوەو لەتەنیشتیەوە دانیشێ تاکۆبوونەوە دەست پێبکات پاشان داوای لە ئەندامان کرد بێدەنگبنو باش گوێبگرن.

ئەسپەکە هاتە تەنیشتی قازەکە دەستیکردە قسەکردنو وتی: خوشکانو برایان: هەموومان لەئەزمونی رابروومان مەترسی دیکتاتۆری و گەندەلّی دەزانینو هاوڕاین لەسەر دابەشکردنی دەسەلاّت و کارەکانی دەسەلاّت بەشێوەیەك لە دەستی تەنیا کەسێکدا یان تەنیا لایەنێکدا نەبێتو دوژمن بکاتە دادوەرو بگیریش بکاتە قازی کە گەندەلّیو تاکرەوی لێدەکەوێتـەوە.. بەلاّم لەهەندێ وولاّتدا کاریش دابەشکراوەو دامەزراوەی راوێژکاریش هەیە کەچی گەندەلّیو دیکتاتۆری هەر بەردەوامە.

من پرسیارم لە خۆم کردووە بۆچی بەوشێوەیەو هۆکەی چییە؟ یان چۆن ئەو ولاّتانە دەتوانن دیکتاتۆری ریشەکێش بکەن یان ئایا چییکەن باشە بۆ پاراستنی کۆمەلگاکەیان لەدیاردەی گەندەلّیو تاکرەوی؟ (بزن) هاواری کردو مراویش بەدوایدا: بەراستی ئەمە بابەتێکی گرنگەو دەمانەوێت گوێمان لەهەمووی بێت، ئای چەندە زیانی گەندەلّیو تاکرەوی زۆرە بەسەر وولاّتو هاولاّتییەوە. بەسە ئەو نەهامەتیانەی لەرابردوودا توشمان هاتووە، بەهۆی ئەو نەخۆشی و بەلاّیانەوە.

ئەسپ وتی: بەلّێ خۆشەویستان دەبێت تێبینی چەند شتێك بکەین بۆ ئەوەی سەرکەوتووبین بۆ دیاریکردنی دەردو دۆزینەوەی دەرمان بۆی. یەکەم شتێك کە پێویستە گرنگی پێبدەینو لەرێزی پێشەوەی بەلاّکان بۆچارەسەر دایبنێین (لاوازی رادەی هۆشیاری جەماوەرە) لەولاّتانی پشت ئۆقیانوسیش، هەرچەندە زۆر ئازادن، بەلاّم ئازادی بەرێژەیەکی باش هۆشیاری نەکردوون تا لە بریارەکانو هەلّبژاردنەکاندا بەدەرەنجامی چاك بگەن.

ئەو ئازادییە لە تۆرو تەلّەی بازرگانەکانی بەدرەوشتی یان خاوەن بەرژەوەندییەکان رزگاریان نەکردوون؟ وەك توتی (لەگەلّ داوای لێبوردنم بۆ توتییەکان) هەرچی بدرێت بەگوێیاندا دەیلێنەوەو هەموو تەماعکارێك ئەیانخەلّەتێنێ (ئەمەیەکەم).

مراوی قیراندی وتی: بەلّێ هاورێی خۆشەویست ئەوەی باستکرد گرفتی زۆرێك لەعاقلّەکانەو تائێستەش چارەسەریان پێ نییە. ئایا براکەم (ئەسپ) تۆ چارەسەرت لایە؟! ئەگەر هەیە زوو فریامان بخە خوا فەرو بەرەکەت برێژێ بەسەرتدا.

ئەسپ وتی: ئێوەی خۆشەویست ئەزانن ئێمە دەستورێکمان دیاری کردووە کە بنەما کۆمەلاّیەتییەکانی کۆمەلّگاکەمان دیاری دەکات بە هەموو رەگەز و چینو خێلّێکەوە، هەروەها ریزبەندی بنەما گەورەکان دەکات بۆ رێکخستنی کاروباری دەسەلاّتو کۆمەلّگا، ئەو بنەماو ریزبەندییانەی هەلّقولاّوی رەوشتەو بۆدابینکردنی ئاسایشو خۆشگوزەرانی کۆمەلاّیەتی هەموو کۆمەلّگایەك پێویستن، هەموو ئەمانەش لای جیهانی پشت ئۆقیانوس بەئایینو بیروباوەر ناوی دەبەن. ئەمەواتای ئەوەیە لە نێوان ئێمەو ئەواندا خالّی هاویەش هەیە.

PDF4Kurd

لەهەر کۆمەڵگایەکدا ڕای جیاوازو جۆراوجۆر هەبێت، کەسوننەتی خوایەو هەر دەشبێت خاڵی هاوبەشیش هەبێت کە ڕێکخەری تێوانمانەو دەبێت هەموومان پابەندی بین لەبەرنامەی ژیانماندا ئەو ڕێکخەرانە دەبێتە دەستوری کۆمەڵگا.

ئەسپ کەمێك بێدەنگ بوو تا زیاتر بیری جەم بکات پاشان وتی: دەزانن لەگەڵ بوونی دەستوردا حکومەت هەیەو لەسێ دەسەڵات پێك دێت. دەسەڵاتەکانی راوێژکاریو یاسا جێبەجێکردن، داد.

ئەم سێ دەسەڵاتە پەیوەستە بە بەرنامەی سیاسیو ڕێکخستنەکانو یاساکان، کە پەیوەندییان بەئەم دەسەڵاتانەوە هەیە، هەروەك چۆن پەیوەستە بەڕیزبەندی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی هاوبەشی خەڵکی، بێگومان سەلامەتی بەرنامەی سیاسیو ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە بەستراوە بەڕادەی هۆشیاری هاوڵاتیانو ڕیزبەندی کارە گرنگەکانیانو باش دەست بژێرییان.

خۆشەویستان دەستور هاوبەشەو هەمووی لەسەری کۆکینو نەیاری نییەو کۆڵکەی هاوبەشی هاوڵاتیانە بەهەموو ئاینو کۆمەڵەکانیەوە.

بەرنامە سیاسییەکانیش جۆراو جۆرنو بەپێی بەرژەوەندیو ڕیزبەندی کارەکانی تاكو کۆمەڵەکانە، دەستور هاوبەشەو چاوپۆشی لەماناکانو پێویستییەکانی تاكو کۆمەڵ و توێژەکان ناکات.

ئازیزان ئێوە ئەزانن هەمووەمان کۆکبووین لەسەر گرنگیو بوونی خێزان، چونکە باوەشێکی لەبارو بنچینەییە بۆ پەروەردەکردنو بنیاتنانی کەسێتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا. بەڵام ئەوە هەموو شتێك نییە، شتێکی گرنگ ماوە زۆر گرنگیمان پێ نەداوە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگەو بونیاتنەریشە.

بزن هاتو وتی: ئەوشتە گرنگە چییە ئەسپی خۆشەویست؟

ئەسپ وتی: خوشکی خۆم ئەوشتە گرنگە باسی ئاینو بیروباوەڕە کەسەرچاوەی زۆرترینی بنەماو بەها باڵاکانو ڕەوشت و پاڵنەرەکانی تاكو کۆمەڵە، هەرچەندە لای تاكو کۆمەڵ جیاوازی هەیە بەڵام بنچینەیەکە دەستوری لەسەر دادەمەزرێتو بەهاکانو ڕیزبەندییەکانی ئەم دەستورە دەبنە بنچینە کەبەرنامەی ژیانی سیاسی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی لەسەر بونیات دەنرێت، ئیتر پێی بزانن یان نا، بۆیە ئەگەر ئێمە بەتێروتەسەلی باسی ئاینو بیروباوەڕییەها باڵاکان بکەینو گرنگی ڕۆڵی ئەوانە بزانین، ئەوا بەتەواوەتی و تێروتەسەلی بنچینەی یاساکانی کۆمەڵایەتیمان بنیات ناوەو زۆرێك لەو نەنگی و کەمو کوڕیانەی باسمان کردووە چارەسەر دەکرێت.

پرسیارێکی گرنگ ماوە ئەویش ئەوەیە چۆن بتوانین ڕۆڵی ئاینو بیروباوەڕ بەڕێكو پێکی بەکاربهێنین بۆ ڕیزکردنی پێکهاتە بنچینەییەکانی کۆمەڵگاکەمان، چونکە ئەگەر ئەمە بەشێوەیەکی چاك تەواو نەکەینو هەروا دەرگا بە کراوەیی لەبەردەم گەندەڵیو تاکڕەویدا بەجێ بهێڵین، ئەوا گرنگترین زامنێك بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵگاو پێکهێنەرەکانیمان بەخراپ بەکارهێناوە، ئەمەش یان بەوە دەبێت داننەنرێت بەگرنگی ڕۆڵی بیروباوەڕدا یان بەپەراوێزکردنی دەبێتو یان بەوەی ئەو ڕۆڵە گرنگە بکەوێتە دەستی خاوەن بەرژەوەندییەکان.

دیکتاتۆرەکان چۆنیان بووێت دەیجوڵێننو کەی ویستیان دەیهێننە قسەو کەی ویستیان بێدەنگی دەکەن، بەپێی مەرامی خۆیان بڕیار دەدەن لەهەر مەیدانێکدا ئەوبێت و بڕوات یان گۆشەگیر بێت یان ڕوو وەرچەرخێنێ.

کوندەپەپوو بەهەردوو باڵی چەپڵەیەکی لێداو بەئەسپەکەی وت: براکەم باسەکەت زۆر گرنگ و سەرنج ڕاکێشەو هەمووەمان حەز بە زانینی دەکەین هەرچیت باسکردوە راستەو ئەوپەڕی هیوامان هەیە بگەینە بینشێکی چاکی وا کە

PDF4Kurd

هێزی بیروباوەڕ و ئایین لەدەروونماندا بخاتەگەڕ، هۆشیاری جەماوەر گەشە پێبداتو پاڵپشتی بێت بۆ گیانی دەستوورەکەمانو ڕۆڵی بنیاتنەری دەستوریش بخاتەکارو گیانی هاوکاری و ڕێککەوتنیش لە نێوانماندا بەهێز بکات.

کوندەپەپوو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو وتی: بەڵام من پێشنیار دەکەم باقی ئەم باسە دابنێین بۆ سبەینێ چونکە خەریکە ڕۆژ هەڵدێت و دونیا ڕووناک دەبێتەوە، من دەبێت بچم بخەوم و پشووبدەم گیاندارەکانی تریش بچن بەدەم ئەرکی ژیانو ڕۆژانەی خۆیان.

PDF4Kurd



**باش هەڵبژاردن ماڵ دروستدەکات**

لەکاتی دیاریکراودا هەموو گیانداران ئامادەبوون تەنانەت مەیمونە بەڵەکەیش کە کچەکەی نەخۆش بوو بەسکیەوە خۆی هەڵواسیبوو لەشیرەکەی دەخواردو ئەویش ئامادەبوو لەبەر قسە گرنگو پڕ مەترسییەکانی ئەسپ دەیوویست خۆی گوێی لەهەمووی بێت حەقیان بوو ئەوەندە سوور بن بۆ گوێگرتن، چونکە هیچ شتێك ئەوەندەی گەندەڵیو دیکتاتۆری پڕ مەترسی نییەو هیچ شتێکیش ئەوەندەی بیروباوەڕو بەها باڵاکانی لای نەفسەکانی گرنگو بەنرخ نییە.

گوێدرێژەکەش هەرچەندە هەستی بەتاو سەریەشەش دەکرد بەهۆی برینەکەی سەری کە گوێزی سمۆرەکە شکانبووی، ئەسپەکە هاتەتەنیشت شینەشاهۆکە کەبڕیار درابوو ئەم دانیشتنە گرنگە سەرپەرشتی بکات، شینەشاهۆ لای کردەوە بەلای ئەسپەکەدا داوای لێکرد لەسەر قسەکانی بەردەوام بێتو باسی ڕیزبەندی پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکەیانو هۆشیاری جەماوەرو کۆشش کردنیان بۆ زاڵبوون بەسەر گەندەڵیو دیکتاتۆریادا بۆ بکات.

ئەسپەکە وتی: ئازیزان ئێمە لەدانیشتنەکانی تردا ڕێکەوتین لەسەر چوار پێکهێنەر لە پێنج پێکهێنەرەکەی کۆمەڵگاو گرنگی هەریەکەیانمان ڕوونکردەوە. ئەگەر لەسەر ئەم چوارە بوەستینو ڕۆڵی پێنجەم پێکهێنەر کە بەها باڵاکانو بیروباوەڕە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست نەخەینەکار لەگەڵ پێکهێنەرو کردارەکاندا نەی چنین ئەوا هەروەك جاران کەمو کوڕیو بێ سەروبەریو دابەزینی ڕادەی هۆشیاریو هەموو نەنگیو شوورەییەکی تر ڕوومان تێدەکات، بۆیە ئازیزان:

دەبێت کۆشش بکەینو لەکاردابین بۆئەوەی بیروباوەڕ و ئاینی ئاشتی کاریگەر بێتو بەشێکی بنچینەیی بێت لە پێکهێنەری یاسا کۆمەڵایەتییەکانیو ببێتە هۆکاری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکەمان تابتوانین لە ڕووی تاکڕەویو گەندەڵیدا بوەستینو قەڵاچۆی چاوچنۆکی هێزی دوژمنکاری بکەین، لەبەرئەمانە دەبێت ئاینو بیروباوەڕ لەکۆمەڵگاکەماندا ڕۆڵی گرنگ ببینێتو ڕازی نەبین بە پەراوێز خستنی یان بەخراپ بەکارهێنانی و ژێربارخستنی کاربەدەستانی ئاینو بیروباوەڕ لەلایەن دەستەڵاتو ببنە داردەستی ئەوان.

هەموو ئامادەبوان دەنگی شاباشیان بۆ ئەسپ بەرزکردەوە.

ئەسپ وتی:

ئەم کارە ئێمە لەدوورگەی ئاشتیخوازاندا زۆر بەلامانەوە گرنگەو بۆ دۆڵەکەی ئێمە گرنگە پێش شوێنەکانیتر، چونکە ئەو بیروباوەڕو بەها باڵایانە یارمەتیدەرو پاڵنەرن بۆ چاکەو ئاشتیو دادوەریو ئاسایش.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە:

ئیمە چۆن ڕۆڵی ئەم بیروباوەڕو بەشێوەیەکی دروست بخەینەکار؟ واتە: چۆن ئەم بیروباوەڕە بخرێتە ڕیزبەندی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێ لەبنیاتنانی کەسێتی ڕۆڵەکانیداو یارمەتیدەری گیانی دەستوورەکەی بێتو هەڵبژاردنی جەماوەریش ڕاستبکاتەوەو زامنی سەلامەتی بەڕێوەبردنی حکومەتەکەمان بێت؟

هەموو ئەندامانی کۆبوونەوەکە بەیەکجار هاواریان کرد ئەی ئەسپ چۆن؟

ئەسپ وتی: وەڵامەکەی ئەوەیە سروشتی هەریەکە لە پێکهێنەرەکانی ڕیزبەندی کۆمەڵگاکەمان بزانینو بەدروستو گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

PDF4Kurd

فیل وتی:

هەمووومان پشتگیری تۆین لەقسەکاندا بەڵام ئەمە چۆن چۆنی دەکرێت؟

ئاسك هەروەك فیلی وت.

مریشك و کۆتر چەپڵەیان بە باڵەکانیان لێداو ڕازیبوونی خۆیانیان بەقسەکان دەربڕی.

ئەسپ وتی: ئێمە دەزانین بیروباوەڕ و بەها باڵاکان بنچینەی کەسێتی هەریەکێکە لە ئێمەو شوێنەواریش بەتێگەیشتن‌و بینینیشمان دەربارەی ژیان‌و کۆمەڵگاو بوونەوەرەوە دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی تاکی پەروەردەیی تایبەتە، پەیوەستە بەهەموو تاکێکەوە نایەنەجێ تا ڕازی بوون‌و دانپیانانی چەندێتی‌و جیاوازی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکیتریان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر دروست نەبێت، بەوشێوەیە خوا خەڵقی کردووین. ئێمە دەزانین بەرنامە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان پەیوەندییان بەخودی ژیانەوە هەیە بەهەموو هۆکارە ماددی‌و مەعنەوییەکانەوە، هەروەك چۆن پەیوەندی پێویستی بەتواناو گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە هەیە. بۆیە بەسروشتی خۆی گونجاوە لەگەڵ چەندێتیدان بەچەندێتی کۆمەڵەکان‌و کارە لە پێشەکان‌و دەبێت گفتوگۆو ڕاوێژکاری‌و ڕێککەوتن لەژێر ڕۆشنایی بەرژەوەندی‌و خاڵی هاوبەشە لەدەستورداو شەڕی بەدوادا دێت لەڕیزبەندی کۆمەڵایەتی کە پێویسە بوار بۆ چینە جیاوازەکانی هاوڵاتی بکەینەوە بێ گوێدانە بیروباوەڕو ئاین‌و پیشەکانیان.

کۆتر وتی: ئەسپی برام زۆر ڕاست دەکەیت.

ئەسپ وتی: ئەگەر ئێمە بەڕاستی کۆکین لەسەر ئەم بنچینانە ئەوا دەبێت هەمووتان دەنگی ڕەزامەندی بەرزبکەنەوە، تا منیش بەمتمانەوە بەردەوامبم لە پێشنیارکردنی ئەوەی پێمە لە پێشبینی کە لەم بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەموو مەیدانەکە پڕ بوو لەدەنگی پشتگیری‌و ڕازیبوون تا شینەشاهۆکە دەنگە دەنگەکەی پێ بڕین‌و ئەسپیش کەمێك بیری جەم‌و جۆرکردبوو پشوویەکی دابوو.

ئەسپەکە دەستی کردەوە بەقسەکردن‌و وتی: خوشکان‌و برایان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووتان بوو ئەمەش واتای ئەوەیە ئێمە ڕازی نین بە پرۆسەی نکۆڵیکردن لە ڕۆڵی بیروباوەڕو ئاییمان لەپەروەردەکردنی ڕۆڵەکانمان‌و بنیاتنانی کەسێتییان. چونکە بەڕاستی ئەوەیە هێزی مەعنەوی‌و گیانی ڕێنمونی کاری ژیان‌و پرۆسەکانمان هەرچی ڕووداوەکانی چاکەو داهێنان‌و جوانی و ئاسایشو ئاشتی‌و ئاوەدانی پشتگیر دەکات لە دۆڵ‌و دوورگەکەماندا.

ئامادەبوان هاواریان کردو وتیان بەڵێ بە پرۆسەی نکۆڵی و دوژمنکاری ئایین‌و بیروباوەڕ ڕازی نابین.

ئەسپەکەوتی: بەڵێ ئازیزان ئێمە بەپرۆسەی پەراوێزخستنی ئایین ڕازی نین، نامانەوێت حاڵمان وەك حاڵی هەندێ لەکۆمەڵگاو ئەوەی بەسەر خێزان‌و ڕەوشت‌و نرخی ڕادەی هۆشیارییاندا هاتووە بەسەرئێمەشبێت، نەوەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە هەمیشە نێچیری خاوەن بەرژەوەندی‌و چاو چنۆکەکان‌و بازرگانەکانی بەدڕەوشتین.

هەمووی دیسان هاواریان کرد: بەڵێ بەپەراوێزخستن‌و پشتگوێخستن ڕازینین‌و دەمانەوێت بیروباوەڕو ئاینمان ڕۆڵی گرنگی هەبێت لەبنیاتنانی کۆمەڵگاکەمان. ئاینێك نەبێت تەنها بۆ یادەکانی لەدایك بوون‌و ئاهەنگو بۆنەکان یان تەنها قسەی سەرزاری لۆتییەکان بێت.

PDF4Kurd

ئەسپ وتی: بەڵێ خۆشەویستان ئێمە ڕازی نابین بەئایینێك تەنها خزمەتی پیاوانی دەوڵەمەند و دەسەڵات بكات، ببێتە داردەستی ئەوان بۆ شەرعیەتدان بەتۆقاندنی گەلو ژێرخستنی گیانی و سەربەخۆییان.

هەموو بەدەنگیكی بەرز وتیان: ئێمە بە بەكارهێنانو تیرۆر ڕازی نین، بڕوخێ داردەستیو بروخێ تیرۆر.

ئەسپەكە وتی: بەڵێ ئەزیزان تەنها یەك ڕێگەو یەك پڕۆسە لەبەردەمماندا ماوە، دەبێت بیگرینەبەرو بیبڕین، بەشێوەیەك ئایینو بیروباوەڕەكانمان ڕۆڵی بنیاتنەرو كاریگەریان هەبێت لەژیانی هەموومان لەسەر بناغەی بەهێزیو هۆشیاریو سەربەستیو قایل بوون. واتە: ئێمە دەمانەوێت بۆ بیروباوەڕەكانمانو ئایینمان پڕۆسەی خستنەكارو هاندان دەستەبەر بكەین.

هەموو هاواریان كرد: ئەو ڕێگەیەمان دەوێت، ئەو پڕۆسەیەمان دەوێت، دەبێت پلانی دروست و كارا بەكاربهێنین بۆ ئەو ئامانجە، پرۆسەی خستنەكاری بنیاتنەر. شینەشاهۆ داوای بێدەنگی لەهەموان كردو پێیوتن: منیش پشتگیری ئێوە دەكەم لەداوای پرۆسەی خستنەكارو بنیاتنەر، بەڵام كات زەنگی بڵاوكردنی لێداوەو بەیانی خوایار بێت لەبارەی ئەم پڕۆسەیەوەو چۆنیەتی خستنەكاری باس دەكەین بۆ ئەوەی باری كاری خێرو ڕاستو هۆشیاریو ڕەوشت بێت لەكۆمەلگاكەمانداو ڕێگە گرتنی ستەمو گەندەلّیو چەواشەكاریو دیكتاتۆری بێت.

PDF4Kurd



**گورگ شوانی مەڕەکان دەکات**

لەکاتی دیاریکراودا گیانداران کۆڕیان بەستو کوندەپەپوو لەناوەندا لەسەر بەردێك نیشتەوەو ئەسپیش لەتەنیشتیەوە بوو.

کوندەپەپوو بە ئەسپەکەی وت: ئەی ئەسپی ئازاو دانا فەرموو قسەکانت تەواو بکەو باسی ئەوەمان بۆ بکە چۆن پرۆسەی بەگەڕخستنی باوەڕ و بەها ئایینییەکان دەستپێبکەین‌و نەهێڵین پشتگوێ و پەراوێز بخرێن؟ هەروەها نەکرێنە داری دەستی نەشیاوەکان‌و بۆ غەیری راستی‌و چاکەو ئاوەدانی بەکار نەهێنرێن؟

ئەسپەکە وتی: لەمەوپێش ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی بیروباوەڕو ئایین بەردی بناغەی کۆشکی ویژدانی‌و کەسێتی هەریەکێکە لە ئێمەو بەردی بناغەی بڕیارەکانێتی.

لەسەر ئەوەش هاوڕاین کە بیروباوەڕ و بنەما ئایینییەکان سیفەتی تایبەت بەتاك و ڕادەی قایلبوونی هەیە واتە لەیەکێك بۆ یەکێکیتر جیاوازی هەیەو بەستراوە بە قایلبوونی تاکەکانەوەو ناکرێت بەسەر کەسدا فەرزبکرێت‌و ڕاستیش نییە ئەگەر فەرزبکرێت چونکە نەبەستراوە بەبەشی مادیاتەوە بەڵکو پەیوەستە بەویژدان‌و دڵەوە.

واتە دەبێت کەسەکە پێی قایل بێتو ڕێگەش بۆ ئەو قەبوڵکردنە دەبێت بە پەروەردەو گەشەپێدانی بێت هەرە لەمناڵییەوە، بۆ گەورەش ڕازیبوون‌و هەڵبژاردن، بۆ کۆمەڵگاش بانگکردن‌و گفتوگۆیە. دەبێت قبوڵکردن‌و وەرگرتنی ئازادانە بێتو لە تێگەیشتن‌و ڕەزامەندییەوە بێت نەك بەزۆرە ملێ.

بەم شێوەیە خۆشەویستان، بیروباوەڕو بەهاکان هەرچەندە پەیوەستە بە بوونیاتی تاکەکەس‌و بنچینەی تێڕوانینەکانی بۆ ژیانی دیاری دەکات، بەڵام بەتەنها ئەو هەموو پاڵنەرو کاریگەرەکانییەتی لەسەر بونیاتو ژیان‌و بەرنامە سیاسییەکان.

گیانلەبەرەکان هەموویان لەگەڵ (ئەسپ)دا هاوڕابوون کە بیروباوەڕو بەها باڵاکان‌و ئایینییەکان بنچینەن‌و خاڵی سەرەتایەو ویژدانییەو بوارێکی جیاوازە لە بوارەکانی بەرنامەی سیاسی‌و ڕیزبەندییە جۆراو جۆرەکانی کە بەگۆڕانی سەردەم ئەوانیش دەگۆڕێن.

ئەسپ لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئازیزان ئەوەی لەسەر ئێمەیە دوورخستنەوەی گۆڕەپانی بیروباوەڕە ئایینییەکانە لەدەستی پیاوانی سیاسەتو حوکمڕانی و پیاوانی سامان‌و دەسەڵات، هەروەها لەبەرنامە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئەوەی پەیوەستە بەوانەوە.

ئێمە هەر لەوکاتەی هەوڵی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئایین‌و بیروباوەڕ دەدەین لەجێبەجێکردنی کاری کۆمەڵگادا و هەوڵ دەدەین ڕاستکەرەوەی بەرنامە سیاسی‌و ژینەوەرییەکان بین، هەر لەو کاتەشدا بەهەموو هێز هەوڵی پارێزگاری ئایین‌و بیروباوەڕ دەدەین لەدەسەڵاتی پیاوانی سیاسەتو فەرمان ڕەوایی‌و ڕازی نابین ئایین‌و بیروباوەڕ پەراوێز بخەن یان بەکاری بهێنن‌و بیکەنە داردەستی خۆیان بۆ بەزاندن‌و چەوسندنەوەی نەیارەکانیان، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە:

ئایا دوورخستنەوەی بیروباوەڕو ئایینەکان لەدەستی پیاوانی سیاسەتو فەرمانڕەوایی، واتای ئەوەیە ڕۆڵی ئایین‌و بیروباوەڕ کەم بکرێتەوە لە کۆمەڵگادا؟! هەروەها کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایین‌و بیروباوەڕە لەدروستکردنی بینش‌و بنچینەکانی ڕەوشتو هەڵبژاردن‌و یاسای ڕێکخستنی کۆمەڵگاکەیان؟!

PDF4Kurd

وەڵام ئەوەیە: ئەم دوورخستنەوەو جیاکردنەوەیە بۆ پاراستنی بیروباوەڕ و زیادکردنی ڕۆڵی بەها باڵاکانە، هەروەها زیادکردنی ڕۆڵی ئەوانە بەسەر عەقڵ و ویژداندا. دەبێت ئەو ڕێنموویی هاوڵاتیان بکات بۆ کارو بنیاتنانی یاساکانی ژیانو ڕێکخستنی ڕێڕەوی ژیان، بەشێوەیەك مەبەستی ئایینو بنەماو بەها باڵاکان بپێکێ.

بەکارهێنانی بیروباوەڕ بۆ کۆتکرنی پرۆژەو بڕیارەکانی سیاسی خەڵکی نەك بۆ ململانێی پرۆژە بەپرۆژەو بەلگە بەبەلگەو ئامار بەئامار، دەرگایەکە لەسامناکترین دەرگاکانی دیکتاتۆریو گەندەڵییە، وەك ئەو کێڵگەیە بۆ ڕووناکیو خۆگەرمکردنەوە دەنکە شقارتەی گڕاوی فڕێدەداتە ناو نەوتەوە، کەچی گڕ بەردەبێتو ماڵ دەسوتێنێو ڕوناکیش خامۆش دەکات.

کەر زەڕاندیو لەسەر هەردوو پاشووی وەستابوو، دەستی سمی بەرزکردەوەو وتی: ئەسپی برام ئایا واتای قسەکانت ئەوەیە ئێمە ئایینو بیروباوەڕ جیابکەینەوە لە سیاسەتو سیاسەتمان بێ دینو بێ ڕەوشت بێت؟ بەم شێوەیە ئێمە لە پرۆژەکانی ژیانماندا ئایینو بەهاکانو ئەخلاقو مەبەستە چاکەکان پشتگوێ بخەین؟

ئاسك ویستی وەڵامی کەر بداتەوە، بەڵام کوندەپەپوو خێرا فریاکەوت، نەك قسەیەك بەکەر بڵێت، بۆیە هێمای بۆ کرد تا بێدەنگ بێتو داوایشی لە ئەسپ کرد زیاتر ئەو چەمکە گرنگانە ڕوون بکاتەوە.

ئەسپ وتی: گوێدرێژی برام بە پێچەوانەوەی مەبەستی قسەکانم حاڵی بوویت، مەبەستی من ئەوەیە ئایینەکانو بیروباوەڕ لە گرنگترین بنچینەکانی سیاسەتو ریزبەندییەکانی ژیانن لەکۆمەڵگادا، ناکرێت ئایین لە سیاسەت جیابکەینەوە، چونکە ناکرێت ئایینو بیروباوەڕ جیابکەینەوە لەکۆمەڵگاو بینشی بوونو کۆمەڵایەتیو لەناو ئەوانەشدا پرۆژە سیاسییەکان، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە چۆن ئایینو بیروباوەڕ و بەها باڵاکان ببنە کاریگەرو فاکتەری بوونیاتنەر لە سیاسەتو ریزبەندییەکانی ژیاندا؟ بەشێوەیەك هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا پێی قایل بنو باوەڕیان پێی هەبێتو ئایینو بیروباوەڕ کاری لەکەسێتیو دەروونیان کردبێتو خۆیان بە پێشەنگی کاروباری ژیانو بڕیارەکانیان بزانن.

هەر پرۆژەو کارێك لەڕازیبوونو قەناعەتی گەلو نەتەوەوە هەڵنەقوڵابێت، بەڵکو تەنها لە دەمی کوێخاو لەناوەندی بڕیارو دەسەڵاتەوە هاتبێت، بێگومان دەبێتە فراوانترین دەرگای گەندەڵیو دیکتاتۆری.

نزمی ئاستی هۆشیاریو خراپ هەڵبژاردنو خراپی ڕیزبەندی گرنگەکان، دەگەڕێنەوە بۆ نەخۆشییەکی سامناکو مەیدانی گەندەڵیو دیکتاتۆری فراوان دەکات، نەخۆشییەکەشی کەمتەرخەمیو کەموکوڕییە لەپەروەردەو فێرکردنو هۆشیارکردنەوەیدا، کە شوێنەواری ڕووخێنەری بەهەموو بوارەکانی درێژ دەبێتەوە، بەبیانووی نەفامیو کەمو کوڕییەوە کوێخایەتی فەرز دەکرێت لە پێناوی زیادکردنی نەفامیو کەمو کوڕی کوێخایەتیو دیکتاتۆری زیاد دەکرێت.

بۆیە نەفامیو کاڵخامی دەبێت چارەسەر بکرێت بەهۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنو زیادکردنی هۆشیاریو پێگەیشتن بەگەشەسەندنی پەروەردەو فێرکردن ڕۆشنبیری دەبێت.

کەری برا، بیروباوەڕو بنەماکانو ئایینەکان لە پرۆژە بنیاتنەرەکانی ئێمەنو نابێت لە سیاسەت جیابکرێنەوە، بەڵام دەبێت لە دەستی سیاسەتمەدارەکانو دەستی فەرمانڕەواکان دووربخرێتەوە بۆ ئەوەی پەراوێز نەخرێت و نەکرێنە داردەست بەشێوەیەکی هەڵەو کۆمەڵانی خەڵکی پێ دوربخرێتەوەو هەرچی پرۆژە هەیە هەڵوەشێنرێتەوە لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی فەرمانڕەواو داروودەستەکانیدا.

PDF4Kurd

ئەگەر ئێمە ئایینو بیروباوەڕو بنەماکانمان دایە دەست فەرمانڕەواو خاوەن بەرژەوەندیو دەسەڵاتداران ئەوا وەك ئەو شوانە بێ ئەزموونەیە کە باوەڕ بەگورگ دەکاتو مەڕومالاَتەکەی دەداتە دەستی بیلەوەڕێنێو ئەوکاتە پاداشتی گێلیو بێئاگاییەکەی وەردەگرێت، چونکە گورگ هەرچەندە خۆی بگۆڕێتو سوێندبخوات دڕەنگ یان زوو حەقیقەتی دڕندەیی زاڵ دەبێتو قڕدەخاتە مەڕو ماڵاتەکەو هەرکەسیش گورگ بکاتە شوانی مەڕ، دەبێت پەنجەی پەشیمانی بگەزێت.

شینەشاهۆ وتی: هەرچی تر دەیڵێیت هەمووی جوانە، بەڵام ئەمانە چۆن دەکرێت؟! چۆن دەبێت بیروباوەڕو ئایین فاکتەری کاریگەربن لە دەوڵەتو کۆمەڵگادا و لەهەمانکاتدا دووربێت لە دەستی دەسەڵاتو ماڵ و سامان یان لەدەستی خاوەن بەرژەوەندییەکان؟

ئەسپ وتی: ئەمە کارێکە بەستراوە بە ڕادەی هۆشیاری و تێگەیشتنی کۆمەڵگاو ڕیزبەندی بنەماکانی، بەڵام ئەوەی گرنگو بنچینەییە ئەوەیە لەکۆمەڵگادا دامەزراوەیەك یان چەند دامەزراوەیەکی سەربەخۆ هەبن کەسانی شیاو لەخاوەن زانستو داناییو لێزانی ئایینیو کۆمەڵایەتی بەڕێوەی بەرن.

کەسانێك بن کە کۆمەڵگا بەئازادانە هەڵیانبژێرێنو جێگەی متمانەبن لە توانای زانستییو باش بەڕێوەبردندا، ئەم کۆمەڵە هەموو پێداویستییەکیان بۆ ئامادە بکرێت لە ماڵی گشتی (أوقاف الخیر)و تابتوانن سەربەخۆبنو کاری فێرکردنی ئایینو بیروباوەڕو کاری بانگخوازی بکەن، بۆ ئەوانەش کە دەخوێننو ڕێگەی خوێندن دەگرنەبەر هەموو بابەتو هۆکاری فێربوونیانو پەروەردەو بانگەوازیان بۆ دابین بکرێت، هاوشان لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ڕێگاکانی کاری خێرو خۆبەخشی ئاسان بکرێت لە بواری بانگەوازو ئایینو بیروباوەڕ، بێئەوەی زیان بە یاسا گشتییەکان بگات و بێئەوەی سووکایەتی بەهیچ ئایینێکی ڕۆڵەکانی گەل بکرێت، بەتایبەت ئەوەی جەماوەری کۆمەڵگا پابەندن پێوەی. هەروەها سنوری دەستوورنەبەزێنێو ببێتە مایەی چاندنی گیانی بەخشندەییو چاکەو گیانی ڕێزو هاوکارییو ئاشتی و ئاسایش لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلدا پەرەپێ بدات، چونکە ئەسڵ لە ئایینو عەقیدەدا ئازادی و هەڵبژاردنەو بواری زەبرو زۆری تێدا نییە. ئەمەش واتای ئەوەیە:

دەڵەتو کۆمەڵگا(حکومەت ناحکومەتیش بەشێکە لە دەوڵەتو کۆمەڵگا) هەڵبسێت بەرێکخستنی کۆمەڵێك لە ڕۆڵەکانی بەشێوەیەکی ئازادانە تا ئەرکی فێرکردنو بانگەواز بگرنە ئەستۆو خەڵکی ڕێنمایی بکەن بەڕازیکردنو قایلکردنی بۆ ئەوەی تاكو کۆمەڵو گەلێ تێگەیشتوی خاوەن هێزی گیانیو مەعنەوی و ڕەوشتی دروستی بکەن کەلەسەر پەروەردەو زانستو قایلبوون بێت، ئەوکات:

نەتەوە دەپارێزین لە بوونی کۆمەڵگای نەفامەکانو لە کوێخاکانو دووڕوو خراپەکارانو دیکتاتۆرەکان، کەتووشی سزای سەختیان بکەن.

فیل وتی: ئەسپی برام دەکرێت ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە بەکورتی پێمان بڵێیت تا زیاتر بۆمان ڕۆشن بێت.

ئەسپ وتی: بەڵێ خۆشەویستان، مەبەستی کۆتاییم ئەوەیە کۆمەڵگای زۆرەملیۆ کوێخایەتیو بەزبوونی کۆتایی پێ بهێنینو گیان بکەین بەبەری کۆمەڵگادا، تا ببێتە کۆمەڵگای هۆشیارو تێگەیشتوو کاری چاکی بە کۆمەڵ کە هەمووی تیایدا بەشدار بێتو هەمووی پێی ڕازی بێتو هەمووی بەرەوپێش بەرێت، چونکە ئازادیو هۆشیاری و ڕاوێژو ڕێککەوتنو بەیەك ڕازی بوون، پێوەری بەهێزی بێهێزی کۆمەڵگاکانن.

PDF4Kurd

خوشکان برایان، بۆ جێبەجێکردنی ئەوانە پێویستە بنیاتی دامەزراوەکانو چالاکی ئازادانەیی سەربەخۆو شیاو پشت ئەستور بەجەماوەر بن، کە بەپێی بنەماگشتی و چاکخوازییەکان بێت کە ئاماجەکانی و هۆکارەکانیشی هاویەشیبوون دیاری دەکات لە دەستوری دەوڵەتدا. ئامانجیش پشتیوانیکردنە لە هۆشیاریو بڵاوکردنەوەی بنەما چاکخوازییەکانو ڕاستی دادپەروەریو ئاشتیو ئاسایشو ئاوەدانی لە کۆمەڵگادا. ئەم دامەزراوەو چالاکیانە بانگخوازیو سەربەخۆیە هەروەك دەزانن — بەڕاستەو خۆیی نەبەستراوە بەبەرنامەی سیاسییەوە بەجێهێڵراوە بۆ جەماوەرو ویستی کۆمەڵگا و بارودۆخی— کە بێگومان دەچێتە ژێر کاریگەری پەروەردەو فێرکردنو هۆشیاری و ڕەوشتو بەها باڵاکان کە هەموویان لە ئایینەکانو بیروباوەڕەکانەوە سەرچاوەیان گرتووەو کاردەکاتە سەر دروستکردنی ویژدانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگاو پێوەریان بۆ هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان.

کەموکوڕی و خراپی لە هەڵبژاردندا یان پەراوێزکردنی بیروباوەڕیان پشتگوێخستنی لەبەرنامەو یاساو پڕۆژەکاندا چارەسەرەکەی بەوە دەبێت، کاری بەردەوام بکرێت لەپەروەردەو فێرکردنو هۆشیارکردنو ڕێنمونییکاریدا، لەلایەن کۆمەڵگاو هەموو چاکخوازو زاناو دڵسۆزو بەتوانایەکەوە، نەك تەسلیمی نەفامی و گێرەشێوێنی. چارەسەر بەفێربوونو پەروەردەو هۆشیارییە نەك بەکوێخایەتیو دیکتاتۆری، کە سەردەکێشێ بۆ لاوازی زیاترو گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی ئایینو بیروباوەرەکان.

بەم دامەزراوە زانستیو فێرخوازیو بانگەوازییە سەربەخۆیانە لە بوارەکانی مەعریفەی ئایینیو بیروباوەڕیو بەها باڵاکانو ڕەوشتە بەرزەکانو مەعریفەی سروشتە کۆمەڵایەتییەکانی بونەوەر بەمانە هەمووی بینای کۆمەڵگای ڕاوێژکردنو زانست و مەعریفە دەکرێت و کۆمەڵگای چاکەو ئاسایشیو ئاشتیو ئاوەدانی دروست دەبێت.

براو خوشکان، من وادەزانم بەشێوەیەك حاڵمان باش دەبێتو سبەینێمان لەئەمڕۆ باشتر دەبێت هەرزوو دەستپێشخەری بکەین بۆ دروستکردنی دامودەزگای سەربەخۆ بۆ وەبەرهەمهێنانی ئەندامی شیاوو کارا لەزانست و بیروباوەڕ، تابتوانن ئەرکەکانی خۆیان لەپەروەردەو فێرکردن جێبەجێ بکەن بەرانبەر ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕاستو دروست.

هەروەها لەسەر ئێمەیە هانی هەموو جۆرە کارێکی خۆبەخشی (وقف) بدەین بۆ بەرەوپێشبردنی چالاکییەکانی کاری بانگەواز لە کۆمەڵگادا، لەژێر ڕۆشنایی ئەو هێڵە گشتییانەی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریو دەستورەکەی دیاری دەکات، کە زامنی سەلامەتی کاری بانگەوازو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات.

لەهەمان کاتدا سیاسەتمەدارەکانو پیاوانی بەڕێوەبردن وازی لێدەهێنن بەپێی دەستور خەریکی کاری خۆیان بن لە دارِشتنی نەخشەی سیاسەت لەکارە گرنگەکانو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم کە بەرهەمی کاری چاکی ئەمانیش مەبەستی فێرکردنو بیروباوەڕ و بەها باڵاکانی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکاتو بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ بەشێوەیەکی عەمەلی و کارا جێبەجێ دەکات و دەبێتە جێگەی ڕەزامەندیو پشتیوانی تاکو کۆمەڵ ، چونکە بەرژەوەندییەکانی ماددیو مەعنەویان دەستەبەر دەبێت.

خۆشەویستان: من دەزانم ئەم پێشنیارەی من شتێکی نامۆیەو زۆر باو نییەو گرانە لەسەر زۆرێك لە ئێوە لێی تێبگەن، چونکە لەلایەك خوتان پێوە نەگرتووە، لەلایەکیتر سوودتان لە پەندو ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو وەرنەگرتووەو هۆکاری دروست بوونی ئەم ڕۆژە ڕەشانە لە کلۆڵیو سەرلێشێوان نازانن. من سوپاستان دەکەم

PDF4Kurd

لەسەر ڕادەی هۆشیاری ئێوەو دەرس وەرگرتنتان لە ڕۆژانی ڕابردوو، هەروەها سوپاستان دەکەم لەسەر گوێگرتنو تێگەیشتنتان لە پێشنیارەکەی من کە دەبێتە یارمەتیدەری ئێمە بۆ باش بەڕێوەبردنی کاروبارەکەمان.

هەموو گیانداران دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزانو هەلهەلەکیشان بۆ قسەکانی ئەسپەکەو ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا لەقسەکانی. خۆشحاڵ بوون کە کۆمەڵگاکەیان کۆمەڵگای پشتیوانی بێت بۆ ئاینو بیروباوەڕو کاراکردنی ئاین بۆ پەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگاو زیندووکردنەوەی ویژدانیانو، ببێتە چرای ڕێگای ژیانیانو مامۆستای کارە گرنگو پرۆژەو هەڵبژاردنەکان.

لێرەدا کوندەپەپوو داوای مۆڵەتی قسەکردنی کرد لە شینەشاهۆو وتی: زۆر سوپاسی ئەسپی برا دەکەم لەسەر ئەو هەموو بیروڕا بەنرخانە لە بوارێکدا کە تەنانەت خاوەن نیازپاکەکان پەییان پێنەبردووە. من ئێستا دەزانم واتای دەوڵەتو کۆمەڵگاو حکومەت چییە؟ ئێستا جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو حکومەت شارەزابووم.

تێگەیشتم واتای ڕزگارکردنی ئاینو بیروباوەڕ چییە لە چنگی خاوەن بەرژەوەندیو دەسەڵاتدارانو چۆن سەریەخۆی فێرکردنو بەهای باڵای ئاینو بانگەوازی چاکە لە دامەزراوەیەکی بە تواناو سەربەخۆدا واتای ئەوە نییە دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە یان لە کۆمەڵگا، بەڵکو واتای ئەوەیە ڕزگارکردنیان لە خراپ بەکارهێنان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ژێربارخستن بۆ خزمەتکردنی چینێکی تایبەت نەك بۆ خزمەتی نەتەوەو مرۆڤایەتی.

بەم سەربەستیو سەربەخۆییە ڕۆڵی ئاین کارا دەکرێتو لەکۆمەڵگاداو دەوڵەتدا پشتیوانی لێ دەکرێت. ئامانجەکانیش کارا دەبن بەهێزی ئازادی و قایلبوون پێی ئەوکاتە خەڵك فێری ئاینو بەها بەرزەکان دەبن و خەڵکانی تری بۆ بانگ دەکەن بەرگری دەکەن لە خراپەو ستەم و گەندەڵی.

هەموو پێکەوە (ئامین)یان بۆ وتەکانی خوشکە کوندەپەپوو کرد، هەمووشیان بەپێوە وەستان بۆ ڕێزگرتن لە هاوکاریو بەشداری ئەسپی برایان[1].

---

[1] لە ڕوانگەی قورئانەوە (أمة يدعون الى الخير) قورئانی پیرۆز چەندەها چەمکی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە کە پێویستە یاساکانی لەسەر دابڕێژرێتو دامەزراوە مەدەنیەکانی لەسەر دروست بکرێت، بەڵام شێوازو چۆنێتی جێبەجێکردنی داوەتە دەستی خەڵکی کەبەپێی گۆڕانو پێشکەوتنی ڕۆژگار بیگونجێنێت.

یەکێك لە دیارترین ئەو چەمکانە کە ماوەیەکی زۆر نییە بیریارانی نەتەوەکەمان لێی ئاگادار بوونەتەوە وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ بەکاری بهێنن کە جاران وەك دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بەکارنەهاتووە، ئەویش چەمکی (ڕاوێژکارییە) بۆیە لێرەدا سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشین بۆ گرنگی خوێندنەوەی قورئان بەدیدێکی تازەوە بۆ ئاگاداربوون لە چەندەها چەمکی پێویست بۆ بونیادی یاساکانی کۆمەڵایەتی ئیسلامی هاوچەرخ بەشێوەیەکی زۆر کاراو دروست.

ئەو چەمکانەی بیریاران تا ئێستە لێی ئاگادار نەبوون، هۆکەیشی ئەوەبووە پێغەمبەر(ﷺ) خۆی چەندەها ڕۆڵی دەبینی، چونکە پەیامبەرو گەیەنەربووە، وەحی بۆسەر ئەو دادەبەزی هەرخۆی بانگخوازو مامۆستا و سەرۆك دەوڵەتو بونیاتنەری کۆمەڵگە بوو. ئەو ڕۆڵە گرنگانە دەبێت پاش وەفاتی پەیامبەر هەمووی لەیەکتر جیابکرێنەوە.

ڕۆڵی پێغەمبەر(ﷺ) و ڕاگەیاندنی پەیام بە لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەر محمد(ﷺ) کۆتایی پێهات. بەڵام سۆفییەکانو شیعە کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم ڕۆڵە لە شێخەکانو ئەولیاو پێشەواکاندا هەر بەردەوام بێت لە شێوەی کەراماتو ئیلهامدا.

بەڵام ڕۆڵی هەمەلایەنەی پێغەمبەر(ﷺ) وەك مامۆستاو بانگخوازو سەرۆك دەوڵەت دەبێت لێك جیابکرێتەوە لە بەرنامەکانی فەرمانڕەوایەتی سیاسیو ئەوانەی تەمسیلی دەکەن لە هێزو بەرژەوەندییە جۆراو جۆرەکان. ئەم جیاکردنەوەش لەبەرئەوەیە ئاینو بەها

PDF4Kurd

پیرۆزەکان نەبنە خزمەتکاری بەرژەوەندی سیاسی کەبێگومان سەردەکێشێ بۆ بەکارهێنانی ئایین بۆ سیاسەت و ڕێ خۆشکەکردن بۆ فەرمانڕوایەتی دیکتاتۆری.

بەڕاستی سەربەخۆیی فێرکردنو بانگەوازو گەڕاندنەوەیان بۆ دەستی هاوڵاتیانو ڕێ خۆشکردن بۆ ڕۆڵی ئازادانەی ئایین لە دروستکردنی کەسێتی موسوڵمانو ویژدانی، ئەوە فاکتەری هۆشیاری کردنەوەیەو چەسپاندنی ڕۆڵی ئایینو بەها باڵاکانەو مافی نەتەوە ئەپارێزێتو نەتەوە دەکاتە کوێخا بەسەر کاربەدەستانەوەو هەر نەتەوە ڕێڕەوی بەرنامەو جێبەجێکردنی ئەوان دیاریدەکات.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین ئەو متبوونە نسبییەی بەدرێژایی چەرخی کۆن هەبوو وای لەزانایانو بیریاران کردبوو کە زیاتر سەیری ئەو سوننەتە گەورەو بەڕێزانەی پێغەمبەر(ﷺ) بکەن کە پەیوەستن بەکاتو شوێنەوەو کەمتر لە چەمکو ڕەهەندە بێ شوێنو بێ کاتەکان بکۆڵنەوەو سوودیان لێوەربگرن.

لەم خاڵی وەرچەرخانەوە دەمانەوێت سەرنجی خەڵکی ڕاکێشین بۆ ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە کەچەمکی بانگەوازو فێربوونی ئایینی وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پەروەردەیی گرنگ کە دەبوو گەلانی ئیسلامی وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ پارێزگاریان بکردایە، زەمانەتی سەربەخۆیی بکرایە. شانبەشانی دامەزراوەی دەستور دامەزراوەی ڕاوێژکاری و هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان تا وەك ئەوان ڕۆڵی بونیاتنەری کارای ببوایە لە فێرکردنو بانگەواز و پەروەردەدا. دوور لە پەراوێز خستنو لەکەدارکردن بەهەموو شێوەکانییەوەو دوور لەوەی تەنها بکرێتە دروشمی بێ ناوەڕۆك یان تەنها بۆ فەتوادان بێت بۆ پشتیوانیکردنی پیاوانی خاوەن دەسەڵاتو جەنگو سیاسەتەکانیان. ئەویش بەبەکارهێنانی ئاین لەلایەن پیاوانی سیاسەت بۆ بەرژەوەندیو مەرامی خۆیانو داخستنی دەمو عەقڵی خەڵکی بۆ خزمەتی دەسەڵاتو سیاسەتوبەرژەوەندییەکانیان دوو ئایەتەکەش یان دوو چەمکە قورئانیەکەش ئەمانەن:

(وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) (آل عمران : ١٠٤ )

وقوله تعالى: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِءلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) (التوبة : ١٢٢ )

وشەی (أمە) لێرەدا واتای کۆمەڵێك یان ئەنجومەنێك یان دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دەگەیەنێت کە هیچ کارێکی نەبێت جگە لەئەرکی لەئەستۆگیراوی نەبێت بەبێ ئەوەی بچێتە ژێر کاریگەرو دەسەڵاتی هیچ هێزێکو حیساب بۆ کەس نەکات شتانێك نەبێت گەلو نەتەوە پشتگیری لێ بکەنو پێی قایل بنو بەچاودێری ئەوان بێت.

دەمانەوێت لێرەشدا سەرنجی خەڵك ڕاکێشین بۆ ئەوەی چەندەها چەمکی قورئانی هەیە جگە لەمانە کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت. ئەوەش گرنگە دوو چەمکی تر لەقورئان ئاماژە پێ بکەین کە ببێتە شوێنی لێکۆڵینەوەی زانستی تا ئەو دوو چەمکە ببنە بنچینەی بونیاتنانی یاساکانی خێزان ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی پێشکەوتنەکانی سەردەمدا. چاوبگێڕینەوە بەسەر هەموو ئەو کاروبارانەی جێبەجێ ناکرێن تا گۆڕانکاری تێدا بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارا مەبەست بپێکێو پەیوەندییەکانی خێزان بپارێزێت.

ئەو دوو چەمکەش ئەمانەن:

(إمساك بمعروف ) یان ( تسريح بإحسان) خوای گەورە لەسورەتی (الطلاق)دا دەفەرموویێت : (فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ) (الطلاق : ٢ ).

لە سورەتی (البقرة)دا دەفەرموویێت: (الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ) (البقرة : ٢٢٩)

هەرچەندە زانایانی سەلەف ئاگاداری چەمکی ڕۆڵی هەمەلایەنەی پێغەمبەر(ﷺ) بوون لەژیانیدا بەتایبەت هەردوو ڕۆڵی پەیامو گەیاندنو ڕۆڵی فەرمانڕەوایەتی، بەڵام بەهۆی بارودۆخە بەپەلەکانو کەلەپورە ڕیشەدارەکانەوە هەروەها بەرژەوەندی ستەمکارو هەروەها ئەوەی بەسەر خەلافەی ڕاشدیندا هاتو ڕۆشنبیری دزەکردووی وڵاتو گەلانی تازە هاتوو بۆناو ئیسلام و دەست ڕۆیشتوی دەسەڵات و هاوکارەکانیان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پەراوێزکردنی پیاوانی قوتابخانەکەی مەدینەو دابڕانی چەمکی ئایینو مەبەستەکانی لەژیانی سیاسی ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتر نەگۆرانی سروشتی زەمانە لەڕیشەکو ڕەگەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، هەموو ئەمانە بوونە هۆی سنوردارکردنی بیری زانایانو بیریارانو حەزکردنیان بەلاساییکردنەوەو چاولێگەری پشت بەستن بەجۆری جێبەجێکردنی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر لەوەی پشتببەستن بەچەمکە شەرعییەکانی قورئانو ئاماژەو مەبەستەکانی کە نەزەمانو نەشوێن سنوری بۆ دانانێن.

PDF4Kurd

دەبوو گۆڕانکاریو پێشکەوتن لەجێبەجێکردندا بکرایە بەپێی ناوەڕۆکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم دیاردەیە لە بیری ئیسلامیدا بەبیری (چاولێکەری) و لاساییکردنەوە (التقلید) ناسراو قفڵدرا لە دەرگای (إجتهاد) هەروەها پیرۆزی دەقەکانی پێغەمبەر (ﷺ)و کەلەپوور کرایە بیانوو بۆ ئەم کارە.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە ئاماژە بەهۆی سەرکەوتنی هەردوو خەلیفە ئەبوبکری صدیق و عومەری کوڕی خەتاب سەرەتاکانی سەردەمی عوسمانیش (ڕەزای خوایان لێبێت) دەکرێت، هەرچەندە ڕۆڵی بانگەواز و پەروەردەو فێرکردن جیانەکرابوونەوە لە ڕۆڵی دەسەڵاتو حوکم کەچی هەر سەرکەوتووبوون.

سەرکەوتنی ئەوان هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزبەندی فەرمانڕەوایەتی و پیاوەکانی دەسەڵاتو ڕۆڵەکانیان کە هەروەك سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) مابوونەوە، بەلام لە دونیا دەرچوونی ئەو پیاوە گەورانەو لاوازبوونی زۆربەیانو تەمەن کردنیانو گۆڕانی بارودۆخی خەڵکیو فراوان بوونی دەوڵەت شوێنەواری خراپی ئەو جیانەکردنەوەو دابەشنەکردنی کارەکان دەرکەوتو کەم کەم تایەفەگەرىو نەتەوەو پادشایەتیو دیکتاتۆری سەری هەڵدا.

لەم سەردەمە دوورەی ئێمەدا لەهەموو ڕوویەکەوە بەتایبەت دوای گەشەسەندنی هێرشی فیکری ڕۆژئاوا بەهەموو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکانیو بەکەناڵە ئاسمانیەکانەوەو بەدەسەڵاتی زۆری زانستیو تەکنەلۆژیو ئابووری و سیاسیو شوێنەواری خراپی ئەوانە لەسەر گەلانی موسوڵمانو گەنجەکانی هەموو ئەمانە دووپاتی پێویستی زۆری پێداچوونەوەیەك لەگشت بیری ئیسلامیدا دەکات بەتایبەت بواری سیاسەت، هەروەها پێداچوونەوەی بەرنامەکانی ژیانی گەل، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مەبەستو چەمکی قورئانی تابتوانین هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیو تواناکانیدا بڕۆین، بەشێوەیەك لە خاڵە نەگۆڕەکان لانەدەینو مەبەست ڕۆشن بکەینەوە تا نەگۆڕو گۆڕاو تێکەڵ نەبنو بەدوای جێبەجێکردنی ئامانجی هیدایەتی قورئانیدا بڕۆین بەپێی شوێنو کاتو گۆڕانکاریەکان.

لێرەدا گرنگە بزانین کە دامەزراوەکانی مژدەدەری وەك پەرستگاو کەنیسەکان دەکرا بەرهەم و کاریگەریان زیاتر بووایە ئەگەر تووشی ئەو لادانو ئەفسانەو دەستکاریانە نەبووایە کە هاتنی ئاینی ئیسلامیش بۆڕاستکردنەوەی ئەوانو وەڵامدانەوەی پیویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هات.

ئیسلام لەبەر ئەوەی کۆتا پەیامەو زاڵە بەسەر ئاینەکانی پێش خۆیدا و خوای گەورە خۆی قورئانی پاراستووە لە دەستکاری کردنو سەرچاوەی یەکەمی ئەم ئاینەیە، بەکۆششی زانایانیشی سوننەتە صەحیحەکان پارێزراوون بە(سەنەد و ناوەڕۆکەوە) لەئەفسانەو جادووگەری.

هەموو ئەمانە وایکردوە بونیادی دامەزراوە بانگخوازیو پەروەردەیی ئیسلامی سەربەخۆبنو جیابکرێنەوە لەدامەزراوەی دەسەڵاتو حوکمڕانی و فاکتەرێکی گرنگ بن بۆ زاڵبوون بەسەر گەندەڵیو دیکتاتۆریدا.

بۆ ڕاپەڕینی میللەت و چاکسازی لە پێش و بەرنامەی پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی دوور لە هەموو کاریگەرییەکی خراپ.

هەروەها دەبێت بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردنو بانگەواز تایبەت بێت بە مزگەوتەوەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەوڵەتدا نەتوانێت کۆنتڕۆڵی بکاتو دەسەلاتی نەبێت بەسەریدا بەشێوەیەك هیچ سانسۆریك لەسەر ئەم دامەزراوە نەبێت جگە لە چاودێری میللەت و نوێنەرانی میللەت نەبێت.

ئەوکاتە سافو بێگەرد و بیر ڕاست دەبێتو دیکتاتۆری و گەندەڵیش ڕیشەکێش دەبێت، دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتی و ژیانی گشتی لەووڵاتە ئیسلامییەکاندا ڕێكو ڕاست دەبن. کۆتا تێبینیم ئەوەیە دەبێت تێکەڵی لە بیری ئیسلامو سیاسیدا دەربارەی ئەمە دروست نەبێت.

ئایا دوورخستنەوەی دەسەڵاتو بەرژەوەندییەکانی لە بوونی دەسەڵات بەسەر ئاینو بانگەوازو فێرکردنو پەروەردەی ئاینی لەدەوڵەتو کۆمەڵگادا باشە یا کارێکی خراپە؟ ئایا ئەمە جیاکردنەوەی ئاینە لە دەوڵەت؟ یان دوورخستنەوەی هێزی دەسەڵاتە لە لەکەدارکردنو پەراوێزکردنی ئاین؟ یان بەکارهێنانیو دەستەمۆکردنی بۆ خزمەتی بەرژەوەندی حوکمو کاربەدەستانو خاوەن بەرژەوەندییەکان؟

ئەمە زۆرێك لە خەڵکی لێی تێکەڵ بووە، بۆیە گرنگە ئێمە لەوە بگەین جیاکردنەوەی بانگەوازو فێرکردنو پەروەردە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردنو بەرنامەکانی ژیانی سیاسی مانای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت نییە ، بەلام خزمەتکردنی میللەتو دەوڵەتو پاراستنی دینەو پاراستنی باوەڕە لە پەراوێزکردنو بەکارهێنانیان وەك داردەستی پیاوانی دەسەلات.

PDF4Kurd

دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی بۆ دەوڵەت نییە، بەڵکو میللەتو گەل بنچینەی سەرەکین بۆ دروستکردنی دەوڵەت.

بەویستو هەڵبژاردنەکانی ئەوان کاربەدەستان شەرعیەت وەردەگرن، گرنگ ئەوەیە کاروباری بانگەوازو پەروەردە بخرێتە دەستی میللەت بۆ دروستکردنی کادیرەکانیو پەروەردەکردنیان بەشێوەیەکی دروستو دوور لە کاریگەری بەرژەوەندی تایبەت.

کەواتە گەڕانەوەی دینو بەها باڵاکانو پەروەردەو فێرکردن بۆ میللەت تاڕۆڵەکانی ئامادەبکات بۆ بینینی ڕۆڵی خۆیانو چاکسازی دامەزراوەکانو لەوانەش دامەزراوەی فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵات بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی کەلەسەر چەمکی ئایینو بنەما پیرۆزەکانی بەندە.

فێربوونی ئایینو بیروباوەڕ و ڕەوشت کاتێك بێ خەوشو پاكو تیروتەسەل بێت باشترین ڕێگایە بۆ خزمەتکردن بەئایین لەکۆمەڵگاو دەوڵەتدا. گرنگترین هەنگاویش بۆ بونیاتنانی بناغەی هۆشیاری سیاسیو کۆمەڵایەتی دروست دەبێتو ئەویش بڕیارەکانی هاوڵاتیان ڕێنمونی دەکات لەبارەی یاسادانانو بەرنامە سیاسییەکانو بەهۆشیاری ئەوان بەشێوەی ڕێککەوتن دەکەنە جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ئایینو بەرزڕاگرتنی بەها باڵاکانو ڕەوشت لەکۆمەڵگادا.

بەکورتی: جیاکردنەوەی ئایینو بەها پیرۆزەکان لە دەسەڵات جێبەجێکردن پاراستنی ئایینە لە پەراوێزکردنو لەکەداریو جیاکردنەوەی نییە لە دەوڵەت، بەڵکو پەیداکردنی هێزو سەقامگیری هەردووکیانە لە دەوڵەتو کۆمەڵگادا.

کەواتە: میللەتو گەلی ئیسلامی بەریتییە لە میللەتێکی ئیسلامی خاوەن دەوڵەتێکی مەدەنی ئیسلامیو حکومەتێکی مەدەنی یاسای مەدەنی ئیسلامییە.

ئیسلامی مۆرکی میللەتەو مەدەنی بوونەکەیشی بریتییە لە کۆمەڵێ مەرج کە کۆمەڵانی خەڵك لەسەری ڕێکدەکەون میللەتی ئیسلامیش بەناسنامەو پەروەردەو چەمکەکانیو بەها پیرۆزەکانیو بەدەوڵەتەتیشییەوە، دەوڵەتێکە بەناوەڕۆكو چەمكو مەبەستی ئیسلامییەوە لەیاسایەکی دروست بوو لەئەنجامی ڕێککەوتن کۆمەڵانی خەڵك کە هەموو بەرژەوەندی و ناسنامەکانو پرۆژەکانی گشت توێژو چینەکانی گەلی لەخۆگرتبێت.

موسوڵمانیش لەچوارچێوەی دەستوری مەدەنی ڕێکخستنی ئیسلامی لەناوەڕۆکداو مرۆییەواتە تەعبیر لەهەموو مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ دەکات کە هەموو خەڵك لەسەری کۆکن ئەمیش حکومەتێکی مەدەنییەو پشت ئەستوورە بەویستی هەموو توێژەرەکانی گەل بەتایبەت توێژە موسوڵمانەکەی ناو دەوڵەت کە بنەماکانو ڕیزبەندییەکانی لە ناسنامەکەو بەها باڵاکانو پەروەردە ئیسلامییەکەیەوە هەڵقوڵاوە یاسایەکی مەدەنی ئیسلامییە، چونکە ناوەڕۆکەکەی پشت ئەستوورە بەویستی گەل کەبنەماو مەبەستەکانو ناسنامەی موسوڵمانان لەودەستورەدا کۆڵەکەو دینگەیەکی بنچینەییە بەبێ ئەوەی مافی توێژە ناموسوڵمانەکان پێشێل بکات.

یاسایەکی مەدەنیشە چونکە بەکۆی دەنگی هەموو ناسنامەکان دانراوەو هەموولایەك لەبەرچاوگیراوە لەسەر ئەوینەمایانەی بەندەکانی دەستوری مەدەنی هاوبەش دیاریکردووە، پشت ئەستورە بەویستی گەل کە چاودێرە بەسەر حکومەتو یاساداو بەپێچەوانەوە نابێت بەم شێوەیە بەکژاچوون لە نێوان مەدەنی یاساو ئیسلامیی بوونی میللەتدا نییەو بەکژاچوون لە نێوان مەدەنی بوونی حکومەتو ئیسلامەتی دەوڵەتدا نییە.

ئەوەی لەدەوڵەتێکی لەم شێویەدا دەست دەکەوێت ئازادی بیروباوەڕو ساغی خاڵەکانی دەست پێکردنو ساغی پەروەردەو دروستی هەڵبژاردنەکان بەچاودێری میللەت بەسەر فەرمانڕەواو دەسەڵاتدا بۆ ئەوەی جێبەجێ کار ئەمینو پاسەوانو دڵسۆزی بەرژەوەندییەکانی گەلو کۆمەڵگا بێت بەهەموو توێژەکانییەوە.

لەبەرئەوەی باسکرا حکومەتی مەدەنی لەوڵاتی میللەتی ئیسلامیی و دەوڵەتەکانیدا تەعبیر لەویستی گەل دەکاتو بریکاری ئەوە نەك تەعبیر لەویستی خوا بکاتو لەلایەن خواوە مۆڵەت درابێتو وەبریکاری ئەوبێت.

لەوڵاتی میللەتی ئیسلامییو دەوڵەتەکانیدا دەسەڵاتو شەرعیەت نییە بۆ حکومەت و دەسەڵات جگە لە دەسەڵاتو شەرعیەتێك نەبێت کە میللەتو گەل ئەیداتو هیچ دەسەڵاتێك مافی مانەوەی نییە ئەگەر میللەتو گەل پێی ڕازی نەبن یان هەڵنەبژێرن، بەبێ ئەوە نەشەرعیەتو نەگوێڕایەڵی دەبێت، لەبەرئەوەی بواری توندوتیژی لەململانێی سیاسیدا نییە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا، بەڵام لەکاتی پێویستدا گەل بۆی هەیە مومارەسەی سەرپێچیو بەرگری مەدەنی بکەن بۆ چاکسازیو گەڕانەوەی دەسەڵات و شەرعییەت (فأفضل

PDF4Kurd

لەمکاتەدا بولبول بەدەنگی خۆشو زوڵاڵی دەستی بەخوێندن کرد، لەسەر درەختی لیمۆ کەگەڵاکانی سەوز دەکردەوەو لیمۆی زەردی پێدا شۆڕ بوویویەوە بۆنی خۆشی ئەو ناوەی گرتبوو.

پەپوسلێمانەیش بەشێوە جوانەکەی لە تەنیشتیدا بوو، بولبول بەدەنگە خۆشەکەی لەسەردرەختە جوانەکەی لیمۆ بانگی ئامادەبوانی کرد دەتگوت دەنگی فریشتەیەو لەسەر تەختی شاهانە دەدوێت کە خولبەدی هێناوە.

هەموو ئامادەبووان لەبەردەم دەنگی زووڵاڵی و شێوەی جوانی بولبول هیچیان بۆنەمایەوە بێ دەنگی و گوێ گرتنو گرنگیدان نەبێت.

بولبول وتی: بەڕاستی ئەسپی برام چاکت وتو پێکات، بەڵام من پرسیار لە تۆو خوشکانو برایانیش دەکەم: ئایا پاراستنی بیروباوەڕ و بەها باڵاکانو ڕزگارکردنیان لەپەراوێزکردنو خراپ بەکارهێنان تەنها بە دروستکردنی دامەزراوە سەربەخۆکان دەبێت؟

ئایا تۆش ئەسپی برام وا نازانیت ئەوانە بەس نین بۆ پاراستنی ویستی گەل لەتەزویرو گومڕا کردن؟

ئامادەبوانو ئەسپیش سەرسام بوون بەم پرسیارە، چونکەوایان دەزانی بە وتارەکەی ئەسپ هەموو کەلێنەکان پڕبوونەتەوەو متمانەیان پەیداکردبوو کە یاساکانیان تێروتەسەل بوونو هەموو تواناکان دەخرێنەکارو ویستی ئازادانەیان هەیە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای ئاشتیو ئاسایشو دادپەروەریو پێکەوەژیان.

ئەسپ وتی: نازانم مەبەستت چییە بولبولی خوشکم، بەهەرحاڵ من زۆر دڵخۆشم کە گوێم لە دەنگی تۆیەو سەیری جوانی دیمەنی تۆ دەکەم و چاوەکانمی پێ تێردەکەم، هەرچیت پێیە بیڵێ منو هەموو خوشكو براکانت لە ڕۆڵەکانی دورگەکە گوێقولاغی فەرمایشتەکانی تۆین.

بولبول وتی: وازم لێ بهێنن با وتەکانم هەڵگرم بۆ دانیشتنی داهاتوو، چونکە وردبینم، خوشکە کوندەپەپوو ماندووبوون زۆری پێهێناوەو حەز بەکۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە دەکات، ئیشی سبەینێی من پشتیوانیکردنی بیروبۆچوونەکانی ئەمڕۆی ئەسپە لەو بوارانەدا کە تائێستە ئاگادارنەبووین لێی، من بێگومانم هەمووتان دەنگی بۆ دەدەن، نەك بۆ دەنگی خۆشی من، یان دیمەنی جوانم، کە ئەسپیش لەناوماندا لەجوانی دیمەنو پلەو ویقاردا کەمی نییە، خوشکە کوندەپەپوو وتی: سوپاسی خوشکە بولبول دەکەمو سوپاسی هەمووتان دەکەم کە هاوکاریو کۆششی ئێوەوایکرد ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێك زیاتر سوود وەرگرینو بەرهەمی هەبێت.

---

الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر) (باشترین جیهاد وتنی ڕاستییەکە لای خاوەن دەسەڵاتیکی ستەمکاردا) (ولاطاعة لمخلوق في معصية الخالق) (گوێڕایەڵی بۆ هیچ دروستکراوێك دروست نییە ئەگەر سەرپێچی خوای تێدا بوو).

بەم شێوەیە میللەتو گەلی ئیسلامیی بریتییە لە پەروەردەو بانگەواز و فێرکردنی ئیسلامیو ئەوەش دەوڵەتو دەستووری حکومەتی مەدەنی ئیسلامییە، واتە ئیسلامیی ناوەڕۆكو ناسنامەیەو مەدەنی هاویەش و ڕێکخستنە، بواری تێدا نییە بۆ جیاوازی لەنێوان میللەتو گەلاندا لە پەروەردەو بانگەوازدا لە نێوان دینو بنەماو سیاسەتدا.

بەوشێوەیە نەحکومەتی عەلمانی لیبرالی نەحکومەتی مارکسی بێ دینە هەروەها دەوڵەتو حکومەتی دینی کە هەڵوتی دیکتاتۆر نییە بەڵکو میللەتێکی ئیسلامییەو لەهەمانکاتدا دەوڵەتو حکومەتی مەدەنی ئیسلامییەو پلەی ئاینو بەها باڵاکان بەرز ڕادەگرێتو بیروباوەڕ و ئازادییەکان دەپارێزێتو دادوەری لە نێوان خەڵکیدا بەرپادەکات.

PDF4Kurd

ئەم قسانەی کردو هەڵفڕی بەرەو ئەشکەوتەکەی، گیاندارەکانی تریش هەریەکەیان چوون بەدەم کاری خۆیانەوە. بەهیوای ئەوەی ڕۆژی داهاتوو کۆببنەوەو گوێ بگرن لەوتەکانی بولبولو دەنگە خۆشە فریشتەییەکەیو سەیرکردنی دیمەنی جوانی کەمایەتی بەرزڕاگرتنو شکۆدارییە.

PDF4Kurd



**کەرەو شەوکوێر**

گیانلەبەرە چاکخوازەکان لەکاتی دیاریکراودا بەرەو گۆڕەپانی کۆبوونەوەکە کەوتنەڕێ لەوێ دیمەنێکی ناوازەی سەیریان بینی، بینیان هەموو باڵندەکان بەڕەنگو قەبارەو شێوەی جیاوازەوە بەسەر گەڵاوگوڵو درەختی میوەی بۆن خۆشدا بڵاوبوونەتەوەو بە چەندەها ئاواز دەخوێنن، ئاوازی بولبولو کۆترو پەپووسلێمانو قەلو چۆلەکە تەنانەت مریشکو نەعامەو کەڵەشێرو تاووسو قازو مراویش چووبوونە ڕیزی خۆپیشاندانو پێشانگای باڵندەکان.

هەموو گیانداران سەرسام بوونو گوێیان قیتو قوڵاغ کردبوو بۆلای دەنگەکانو ئەو ئاوازە خۆشانەی لە دەمی باڵندەکانەوە دەهات بەهاتنە پێشەوەی گیاندارەکان باڵندەکان پۆل پۆل بچووکو گەورە دەهاتنو بەخێرهاتنیان دەکردن.

گیاندارەکان جێگەی خۆیانیان گرت لەبەردەم ئەم پێشانگا جوانەوە ئەسپ هاتە پێش بۆ ئەوەی پرسیار لە بولبول بکات دەربارەی ئەم پێشانگا پڕشکۆیەو هۆکاری ئەم پێشوازییە بێ وێنەیە چییە؟

بولبول وتی: ئەم جۆرە لەبەخێرهاتن چەندەها هۆی هەیە. لەلایەك پەیوەندی بەباسەکەی منەوە هەیەو لەلایەکی تریش دانیشتنو کۆبوونەوەکان درێژەی کێشاوەو ئێمەی باڵندەش بەجوانی لەشو دەنگی خۆشمان کاتی خۆیەتی کە مێك پشوو دڵخۆشی بەئێوە بدەین، بەتایبەت لەوانەیە ئەم کۆبوونەوەیە کۆتا کۆبوونەوەی پیلانرێژی بێت پێش دەستکردن بە جێبەجێکردن.

کوندەپەپوو وتی: من بانگی خوشکە زەڕاقە دەکەم بەباڵا بەرزە ڕێكو جوانەکەیەوە زیاتر دیمەنەکە برازێنێتەوەو سەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکاتو لەپاڵ درەختی لیمۆکەوە بوەستێ تا نزیکی شوێنی بولبولەکەش بێت.

زەڕافەکە هاتە پێشو لە تەنیشت درەختی لیمۆکەوە وەستاو دەستی بەکۆبونەوەکە کردو وتی:

خوشکە بولبول تۆ دوێنێ لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئێمەت خستە خولیای شتێکی گرنگ لە یادمان کردوە لەڕیزبەندی کاروباری دۆڵو دورگەکەماندا باسمان نەکردووەو ئەگەر باسی نەکەینو لەبەرچاوی نەگرین هاوڵاتیان تەواو هۆشمەند نابنو لەچەواشەبوونو سەرلێشێوان ڕزگاریان نابێت. بۆیە تکامان وایە هەرچی زووترە ئەو کارە گرنگەمان بۆ ڕۆشن بکەیتەوە.

بولبول وتی: بەڵێ خوشکانو برایان، ئێمە لەڕابردوودا لەزۆرێك لەگەرۆكو گەشتیارەکانەوە هەواڵی وڵاتانی دوورمان بیستووە، وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەو وڵاتانەی شەبەنگی خوێنینی تێدا دروست دەبێتو رووناکی ئەستێرە لە پشتی هەوری ڕەشەوە ون دەبنو بازنەی ڕۆژی غەمگین تێیدا غەرقی دەریای تاریکی دەبێت.

ئەوەی دەربارەی ئەو وڵاتانەی بۆیان باسکردوین ئەوەیە چۆن ئەو وڵاتانە (بەڕاوێژکردن) گەشتوونەتە زۆرێك لەکارە گرنگو سەرکەوتووەکان (کۆمەڵایەتی، سیاسی) بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوکارە گرنگانەشدا هاوڵاتییەکانیان لەچەواشەکاری ڕزگاریان نەبووەو هەواڵیان پێ داوین هەموو یاساو دامەزراوەکان بوونەتە پەردەو فێڵبازانو گەندەڵکاران لەپشتییەوە ویستی گەل چەواشە دەکەنو بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێننو ئامانجە داگیرکاریوهەل پەرستییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکەن، ئەمانەش بەهۆی (سامانو پیلانەکانیان) دەسەڵاتیان

PDF4Kurd

بەسەر ڕاگەیاندنی دوورگەو وڵاتەکاندا گرتووە، هاوڵاتیان بەچاوی خاوەن بەرژەوەندیو باندو سەنتەرو دیراسەکان دەبینن‌و دەبیستن، ئەوان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە چۆن ئارەزوویکەن هاوڵاتیان بەکاردەهێنن.

لەژێر کاریگەری ڕاگەیاندنی پڕ چەواشەکاری و ڕۆژنامەو دەنگو کەناڵە ئاسمانییەکان‌و هەموو هۆکارە شادی بەخش‌و پشوودانەوە خەڵکی چەواشەو سەرگەردان دەکەن‌و ویستی گەل تەزویر دەکەن. هەر گەلەو ماندووەو بەدەستی ئازارەکانییەوە دەناڵێنێ‌و بۆ ڕزگاربوون‌و دەرچوون لەقەیرانەکان دەرگایەك شك نابەن، چونکە وا گومان دەبات کە خۆی پیاوانی بڕیارو دەسەڵاتی هەڵبژاردووە، لەبەرئەوە هەر بڕیارو پرۆژەیەك بدرێت و بکرێت هی خۆیەتی‌و لەوە چاکتریش نابێتو نییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو گەلە گاڵتە بە عەقڵی کراوەو غافڵگیرکراوە دەسەڵاتو بڕیاری تەسلیمی خاوەن بەرژەوەندی و گەندەڵکاران‌و پیلانگێڕان کردووە، ئەوانەی کە ڕاگەیاندن دەیانکاتە پاڵەوان‌و ڕەواج بەکاڵایان دەداتو لەهەمانکاتدا دەست دەخاتە بینی دڵسۆزان‌و چاکخوازان‌و بواریان لەسەر تەسك دەکاتەوە، بەم شێوەیە تەمومژ لەسەر بینایی گەل دروست دەکاتو هەڵبژاردن بە هەڵەدا دەبات.

ئەم ڕاگەیاندنە ئەی براو خوشکان: بووە بەکێشەی ئەو وڵاتانەی لە دەریای تاریکیدا نوقمبوون، چونکە ئەوەی بەدەستی ڕاستی پێشکەش کردووە لە دەستوورو یاساکانی سەربەستی‌و خۆشگوزەرانی بەدەستی چەپ دەیدزێتەوە ئاڵدەیی‌و کلۆڵی ئەوگەلە هەربەردەوامەو هەرچەندە ڕادەی کلۆڵیان کەمترە لەو وڵاتانەی کە هیچ لەم دەستوورو دامەزراوەو یاساو ڕێکخستنانەی نییە.

چونکە نەبوونی ئەوانە دەستی فێڵبازان‌و گەندەڵکاران‌و خراپەکاران بەرەڵا دەکاتو بێ چاودێری‌و لێ پێچانەوە هەرچیان بوویت ئەنجامی دەدەن.

خوشکان‌و برایان: بەبێ ڕاگەیاندنێکی ئازادی پاکی کارا گەل وەك ئەو کوڕەی لێ دێت دوو گوێی هەیەو پێیان نابیستێ بالە ناوشاییدا بێت یان‌وەك ئەو شەو کوێرەوایە دووچاوی هەیە، بەڵام لەبەر ئەو تاریکییەی ڕاگەیاندن دروستیکردو هیچ نابینێ. گەل لەبارودۆخی لەوشێوەیەدا ئەوپەندەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت: (کەڕەی شەربەت)و (کەڕەی ناو دەهۆڵ و زوڕنا) و (شەوکوێر لەشەودا).

لەبەر ئەمانەیە من ئەمەوێت سەرنجتان ڕاکێشم بۆلای گرنگی ڕاگەیاندن‌و گرنگی ڕۆژنامەو گۆڤارو دەنگو ڕەنگو گرنگی ئەم هۆکارانە لە دروستکردنی ڕای جەماوەر بەچاك یان بەخراپ، بێگومان ئێمە ڕاگەیاندنێك ڕەفز دەکەین کوێرو کەڕمان بکات.

لێرەدا بۆ پشتگیری لە قسەکانی بولبول گیانداران بەیەك دەنگو بەئاوازی باڵندەکان‌و دەنگی تەپڵی پێی کۆمەڵەی فیل‌و ئەسپەکان وتیان: ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن ویستی پۆڵاین لەڕاگەیاندنایە، چاکسازی بێ ڕاگەیاندن نابێت، نا بۆ کەڕی نا بۆ کوێری، کەڕی نا، کوێری نا، بەرەو پێش بەویستی خوا.

ئەسپ حیلاندی و داوای بێدەنگی لەگیاندارەکان کرد، داوای فرسەتی کرد بۆ بولبول تا زیاتر ڕاڤەی چۆنێتی مامەڵەی دوورگەکەیان لەگەڵ ڕاگەیاندندا بکات، تا ویستی گەل‌و هاوڵاتیان ساغ‌و سەلامەت بێتو پێگەیشتوو بێتو تەعبیر لە بەرژەوەندی میللەتو هەموو ڕۆڵەکانی گەل بکاتو ویستی گەل لە تەزویرو چەواشەکردن بپارێزێت.

بولبول وتی: بەڵێ هاوڕێیان، تەنها دروستکردنی دامەزراوەی فەرمانڕەوایەتی‌و دەسەڵات بەس نییە، بەڵکو دەبێت گەل دەرکی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات و بزانێت چ سیاسەتێك داوا کراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو

PDF4Kurd

بەرژەوەندییانە لەناوەوەو دەرەوە هۆشیاری تەواو هەموو بارودۆخەکان پەیدا بکات بەشێوەیەك بەهەموو تواناى بەرگری بکات لەگەیشتنی کەسی نەشیاو و خراپەکار و پیلانگێڕ و مزگەر بۆ شوێنی بڕیاردان کە هەمیشە بۆ ئەو شوێنە هەوڵدەدەن بگەنە مەرامی خۆیانو بەناوی گەلەوە هەموو ستەم و خراپەیەك ئەنجام دەدەن.

ئاسك هاواری کرد: خوشکە بولبول زیاتر روونی بکەرەوە، چۆن هۆشیاریمان بپارێزین؟ چۆن ڕاستی بەرژەوەندییەکان دەرك بکەین؟ چۆن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆمان دیارییکەین؟

بولبول وتی: چارەسەر لەوشتانەدایە کە لەمەوپێش لەسەری ڕێککەوتینو لەدروستکردنی دامەزراوەی ڕاگەیاندن کە گەل دروستی کردبێتو لە خزمەت گەلدا بێت وەك دامەزراوەکانی ڕاوێژکاری و فەرمانڕەوایەتی سەربەخۆ بێت و لەسەر بەخۆیی دامەزراوەکانی دادو بانگەواز فێرکردنو پەروەردە کەمتر نەبێـت، کەر زەڕاندیو وتی: بۆمان ڕوون بکەرەوە ئەمە چۆن دەبێت؟

بولبول وتی: من پێشنیاری ئەوە دەکەم چەند دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی کارا دروست بکرێتو لاوازو لەرزۆك نەبن. بەتواناو سەرنج ڕاکێش بێت هزریو ڕۆشنبیری مەدەنی بێـت، بەبودجەی گشتی کاربکاتو سەربەخۆ بێت، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆ هەڵبژاردەی گەل بێت، ڕاستییەکان بخاتە بەردەم گەل بەبێ کەمو کوڕیو پێچانەوەو بۆزیادکرن. لەژێر چاودێری گشتیدا بێتو ئەوانیش هەڵبژاردەی گەل بنو تواناو کاریگەری لە تواناو کاریگەری ڕاگەیاندنی بازرگانی ڕاگەیاندنی خاوەن بەرژەوەندییەکان کەمتر نەبێت، بەڵکو ئەو ڕاگەیاندنانەی تریش بخرێنە ژێر یاساکانی ڕاگەیاندنە گشتییەکانەوەو تەنها لەسەر جەماوەری یارمەتییەوە جیاوازیان هەبێو لەژێر ویستی گەلدابنو وەڵامی داوا و بەرژەوەندییەکانی گەل بدەنەوە.

ئەم ڕاگەیاندنەش بتوانێت سەرنجی گەل بۆلای خۆی ڕاکێشێت و هەرتاکێك یان هەر لایەنێك یان دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن بەپێی ویستی گشتی کارنەکات و بۆ بەرژەوەندی گشتی نەبێت تەمەنی کورت دەبێتو جەماوەر دەتوانێت لەشوێنی خۆی لابیەرێت، بەڵکو دەتوانێت تۆڵەیشی لێبکاتەوە ئەگەر کەم تەرخەمی یان ئەرکەکانی پشتگوێ بخات.

بولبول لەوتەکانیدا بەردەوام بوو وتی: بەم شێوەیە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پشتیوانی بۆگەل دەبێتو بەویستی جەماوەر دەبێت، هەروەها تواناو سامانو سەربەخۆیشی دەبێت، کە توانایەکی باشی جێبەجێکردنی هەبێت لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی میللەتدا بێ ئەوەی پێویستی بەپارەو پولی خاوەن بەرژەوەندییەکان هەبێت بۆ کاروبار بەرەو پێشبردنی، لەهەمان کاتدا لەدەسەلآت ناترسێتو سڵ ناکات.

کوندەپەپوو قیڕاندیو وتی: دەمت هەر خۆش بێت بولبول گیان بەڕاستی بیرۆکە ڕۆشنەکانت شادی بەهەموومان بەخشی بەئەندازەی دەنگی خۆشت. بەڕاستی هەرچیت وت دەربارەی ڕاگەیاندنو کارییگەرییەکانی لەسەر بیروڕای خەڵکی و ویستی گەل خالت لەسەر پیتەکان داناو پەردەی لەسەر ڕووی زۆرێك لەدامو دەزگاکانی خراپەکارانو دەلآلی و مزگەرەکان هەڵمالی. ئەوانەی لافی بەرژەوەندی گشتی لێدەدەنو لەڕاستیدا خەریکی تەزویرکردنی ویستی میللەتنو چەواشەی دەکەن، ئەوانە بەناڕاستەی پێچەوانەی وتەکانیان کاردەکەنو ڕەواج بە ئەرکە بۆشو هاوردەکان دەدەن بەقسەی لوسو شیرینکراو .

خوشکانو برایان، ئێمە ڕاگەیاندنێکی ڕاستی جەماوەری ڕاستەقینەمان دەوێت کە خاوەن دووگوێی وەك گوێی پشیلە بێتو خاوەن دووچاوی وەك چاوی باز بێت وەك سەگیش بەوەفاو پاسەوان بێت.

PDF4Kurd

سەگ خۆی‌و توتکەکانی قیت بوونەوەو توتکەکان بەدەوری باوکیاندا دەوەڕینو باوکیان کلکە لەقەی بوو لە خۆشی باسکردنی سیفەتە چاکەکانی سەگ لەبەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا.

گیانداران جارێکی تر بەباڵای بولبولدا شاباشیان وتو پیرۆزباییان لەیەکتر دەکرد بۆ هەموو بیروڕاو پیلانەکانیان کە تا ئێستە لە کۆبوونەوەکاندا بەرهەم هاتووە.

بەشداریکردنی هەموو ئەندامانو ڕاوێژکارکردنیان بەیەکترو ڕاگۆڕینەوەو سود وەرگرتنیان لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی دوورگەو دۆڵەکەیانو پارێزگاریکردن لەبیروباوەڕو بەها باڵاکانو کەلەپوورە بەنرخەکەیانو مێژووی پرشنگداریان. هەروەها لە پێناو خزمەتکردنی میللەتەکەیان بەوهەموو خێرو بیرەی خوا بەخشیویەتی بەدوورگەکەیان، مافی خۆیانە کاری دڵسۆزانەی داهینەرانە بکەن لە پێناو بەدیهێنانی ژیانێکی بەرێزانەی پڕ لە دادو خۆشگوزەرانی و ئاسایش‌و ئاشتی بۆ هەمووان. زەڕافە داوای بێ دەنگی لە هەمووان کرد بۆ گوێگرتن لە مراوی و ڕایگەیاند دوای وتەکانی مراوی کۆبوونەوەکە کۆتایی پێدەهێنن.

مراوی وتی: خوشکانو برایان من دەمەوێت لەدانیشتنی داهاتوودا شتێکی تازەتان بۆ باس بکەم و کارێکی زۆر گرنگیش نییە. من وەك دایکێك کاروباری دایکایەتی لەهەموو کارێك زیاتر گرنگی پێ دەدەم و هیوام وایە ئەم کارەش لەکارەسەرەکییەکانی بونیادنانەوەی کۆمەڵگاکەمان بێت.

گیانداران دەنگی ڕەزامەندییان بەرزکردەوەو دەستیان کردە سرتەو چپەکردن ئاخۆ ئەوباسەی مراوی چی بێت؟ چونکە ئەو دایکێکی بەسۆزەو بەدڵنایش ناوبانگی دەرکردووەو خۆشەویستی‌و پەروەردەیشی بۆ بێچووەکانی ناوازەیە. هەمیشە جۆگەو ئاوەکان بەدیمەنی جوانی خۆیان دەڕازێننەوەو مەلەی لەمسەر بۆ ئەوسەری تێدا دەکەنو دەنگیی پرشو بڵاوی دانەوێڵەو تۆو لەڕۆخی ئاوەکاندا بەلەنجەولار هەڵدەگرنەوە، وەك کەشتی چارۆکەدارن بەسەر ئاوی سازگاری شینەوە.

کوندەپەپوو بەرەو ئەشکەوتەکەی هەڵفڕی‌و باقی گیاندارەکانیش بڵاوەیان لێکردو هەموو تامەزرۆی ڕۆژی داهاتوو وتەکانی خوشکە مراوی بوون.

PDF4Kurd



**مەنجەڵی سەر سێپا**

هەروەك جارانی ڕابردوو لەژێر ڕۆشنایی بەرەبەیانو پێش ڕۆژ بوونەوەو خۆرهەڵهاتن هەموو گیانداره ئاشتیخوازەکان ئامادەبوونو کوندەپەپوو لەتەنیشت خوشکە مراوییەوە وەستاو داوای لەبزن کرد کەسەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات.

بزنەکە هاتە پیشەوەو داوای بێدەنگی لەئامادەبووان کرد تا کۆبوونەوەکە دەست پێبکاتو داوای لە مراویش کرد بفەرموێت وتەکانی دەستپێبکات.

مراوی وتی: ئێوە دەزانن هەموو کارێك تاتێرو تەسەل نەبێتو مەرجەکانی نەیەتەدی بەردەوامو ڕاوەستاو نابێت.

ئێمە هەموومان حەزمان لەحەڵوایە، حەڵواش لەناو مەنجەڵ و لەسەر ئاگر نەبێت دروست نابێت، مەنجەڵیش بەسەر ئاگرەوە تا سێپا یان سێ کوچکی نەبێت ناوەستێت. ئایا مەنجەڵتان بینیوە لەسەر ئاگر بوەستێ بەکەمتر لە سێپا؟ گیانلەبەرەکان لەوەڵامدا وتیان: نەخێر ، نەخێر مەنجەڵ لەسەر سێپا دەوەستێ.

مراوی وتی: ئایا سێ گۆشەی یەکلا یان دوولاتان بینیوە؟

هاواریان کرد: سێ گۆشە پێویستە سێ لای هەبێت.

مراوی وتی: بەڵێ خوشکان برایان سێگۆشە سێ لای هەیەو مەنجەڵیش پێویستی بە سێپایە، تا سێپایەکمان دەست بکەوێت حەڵوا دروست بکەینو بیخۆین.

ئەگەر مەنجەڵەکەمان بۆ دروستکردنی خواردن پێویستی بەسێپا هەبێت کۆمەڵگاکەشمان وەك مەنجەڵەکە پێویستی بەسێ کاری گرنگە لەبەرچاوی بگرین، بێ ئەوکارانە کاری ئێمە ڕاوەستاو نابێت ئێمە پێویستمان بەنەوەیەکی گەنجو لاوی ئاوەدانخواز هەیە، کە وڵاتەکەیان بونیات بنێنو هەرچی خێرو بێری وڵات هەیە هەمووی بخەنە کار و جوانی زیاتر بدەنە وڵاتو داهێنانی تێدا بکەن بەئەوپەڕی دڵسۆزیو لێبڕانو لێزانییەوە کاربکەن تا کۆمەڵگایەکی بەهێزی پڕ لە خۆشەویستی و داد و بەها باڵاکان دروستبکەن، واتای جوان بەژیان ببەخشن واتایەك جێگەی ڕەزامەندی بێتو چاوەکانی پێی ئارام بێت، واتای ساڵانی تەمەنی لەم ژیانەدا بهێنێتە دی.

خۆشەویستان، ئەم جۆرە لەگەنج جەوهەری پڕە لەویژدانو پەروەردەو بەهای باڵاو بنەما، ئەمانەش دەکرێت لەیەك دوو وشەدا کۆبکرێتەوە کە خاتوو کۆتر بەدرێژی بۆی باسکردین ئەو وشەیە (خێزانە).

خێزان یەکێکە لە سێپاو کۆڵەکەکەی کەسەلامەتی ڕەوشتو ئاکاری کۆمەڵگای لەسەر بەندەو سەلامەتی ڕۆڵەو تواناکانیان دەپارێزێت کە سەرچاوەی بونیاتنانی هەموو دامەزراوەو ڕێکخراو جۆری کارو کردەوەکانیانە.

هەرچەندە یەکێکە لە سێ کۆڵەکەکە، بەڵام گرنگترینیانە، چونکە جۆری منالو جۆری ویژدانیو جۆری ژیری و هەڵسوکەوتی منالّ بەگشتی خێزان دروستی دەکات، دایكو باوکیش بەتایبەتی، کەس ئەوەندەی خێزانو دایك و باوك کاریگەری لەسەر دەرونو ویژدانی مندالّ نییە، ئیتر کاریگەری خراپ یان چاك.

لەبەرئەوە پێویستە خێزان پەروەردەی دایك و باوك بۆ منالّ گرنگی پێ بدەینو جێگەی مەبەستمان بێت، چونکە هەر ئەوە جۆری کەسێتی تاکەکانو جۆری کۆمەڵگاکەمان دیاریدەکات، بەدیاریکردنی جۆری خێزانو جۆری ڕۆڵەکانمان ئایندەی میللەتەکەمان دیاریدەکەینو لەدەستی خۆماندایە، چونکە ئێمەی تاکەکان دایکانو باوکان، دروستکەری خێزانینو بەرهەم هێنەری جۆری گەنجو هاوڵاتین، ئەگەر میللەت لە دروستکردنی قەوارەی خۆیدا

PDF4Kurd

شکستی هێناو نەیتوانی ئامانجەکانی بەدەستبهێنێ، یەکەم بەرپرس لەم شکستییە خێزانەو ئەو ئەرکەش دەکەوێتە سەرشانی ئێمەی باوکان‌و دایکان‌و بیریاران‌و بانکخوازانی چاکسازییی.

دووەم پێی مەنجەڵەکە بریتییە لەرۆشنبیری فێرکردن کە تواناکان‌و بەهرەکانە، جۆری ژیری‌و زانراوەکانە، کە لە مێشکی منداڵ‌و گەنجەکاندا جێگیر دەبێت، هەربۆیەشە ڕێژەی ساغی و سەلامەتی عەقڵیەتو ڕۆشنبیری زانراوەکان دیاریدەکات، رۆشنبیری‌و فێرکردنە ڕێژەی سەلامەتی هۆکارەکانی بەکارهێنانی قۆناغەکانی بونیاتنانی هاوڵاتیان بەچاك‌و خراپ دیاریدەکات، چونکە ئەم قۆناغەو ئەوەی لەسەری بیناکراوە لەرۆشنبیری‌و فێرکردن‌و ڕاهێنان‌و بەهرەداری دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕادەی ئامادەیی لاوانی میللەتو نەوەکان لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان‌و بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتەکانی سەردەم.

ئەم رۆشنبیری‌و فێرکردن‌و تواناو بەهرانە دەکرێت لەوشەی (قوتابخانە، فێرگا)دا کۆبکرێتەوە. فێرگاو جۆرەکەی‌و ئەندازەی ئەو گرنگیدانەی کە کۆمەڵگە بەفێرگا دەیدات، بەو ئەندازەیە فێرگە دەبێتە زامنی جۆری ئەو نەوەیەی لێی دەردەچێتو فێرگە بڕی توانای نەوەکان دیاریدەکات بۆ بونیاتنان‌و بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان‌و سودوەرگرتنیان لە خێرو بێری‌و لانەکەیان‌و پێشخستنی، بەڕاستی فێرگەو هەموو دامەزراوەکانی رۆشنبیرکردن دەبنە گرنگترین پشتیوان بۆ خێزان‌و کۆمەڵگە لە دروستکردنە یەك لەدوایەکەکان.

ئەگەر دامەزراوەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرەو پێری گۆڕانکاری‌و پێشکەوتن نەچێ بێگومان بەپێری داواکاری و ویستی جەماوەرەکەیەوە دەچێت، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی خێزان‌و باوکان زۆر گرنگە بۆبەرەو پێشچوونی دەوڵەتو دامەزراوەکانی فێربوون‌و رۆشنبیری وبەرەو پێش چوونی تازەگەرایی‌و داهێنان.

کەواتە گرنگیدانی خێزان‌و هاوڵاتی بەپێشکەوتن‌و تازەگەرایی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پێشخستن‌و تازەکردنەوەو نەوەستانی ڕەوڕەوەی زەمانە لە ئاوەدانی‌و شارستانیدا.

پاشان پای سێیەم سێپاکە تا مەنجەڵەکەی لەسەر بوەستێ وخواردنەکە پێبگات و حەڵواکە بخۆین. گرنگی پای سێیەم لەوەدایە وەك چاوی بیناو گوێی بیسەرە، زانراویشە کە کوێرو چاوساغ‌و تاریکی‌و ڕووناکی یەکسان نین، ئەم پایە چاوو گوێی گەلەو لەو دەلاقانەوە بوونەوەر و کۆمەڵگا دەبینێ و بەپەیوەندی خۆی‌و هاوڵاتیان‌و جیهانی دەوروبەر ئاشنا دەبێت.

ئەو زانراوو لێکۆڵینەوەو بیروڕایانەی لەماوەی شەوو ڕۆژێکداو بەدرێژایی ژیانی‌و هەرلەو ناوەندەوە بینینی هاوڵاتیان دروست دەبێت هەر لەو ناوەندەوە بیروباوەڕ و بڕیارەکان سەرچاوە دەگرن.

ئەگەر چاوو گوێی کۆمەڵگا بیسەرو بینەر نەبێت ئەوا بێگومان کەڕو کوێر دەبێتو وڕێنە دەکاتو نازانێت چی دەڵێتو باش بەخراپ دەکاتو خراپیش بەباش دەکات، دەبێتە داردەستی ئەوانەی سەرگەردانی دەکەن‌و کاری خراپ و گەندەڵی لاخۆشەویست دەکەن.

ئەم سێیەم پێیە کە هۆیەکی وەستانی مەنجەڵی کۆمەڵگایەو لەسەر ئەم ئەساسە کۆمەڵگا پرۆژەکانی‌و جۆری بڕیارو پەیوەندییەکانی دیاری دەکات. ئەمانە هەمووی خوشکە بولبول بۆی باسکردین‌و هەموویشی لە وشەی (ڕاگەیاندن)دا کۆدەبێتەوە بەهەموو هۆکارەکانی ڕۆژنامەو ئێزگەو تەلەفزیۆن‌و تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکان.

بەڵێ خوشکان برایان (ڕاگەیاندن) پای سێیەمەو لەگەڵ خێزان‌و پەروەردەو فێرکردندا سێپاکە تەواو دەکەن. جۆری ڕاگەیاندنەکە جۆری بڕیارەکان‌و ڕادەی پێگەیشتووی‌و سەلامەتی بڕیارەکان دیاریدەکات.

PDF4Kurd

هاورێکانم، ڕاگەیاندنی چاك، چاوساغی کۆمەڵگەیەو بە ئەو بینادەکرێت و قیبلەنومای کەشتیەوانە لەدەریاکانداو هۆکاری سەلامەتی و ئاوەدانییە ئەگەر ڕاگەیاندێکی چاکساز هەبێت، هۆکاری گەندەڵیو کاولکاری دەبێت ئەگەر ڕاگەیاندنەکە چەواشەکاری بێت لەگەڵ ڕاگەیاندنێکی لەوشێوەیەدا تواناکانی کۆمەڵگەو کۆششی تاکەکانی بەزایە دەچێتو لەگەڵ ئەمانەشدا هەرچی سیاسەتو کۆششی هەیە لە گێجەنە دەردەچێتو سەرۆکاری کاروبار دەکەوێتە دەستی کەسی خیانەتکارو نەشیاو.

بۆیە پێویستە لە دەرسو وانەی مەنجەڵو سێپاکە بگەین تا خۆراکێکی خۆشی وەك حەڵوامان دەست دەکەوێت ئەگەر لەوە نەگەین مەنجەڵە لار دەبێتەوەو خۆراکەکەشی لەگەڵ لمو خۆڵدا تێکەڵ دەبێت.

کەواتە دەبێت زۆر گرنگی بەراگەیاندن بدەینو هەوڵی ساغو سەلامەتی بدەین لە چەپۆکی فێڵبازانو خراپەکارانو خاوەن بەرژەوەندیە تایبەتییەکان بیپارێزین، ئەوان نەتوانن ڕێڕەوی دیاری بکەنو لەوێشەوە ڕێنمایی کۆمەڵگە بکەن بۆ مەرامی خۆیانو تواناو بەهرەکانی کۆمەڵگە بەزایە ببەنو ژێرباری ستەمو خراپەی بکەن.

دەبێت پارێزەری ویستی گەل بین لەڕاگەیاندنی چەواشەکارانەی خاوەن بەرژەوەندییەکان، بۆ ویستی گەل دەلاقەی ڕاگەیاندنی بەتوانای سەربەخۆ دروست بکەین ئەو ڕاگەیاندنەی کە ڕێگەی گەل ڕووناك دەکاتەوەو پرۆژەو بڕیارەکانی دەپارێزێت لەتەزویر و گومراهی.

هاورێیان، بەبێ ڕاگەیاندنێکی ڕووناكو ڕووناکی بەخش هەوڵەکانی خێزانو قوتابخانە بەزایە دەچێت، چونکە کۆمەڵگە بەهەڵەدا دەبات و ڕاستی شتەکان نابینێت، ئەوکاتە بەئاڕاستەیەکی هەڵە بڕیارەکانیو پرۆژەکانی دەجولێنێت، سەرکردەو دامەزراوەکانیش بێ کەڵك دەبنو سەرەنجامیش خلیسکانو نەهامەتییەکان زۆر دەبن، گەلیش هەمیشە گلۆڵەی لە لێژی دا دەبێت. ئەم سێپایە کە مەنجەڵ بێ ئەمانە، لەسەر ئاگر ناوەستێو سێ لای سێگۆشەیەکنو سێگۆشەی دووڵاش نییە.

خوشکە مراوی کەمێك وەستا تا بوار بەئامادەبووان بدات ئەم وتانە لە مێشکیاندا جێگیر ببێتو بۆ ئەوەی کۆتا باسیشیان بۆ بکات.

بزن ناوپرێکی بەقسەو باسی ئامادەبووان کرد کەباسەکانیان پیاهەڵدانو سەرسامی خۆیان بوو بە وتە بەنرخەکانی مراوی .

بزن وتی: داوا لەبرایانو خوشکان دەکەم بێدەنگی ڕاگرن بۆئەوەی گوێبیستی هەموو باسەکانی خوشکە مراوی ببینو هەموومان تامەزرۆی قسەبەجێکانی ئەوین، دەکرێت ئەو باسانە وەك پەندو وانەی گرنگ لەقوڵایی بیرو هۆشماندا جێگیر ببێتو لەسەنتەری کۆششدا داینێین.

مراوی وتی: حەز دەکەم یادتان بخەمەوە کە سەقامگیریو توانای پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان هاوڵاتیانو ڕۆڵەکانی دورگەو دۆڵەکەمان تاکە ڕێگەیە بۆ خۆشگوزەرانیو ئاشتیو ئاسایشو سەروەری یاساو دادو سەلامەتی دامەزراوەکان.

لەبەرئەوەیە حەز دەکەم ئەرکی پەروەردەی ڕۆشنبیرییو ڕاگەیاندتان بیربخەمەوە. کە بریتییە لەوەی ڕۆڵەکانمان پەردوەردە بکەین لەسەر بنەمای برایەتی نێوان هەمووومان، وەك هاوڵاتی لەسەر ڕێزگرتن لە شەریعەتو قانونو، هەروەها پەروەردەیان بکەین لەسەر دەستگرتن بەهۆکارەکانی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی نێوانمانو دروست نییە بۆمانو قبوڵی ناکەین کەسێك یان کۆمەڵێك یان چینێك بەتەنها یاسای بەدەست بێتو هێزو توندی بەکار بهێنێ بۆ وەرگرتنی ئەوەی خۆی بەڕەوای دەزانێت بۆ خۆی، ئەگەر بەو شێوەیەی کرد ئەوا میللەت

PDF4Kurd

پشتیوانی لیٚ ناکاتو بەرە لەژیٚر پیٚی دەدریٚنیٚ و هیچ کەسیش یان هیچ کۆمەلیٚکیش تواناى بەرەنگاربوونەوەى میللەتی نییە ئەگەر میللەت ڕابەڕى ئەم ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیرى لادانی یەکترە بیٚ خویٚنڕیٚژى، ڕۆشنبیرى ئاشتیو ئاسایشەو هەریەم شیٚوەیە ڕۆشنبیرى توندوتیژى لەپەیوەندیەکانی نیٚوان ڕۆڵەکانی گەل لەڕیشە دەکیٚشریٚو ڕیٚزگرتن لەشەریعەتو یاسا جیٚگیر دەبیٚتو ڕۆڵەکانی گەل فیٚرى ئەوە دەبن هۆکارى ئاشتی بگرنە بەر لەکاتی بەرەنگاریونەوەى هەڵەو لادانەکاندا. بەڵام توندو تیژیو هیٚز تەنها بۆ بەرپەرچدانەوەى دوژمنکارى بەکاردەهیٚنن، ئەویش لەکاتیٚکدا هۆکارى ئاشتی سەرى نەگرت واتە بەناچارى پەناى بۆدەبەن.

ئیٚمە ئەگەر هۆکارەکانی فیٚرکردنو پەروەدەمان زانی بۆ چاندنی ڕۆشنبیرى ئاشتی لەویژدانی ڕۆڵەکانی گەلدا ئەوا توندوتیژى خۆى نامیٚنیٚتو هەموان پابەندى شەریعەتو یاسا دەبنو تیٚدەگەن توندوتیژى کەڵکی نییە بۆ هیچ لایەکو نرخی بەکارهیٚنانی هۆکارەکانی ئاشتیو مەدەنیو کاریگەریان بۆ بەرەو پیش چوونی ڕەوڕەوەى چاکسازى و کۆتاکردنی دەستی دەست دریٚژکارانو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵك بۆ پشتگیرى لەخاوەن مافو بانگخوازى چاکسازى، بەمجۆرە پەروەردەو ڕۆشنبیرییەو بەم جۆرە ڕاگەیاندنە کۆمەلگاکان سەقامگیر دەبنو ئاسایش بەرقەرار دەبیٚتو پیٚش دەکەویٚت.

خوشکان برایان: لەسەر ئیٚمەیە چاویٚك بەخۆماندا بگیٚڕینەوەو ئەوەى باسمان کردووەو پیلانمان بۆ دارِیٚژاوە تا لە بەندەکانی بەهرەمەند ببینو هەموویان بخەینە پلەى جیٚبەجیٚ کردنەوەو نەوەکانمان نمونەى زیندووى ئەو بنەمایانە بن، هەموو تواناکانی میللەتی خاوەن شارستانیو ئاوەدانخوازیو چاکساز بخاتە گەڕو پشوویەك بداتو هیٚزى گیانداری دڕندەکان لەسەرى لابچیٚتو کار لەسەر ئەوە بکات دادو ئاسایشو ئاشتیو خۆشگوزەرانی لەهەموو وڵاتدا فەراهەم بهیٚنیٚ.

بەم شیٚوەیە باسەکەى خۆم کۆتایی پیٚدەهیٚنمو خۆمو ئیٚوەش ئامۆژگارى دەکەم کە زۆر ئاگادارى ڕۆڵەکانمان بین باش پەروەردەیان بکەین، چونکە ئەوە پیرۆزترینو بەرزترین ئەرکی سەرشانی باوکانو دایکانەو هیواى سەرکەوتن بۆ هەموان دەخوازم.

پەپوسلیٚمانە بەسەر هەمومواندا فڕى و داواى لەبزن کرد کەمیٚك مۆڵەتی بداتو دیارە هەمووى بەقسەکانی مراوى خۆشحاڵنو کاتی تەواو بوونی کۆبوونەوەکەش هاتووە.

پەپوسلیٚمانە وتی:

خوشکم، زۆر خۆشحاڵ بووم بەتایبەت بە باسی مەنجەڵو سیٚپاکە، منیش هەروەك دەزانن شاعیریٚکی لیٚهاتووم و بیرم لەچەند وشەیەکی سادەو ساکار کردۆتەوە بۆ هۆنراوە دەشیٚت کە بیٚچوەکانمان بیلیٚنەوە، هۆنراوەکە دەربارەى مەنجەڵو سیٚپاکەیە بۆئەوەى لەبیرى کەلەپورى میللیماندا بیٚت گرنگی پەروەردەو فیٚرکردنو ڕاگەیاندن بچەسپیٚت.

هەندیٚ وشەى میللی منالاَنەى سادەم چرپاند بەگویٚی بولبولداو ئەویش ئاوازى بۆدائەنا و حەزدەکەم لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا دڵی بیٚچوەکانی پیٚ خۆش کەینو هەر لەم ڕووەوە دەستبکەین بە کۆشش بۆ بیناکردنەوەى وڵاتو گەڕانەوەى ڕیٚزو ئاشتیو ئاسایش بۆ وڵاتەکەمان.

خوشکە بزنو هەموو ئامادەبووان بە بیرۆکە سەیرەکەى کۆك بوونو بولبول هەستاو پەپوسلیٚمانیش هاوکارى کرد بۆ کۆکردنەوەى بیٚچوەکان، ئەوانەى لەکۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون، هەندیٚ چۆلەکەو کۆترو باڵندەى تریش

PDF4Kurd

ئاوازەکەیان دەچڕیووشەکانیان دەوتەوە. تا بێچوەکان لە دوایان بیڵێنەوە، خوێندنە جۆراو جۆرەکانی باڵدارەکان وەك مۆسیقایەك بوو لەگەڵ سرودەکەدا. دوای ئەوەی هەموویان ئامادەبوون بولبول لەبەردەم بێچوەکاندا وەستاو هەمووی بەیەکەوە دەستیان کرد بە ئاوازو سرود وتن وتیان:

ئەریٚ شەیداکەی پێغەمبەر

گوێم لیٚ بگرە چ دەڵێم

دەست بەتاڵ وسەرقاڵ نییە

هەرچی باش نەبیٚ سەرناگرێت

مەنجەڵیٚ بەسێپاوە

...... هتد

هەموو بەیەکدەنگ لەگەڵ بێچوەکاندا سرودی مەنجەڵ بەسێپاوەیان دەوت وچەپڵە لێدانو هوتاف کێشانەکەیان زۆر بەرزبوو، شادمان بوون بەو دیارییەی پێشکەش بەبێچوەکانیان کربوو. لەکۆتایی هەموو ڕاوێژکارییەکانیان دەربارەی کاروباری دۆڵەکەیان ئەو پیلانانەی دایانرێژرابوو بۆبیناکردنەوەو ئاوەدانکردنەوە بۆئەوەی هەرلەم ساتەوە دەست بکەن بە جێبەجێکردنی هەموو پیلانەکانو دورگەکەیان بینابکەنەوە. مەترسیەکانی سەر ژیانی خۆیانو زەویەکانیان دەرەویێتەوەو هەموویان هۆشیارو خاوەن زانیاری ڕوونو ئاشکران. هەموو خاڵە مەترسیدارەکان بەئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن بەرانبەریان، چۆن سەرکردەکان هەڵبژێرنو چۆن دامەزراوەکان بینابکەن، تا واتای ژیانیان بزانو چۆن دوژمن لەوڵات بەدەرنێنو ڕێزو مافەکانیان بەدەستبهێننەوە. تا کۆمەڵگاکەیان ببێتە کۆمەڵگای ئاشتیو دادو پڕ لە خزمەتگوزاری و ئاوەدانی بۆ هەموو تاکەکانی گەلو بیٚ هێز و لاواز پێش بەهێزو بچووك پێش گەورە.

لێرەدا کوندەپەپوو هەڵفڕی بۆ هێلانەکەی تابخەوێت. دوای ئەوەی داوای یارمەتی لە بولبول و زەڕافەکرد کە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێبهێنن. هەموو گیاندارەکانیش چەپڵەیان بۆ خوشکە کوندەپەپوو لێداو بەباڵایدا هەڵیان دەدا تا لەچاویان ونبوو. چونکە ئەو بوو لەسەرەتادا دەستپێشخەری بیری داهێنانی کردبوو، دەرگای چاکسازی و گۆڕانکاری و سەرکەوتن بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا واڵاکرد.

ئەو ئاستەنگانەی پێش ئەم کۆبوونەوانەوایان دەزانی کە هەرگیز ناتوانن سەرکەون بەسەریدا. ئا بەم شێوەیە بەگفتوگۆ و بیرکردنەوەو ڕاوێژکاری تێگەیشتن دەکرێت بەسەر هەموو گرفتو ئاستەنگەکانی دا سەرکەونو دەتوانن سەرلەنویٚ بینای دۆڵ و نۆژەنی دورگەکەیان بکەنو بیپارێزن بە خێری هەموو چاکخوازانو هەموو نەوەکانی دوای خۆیان.

PDF4Kurd

## کۆتایی

خوشکان برایان، بەم شێوەیە کۆتاییهات بەچیرۆکی دورگەی بیناسازان، ئەو چیرۆکەی لەسەر زمانی گیانداران باسی بەسەرهاتی سەرهەڵدانو پووکانەوەی میللەتو گەلان دەکات، باس لەوە دەکات چۆن یەکسانیو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادی بنەماکانی ڕاپەڕینو بوژانەوەنو ستەمکاریو دیکتاتۆری هۆکارن بۆ پارچە پارچەیی و دواکەوتوویی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیو هەموو دیاردەکانی لاوازی و هەژاریو پووکانەوە. ئەم چیرۆکە ڕێگاکانی پێشکەوتنو ئازادی و هێزو داهێنان لەچاکی پەروەردەو پارێزگاری لە خێزانداو چاوڕۆشنی دایكو باوکو هەروەها ساغو سەلامەتی لە بینینی کۆمەڵگا بۆ بیروباوەڕو بنەماو پرۆسەکانی سەلامەتی بەرنامەی بیرکردنەوەی. هەروەها ئەم چیرۆکە روونیدەکاتەوە کە بیناکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو زانستیو لێکۆڵینەوەو بانگەوازیو فێرکاری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی هەموویان گرنگ و پێویستن بۆ جێگیربوونی کۆمەڵگاو گەشەکردنو دەرخستنی تواناکان.

بێگومان ئەم چیرۆکە ئەوەیشی ڕوونکردۆتەوە کە هەموو شەش دامەزراوەکە بنچینە ژێرخانن و دەبێت هەبن بۆ پیشکەوتنو گەشەسەندنو داهێنان، هەروەها بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵیو تاکڕەوی، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە دروستکردنی ئەو دامەزراوانەو پارێزگاری کردنیان بکەینە ئامانجی خۆمان. لەژیانی خۆمانو گەلەکەمانو لە پێناوی بەرژەوەندی خۆمانو نەوەکانمانو لە پێناو ئاشتی مرۆڤایەتیو پیشکەوتنی شارستانیەت.

خوێنەری بەڕێز بەدوای ئەم چیرۆکەدا چیرۆکی گەنجینەی دورگەی بیناسازان دێت بەردەوام بوونو تەواوکاری ئەم چیرۆکەیە. ئامانجی ئەویش گفتوگۆکردنو لێکدانەوەی ئەوبنەماو بینشو چەمكو بەرنامانەی کەلەم چیرۆکەدا باسکراوە لەوێ دا زیاتر سروشتی ئەو بیرۆکەو بنەمایانە ڕووندەکاتەوەو واتای بینیشی گشتیو واتاو ئامانجەکانی هەروەك چۆن (ئیسلام) ئاینی ئیبراهیمی خواکردو کۆتا ئاین باسیکردووە. ئاینی ئاشتیو برایەتیو دادو ئازادی، تەنها ئەوەیە ئەگەر باش لێی تێبگەینو بینشو بنەماکانی لەژیریو دڵماندا بەرجەستە بێت.

بەئاکارێکی پەروەردەیی کە عەقیدەو بیر دەکاتە ریالیستو فاکتەرێکی کاریگەر لە ژیانو ڕەوشتو کارو کردارو لەدامەزراوە هزرییو زانستیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییەکانیشدا.

ئەگەر تۆش خوێنەری بەڕێز گەیشتوویتە تەمەنی دولناوەندی ئەوا ئێمەو پێم وابێ (بەیدەبا)ی داناش هەروا بڵێت کە خوێندنەوەی چیرۆکی (گەنجینەکانی دورگەی بیناسازان) زۆر پێویستە بۆ گەشەسەندنی ڕادەی هۆشیاری مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی موسوڵمان بەتایبەتی، هەروەها پەی بردن بەواتاکانی ئەو چەمکانەی کە چیرۆکی (دورگەی بیناسازان) لە خۆی گرتووەو سوود لێوەرگرتنی بەباشترین شێوە. بۆیە تکامان وایە هەموو سوربین لەسەر خوێندنەوەو موناقەشەکردنی پرسەکان لەگەڵ دۆستو هاوەڵەکاماندا بۆ زیادە سود لێوەرگرتنی، تا زیاتر باسەکە دەوڵەمەند بێت و هەمووی سودی لێببینێت.

لەگەڵ باشترین خۆزگەکانو پاکترین پاڕانەوە بۆ ژیانێکی ئاسودەو بەرهەمدار و درێژ بەویستی خوا.

PDF4Kurd

**ژیاننامەی نووسەر**

عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبوسلێمان، ساڵی (١٩٣٦ ز) لەشاری مەککە لەدایك بووە، سەرەتایی‌و دواناوەندی لە مەککە خوێندووەو کۆلیجی خوێندنی باڵای لە (زانستی ڕامیاری) لە زانکۆی (قاهیرە) ساڵی ١٩٦٣ تەواوکردووەو پلەی (دکتورا)ی لە (پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ) لە زانکۆی (بنسلفانیا ) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٣ زاینی بەدەستهێناوە.

سەرۆکی بەشی زانستە ڕامیاریەکانی زانکۆی سعودیە بوو، ئەمینداری گشتی و دامەزرێنەری (الندوة العالمية للشباب المسلم)ە لە ساڵەکانی ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٩و دامەزرێنەری بزووتنەوەی خوێندکاران بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانو کەنەدا.

بەڕێوەبەرو دامەزرێنەری زانکۆی ئیسلامیی جیهانی بووە لە مالیزیا لە ساڵەکانی (١٩٨٨ بۆ ١٩٩٩).

ئێستاش سەرۆکی پەیمانگای فکری ئیسلامییە (١٩٨١) ز.

لەبەرهەمەکانی:

١) نظرية الإسلام الإقتصادية.

٢) الفلسفةءالوسائل المعاصرة ١٩٦٠ م.

٣) نظرية العلاقات الدولية في الإسلام ١٩٧٣.

٤) أزمة العقل المسلم ١٩٨٦.

٥) ضرب المرءة وسيلة لحل الخلافات الزوجية ٢٠٠١.

٦) العنف وإدارة الصراع في الفكر الإسلامي ٢٠٠٢ن.

٧) الإنسان بين الشريعتين ٢٠٠٣.

٨) أزمة الإرادة والوجدان المسلم: البعد الغائب في مشروع إصلاح الأمة ٢٠٠٤ ز.

PDF4Kurd

## بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشك)

| زنجیرە | ناوی کتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر کەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەلامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەکەم" | جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەکەریم عەبدوڵلا |
| ٩ | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ١١ | مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیکرام کەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |

PDF4Kurd

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان<br>رامان و سەرنج و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |
| ١٦ | بیست و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| ١٨ | ئیسلام و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| ١٩ | سوپای ئەییوبیان لە سەروەدەمی سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| ٢١ | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| ٢٢ | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| ٢٣ | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| ٢٤ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت<br>"بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| ٢٥ | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پارەزانی |